


# گەڕان بە ناو ڕۆحی ئیدریس دا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێستامان

یادکردنەوەی ئیدریس بارزانی باسکردنی ڕابردوویەك نییە، بەڵکو گەڕانێکە لەناو ڕۆحدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێستامان، گەڕانە بەدوای ئیرادەیەکدا کە دەیتوانی لەکاتی پێویست بۆ نەهێشتنی شەڕ بڕیاری شەڕ بدات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرو مەترسییەکان بڕیاری یەکڕیزی بدات و گوتاری یەکگرتوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دروست بکات، کەواتە یادکردنەوەی ئیدریس ڕامانە لەگەڵ ڕۆح، دروستکردنەوەی ئومێدە لەناو نائومێدیدا، ڕۆچوونە بە قووڵایی دروستکردنی ئیرادە، لە ساتەوەختی بێ ئیرادەییدا، کەواتە ئەم ئاڕاستەیە بواری ئەوەمان پێنادات بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بپرسین ئیدریس چی کردووە؟ بەڵکو بەرەو ئەوەمان دەبات بپرسین ئیدریس چۆن دروست بووە؟ چۆن لەناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا ڕەفتار و شێوازی سیاسەتکردنی بوونەتە ئەو ڕێگەیەی کە دەبێت ئێستا لەسەری بڕۆین و هەنگاوی گورجتر بەرەو سەرفرازی هەڵبگرین.

ڕاستە ئیدریس پەروەردەی ڕێبازی بارزانی باوك بوو، لە هەمانکاتدا یاریدەدەرێکی نزیکیشی بووە، بەڵام ئیدریس قوتابییەکی سەرکەوتووی جێبەجێکردنی ئەو ڕێبازەش بووە، ئەو بەو جۆرە لە ڕێبازی بارزانی تێگەیشتبوو، بەوەی ئەم ڕێبازە ڕێبازی خەڵکییە، داواکاری خەڵك ئەرکە ودەبێت بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، ئەو لەبارزانی باوك فێربوو بوو کە بەرپرسیاریەتی یەکەمین ئەرکە، ئەویش گوێگرتنە، گوێگرتنیش بۆ ڕامان و بیرکردنەوەیە لەسەر ئەوەی چۆن خواستی خەڵك لە چوارچێوەی ئیمکانیەتی دیاریکراوی بەردەستدا، ڕێگەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خەڵك دەدۆزینەوەو چۆن بەهاوکاری لەگەڵ خەڵك و تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان ئەو داوایانە جێبەجێ دەکرێن، هەر بۆیە ئەم خەسڵەتە وای لە ئیدریس کردبوو، بەردەوام لەگەڵ خەڵك بێت و لەگەڵ خواست و داواکانیاندا بژی، ئەم بیرکردنەوەیە بەرەو ئەوەی بردبوو بەردەوام لەمانای بەرزی پێشمەرگایەتی وردبێتەوە و بیری لێ بکاتەوە، ئەمەش نەك تەنیا لەبەرەکانی شەڕو مقاوەمەتدا، بەڵکو لای ئەو مانای پێشمەرگایەتی لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبوو، ئەو هەوڵیدەدا لە هەموو بوارەکاندا بە گیانی پێشمەرگایەتی کارەکان ڕاپەڕێنرێن و خزمەتی خەڵك بکرێت، هەربۆیە بڕیاری بوون بە پێشمەرگەیی لەو خاڵەوە سەیردەکرد، بەوەی ئەم بڕیارە قبوڵکردنی مەرگە لە پێناوی ژیانێکی ئازادی و سەرفرازی، ئەو وای دەبینی بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی مەرگ مانای هەبێت و لەئامانجی ڕاستەقینەی سەرفیرازی نزیکمان بخاتەوە، ئەوا دەبێت لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا کە ئازادی و سەرفرازییە، هەموو لایەك بە جیاوازییەکانیەوە کۆببنەوەو لە چوارچێوەی ئامانجە هاوبەشە نیشتمانیەکەدا جیاوازییەکانی خۆمان بپارێزین، لای ئیدریس یەکڕیزی و یەکگرتوویی سڕینەوەی جیاوازییەکان یان کۆکردنەوەی هەمووان نەبووە لە ژێر چەتری یەك حزبدا، بەڵکو ڕایەڵێك بوو بۆ گرێدانەوەی جیاوازییەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکدا کە ناوی بەرەی کوردستانی بوو، ئەمەیە ئیدریس دەکاتە سیمبولی ئاشتی و یەکڕیزی نێومالّی کورد، ئەمەشە ئیدریس دەکاتە هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان.

کەواتە ئەوەی لە یادی ئیدریسدا باسی دەکەین، رابردوو نییە، بەڵکو ئێستایەکە هەنگاوی بۆ داهاتوو تێدا هەڵدەگرێن، ڕامانێکە ڕۆژی سەرفرازی تێدادەبینین، وێستگەیەکە دووبارە لەسەر خەسڵەت و کەسێتی و سادەیی ئەم مرۆڤە خاکییە هەڵوەستەمان پێدەکاتەوە، هەڵوەستەیەك نەك بۆ ئەوەی هەمان ڕەفتاری ئەو لەسەردەمێکی جیاوازدا دووبارە بکەینەوە، بەڵکو بە خوێندنەوەی ئیدریسیانە چۆن گوتاری ئێستامان دابڕێژینەوە، واتە دووبارە کارکردنەوەیە لەسەر ڕێبازی بارزانی بۆ ئەوەی بۆ ئێستا سوودی لێوەربگرینەوە نەك رابردوو دووبارە بکەینەوە، کەواتە ئەم ئاڕاستەیە بەرەو ئەوەمان دەباتەوەو ئەوکات کام پرسیار ڕامانی لای ئیدریس دروست دەکردو لەناو ڕێبازی بارزانی وەڵامەکەی دەدۆزییەوەو سەرکەوتووانە پراکتیزەی دەکردەوە، دەبێ ئێستا لە خۆمان بپرسین ئەگەر وەك ئیدریس بیربکەینەوە، ئایا کام پرسیار ڕامانمان لادروست دەکات و چۆن لەناو ڕێبازی بارزانیدا وەڵامەکەی دەدۆزینەوەو لە ژیانی ڕۆژانەماندا پیادەی دەکەینەوە؟ بۆ ئەوەی بۆ ئێستا نەك بۆ رابردوو ئەو ئیرادەیەمان بۆ دروستبکاتەوە لەساتەوەختی هەستیارو ناسکدا بڕیاری قورس بدەین، ئەو ئیرادەیە دروست بێتەوە کە لەپێناوی گەیشتن بە ڕۆژی سەرفرازی دووبارە مانای پێشمەرگە پێناسە بکاتەوە، ئیرادەیەك فێرمان بکات جیاوازییەکانمان بۆ دروستکردنی دیالۆگ و گەڕان بەدوای چارەسەری جیاوازییە، جیاوازییەکانمان بۆ کێبڕکێ و ئەنجامدانی کاری باشتر و باشترە، نەك بۆ لاوازکردنی یەکترییە، ئیرادەیەك کە بتوانێت بەسەر نەفەسی حزبایەتی زاڵ بێت لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە واقیع وەك خۆی بخوێنێتەوە، ئیرادەیەك دروست بێتەوە وەك ئەو ئیرادەیەی ئێستا لە سەرۆك بارزانیدا بەدی دەکرێت و لەناو کۆشکی سپییەوە بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت، گەلەکەم چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و هەر بڕیارێکیش بدات هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت، یادکردنەوەی ئیدریس هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای ئەو ئیرادەیەی کە بڕیاری قورس لە خزمەتکاریی میللەتدا دەبینێت، وەك ئەو ئیرادەیەی ئێستا لە حکومڕانی نێچیرڤان بارزانی دەیبینین کە هەموو هیوای ئەوەیە ژینگەیەکی سیاسی ئەوتۆ بێتە ئاراوە، کە هەمووان پێکەوە بتوانین کاربکەین و هاریکار و هەماهەنگ بین، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بتوانین لەم قۆناخە خزمەتکاری میللەتی خۆمان بکەین.

# حزبی سیاسی ئیسلامی و هەژموونی مەزهەبگەرایی

کاروان ئاکرەیی
مانگانە بۆ گوڵان دەنووسێت



لە دەسپێکدا وتەزایەکی خوازراو لە جوبران خەلیل جوبرانەوە بۆ ئەم بابەتە دەهێنمەوە، کاتێك وتبووی (قوڕبەسەر ئەو میللەتەی پڕی بووە لە مەزهەبگەرایی و تایەفەچێتی کەچی ئاینێکی پوخت و تۆکمەی یەکگرتووی تێدا نییە) ئەم وتەزا بەناوبانگەی جوبران زۆر سەرنجی ڕاکێشام، پێدەچێت لەسەر بارودۆخی لوبنان وتبێتی، بەڵام دەکرێت لەم بۆچوونەوە بەشێوەیەکی گشتگیرانەترو سەرلەنوێ ولەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی ئەم قسەیە تیۆرێزە بکرێتەوەو، پرانسیپی دامەزراندنی حزب و گرووپی ئیسلامی سیاسی هەڵوەستەیەکی دیکەی لەسەر بکرێت، پێشتریش لەدوتوێی دیدارێکدا کە گوڵان بۆی سازاندبوم، جەختم لەوە کردۆتەوە ئەگەر لە دیدگایەکی مێژوویی سیاسیی ئیسلامیەوە بڕوانین، دەبینین ئیسلامەتی لەروانگەی مەزهەبێکەوە پیادەکراوەو دەرخواردی خەڵك دراوەو پاساویشی بۆ هێنراوەتەوەو بۆتە بڕیارێکی سیاسی، هەربۆیە ئەم دوو لایەنە مەزهەبییە( سونەو شیعە ) هەریەکەیان لەروانگەی مەزهەبەکەیانەوە خۆیان بە بنەواگەل وخاوەن تێڕوانینی ئیسلامەتی زانیوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئیجتیهادی خۆیان خەڵکیان جۆشداوەو هانیانداون بۆ ئەوەی لایەنگیری لە تێڕوانینی ئیسلامەتی بکەن، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی لە بری ئەوەی خەڵك بە نەریتە فیقهییە باوەکان و بنەما گشتیەکانی ئیسلامەوە پابەند بن، کەچی بە بنەما تایبەتیەکانی مەزهەبێکەوە گیرۆدەن، کاتێکیش ئەم بابەتە بۆ سیاسەت تەرجەمە دەکرێتەوە، بە حوکمی ئەوەی ئەم حزبانە لە بنەڕەتدا حزبی سیاسین و پشت بە بنەمای ئایینی دەبەستن و، بۆ دارشتنەوەی بەرنامەی حزبەکەی خۆیان سوود لە دەقە ئاینیەکان وەردەگرن بۆ ئەوەی لە بیروباوەڕی گشتی خەڵکی نزیکی بخەنەوە، ئەوا لێرەدا پرسیارێك رووبەڕووی ئەو حزبە ئیسلامیە سیاسییانە دەبێتەوە: ئایا ئەمانە حزبی سیاسیی ئیسلامین یان حزبی سیاسیی مەزهەبێکن لەناو ئیسلامدا؟

خۆ ئەگەر ئەم حزبانە، حزبی سیاسیی سەر بە مەزهەبێکی دیاریکراوی ناو ئیسلام بن، کەواتە هەوڵی ئەم حزبانە بۆ ئەو مەبەستەیە خەڵکی لەتێڕوانینە مەزهەبیەکەی خۆیان نزیك بکەنەوەو لە پێناوی بەرژەوەندی سیاسییانەی خۆیاندا ملکەچیان بکەن، لەو حاڵەتەدا ناکرێت پێیان بوترێت حزبی ئیسلامی، بەڵکو پێویستە پێیان بگوترێت حزبی ئیسلامی مەزهەبیی شیعی لەبەرامبەریشدا حزبی ئیسلامی مەزهەبیی سونی، بە کورتی هەبوونی حزبی سیاسی ئیسلامی بەو مۆرکە مەزهەبگەراییەوە، دەبێتە فاکتەرێك بۆ لەتبوون و پەرتبوونی کۆمەڵگەی موسڵمانان.

هەر بۆیە ئەگەر لەروانگەی مێژووییەوە سەیری ئەم پەرتبوونە بکەین، لەوانەیە پێشتر کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە نەبوبێت، بەڵام

بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان و لەم فۆرمە تازەیەی حزبە ئیسلامیەکان خۆیان تێیدا پێچاوەتەوەو بازاڕی سیاسەتی پێ گەرم دەکەن، ئەگەر بێ لاکردنەوە بۆ پەرەسەندنەکانی ژیان، جارێکی دیکە ئەم حزبە ئیسلامیە مەزهەبیانە بدەبنەوە بەدرێژەپێدەری هەمان لەتبوون و پەرت بوون کە بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامەتیدا هاتووە، دەرئەنجام دیسانەوە دەبنەوە بە هەمان مایەی کارەسات و نەهامەتی بۆ سەرجەمی کۆمەڵی موسڵمانان.

لێرەوە پرانسیپی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت کە بنەمایەکی مێژوویی هەیە دەبێتە پێداویستی، کەچی هەتا ئێستا لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە پرانسیپێکی رۆژئاواییە و لەگەڵ کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا ناگونجێت، رەتدەکرێتەوەو، هەوڵ دەدەن بە بنەماو ئەحکامی ئیسلامی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەی موسڵماناندا پیادەی بکەن، پرسیارێك لێرەدا دەوروژێت ئەوەیە، ئایا ئەو بنەماو ئەحکامانەی ئیسلام وەك بنەمایەکی ئەخلاقی و پەروەردەیی و ڕۆحی و باوەڕداری هەمیشەیی پیادەدەکرێت کە ئاسوودەیی و دادپەروەری بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت؟ یان بنەماو ئەحکامەکانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی حزب، بەسیاسیی دەکرێت؟ ئەوا بێگومان لەلایەك ئەو بنەماو ئەحکامانەی ئیسلام بۆ بەرژوەندی حزبێکی سیاسی بەکاردەهێنرێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم حزبە سیاسیە ئیسلامیە، حزبێکی مەزهەبیە زیاتر لەوەی حزبیکی ئیسلامی بێت، راشکاوانەتر واتە لە جوغزی مەزهەبیەتدا سیاسەت دەکات و بەرنامە و پرۆگرامەکەی زیاتر خزمەتی لێکترازانی ڕیزی موسڵمانان دەکات نەك یەکگرتنی ڕیزەکانی موسڵمانان، کەواتە لەو چوارچێوەیە دێتە دەرەوە کە وەك ئەحکام و بنەمای دادپەروەرانەی ئیسلامی سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێتە کاڵا بۆ سیاسەت، ئەو سیاسەتەش کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، مۆرکێکی پەڕگیرانەو توندوتیژانەی بەخۆیەوە گرتووەو ئەو هەموو ئەم کوشت وکوشتارەشی ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامی هەیە ڕەوایەتی پێ دراوە، هۆکارە سەرەکیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تێڕوانینە مەزهەبگەراییە، حزبە ئیسلامیە مەزهەبگەراکانیش بوونەتە مقاشی دەستی توندوتیژییەك کە لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو جەمسەرگیری و سەنگەربەندیەکی توند لە نێوان لایەنە ئیسلامیەکانیش دروستبووە و ئەوەشی لەو سەنگەربەندییە زەرەرمەندبوو بێت تەنیاو تەنیا کۆمەڵگەی موسڵمانان خۆیانن، هەربۆنموونە ریکخراوی ئەلقاعیدە کە ئوسامە بن لادن سەرۆکایەتی دەکرد، لەتێروانینە مەزهەبیەکەی خۆیدا گەیشتۆتە لوتکەی توندوتیژی و رەوایی قڕکردنی مرۆڤ لەپێناوی تیڕوانینە مەزهەبیەکەی خۆی، ویرای هەموو ئەم توندوتیژیەش بەلام هەتا ئیستاش

من نازانم زانا و شەرعزانی ئیسلامی سونە مەزهەب چ ناوێکیان بۆ بن لادن داناوە، راشکاوانەتر ئایا لە ئەدەبیاتی ئایینی ئیسلامدا لای ئەو زانایانە لە چ خانەیەکدا دانراوە؟ بێگومان بێ باوەر نیە، هەروەها پیشیان نەگووتووە لادەرە، بەڵکو ئەوانیش پەنایان بۆ بەکارهینانی زارەوەیەکی سیاسی بردووەو گووتویانە کابرایەکی توندرەوە، دیارە وشەی توندرەویش لە قوتابخانە جیاجیاکانی فیکری سیاسیدا بۆ زۆر کەسی دیکەش بەکارهاتووە، بەڵام بۆ کەسێکی وەك بن لادن پێویست بوو زانایانی ئیسلامی سونە مەزهەب لە روانگەی ئایینیەوە پێناسەیەکی گونجاوی کاڵا بەقەد باڵای خۆی بەسەردا ببڕن، بۆ ئەوەی بە هەزاران هەزار گەنجی موسڵمان رێنمایی بکرێت کە پێشتر بەو ناوە ختوکەدراون، گرنگە ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە یان ئەوەتا بن لادن موسڵمانە، یاخود لە ئیسلامەتی لایداوە، بۆیە من وای دەبینم ئەم دووڵی و یەکلانەخستنەوەیە لای زانایانی ئیسلامی هەمیشە هەبووەو هەیە کە ئەو پێناسە گونجاوە بۆ بن لادن و کەسانی وەك ئەو ناکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جەمسەرگیری و سەنگەربەندیە مەزهەبیەی کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، لای شیعە مەزهەبێك یان لای گرووپە ئیسلامیەکانی سەر بە شیعەکان ئاسانترە، بڵێن بن لادن پیاوێکی بێ دینە یان لە ئەحکامی ئایینی لادەرە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەزهەبی شیعە دەیەوێت هەمیشە وای پیشان بدات کە ئەم توندوتیژییە لای سونە مەزهەبەکانەوەیە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا حزبی ئیسلامی کە لە بنەڕەتدا هەر بەناو ئیسلامیە لەبەر ئەوەی مەزهەبچین ؟ ئایا بۆ ئەمڕۆی وڵاتانی موسڵمان و تەنانەت لە کوردستانیش هەر وایە؟ ئایا دەتوانن لەڕوانگەیەکی گشتگیری ئیسلامیەوە سەیری کۆمەڵگە بکەن و تێڕوانینی سیاسیی خۆیشیان لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژنەوە؟ پێموایە لەدوای دارمانی بزاڤی نەتەوەخوازی عەرەب و ئەو ئاکامە دژوارەی کە پێی گەیشت، خەڵکەکە هەمووی لە بازنەیەکدا دەخولێتەوەو بەدوای ئەلتەرناتیفێکی فیکری فەلسەفیدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بیکەنە بنەمای حکومڕانی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئێستا حزبە ئیسلامیەکان(سونە مەزهەبەکان) لە حاڵەتی رابوونێکی بە تەوژمدان، بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکانیان لە تێڕوانینی تەسکی مەزهەبی خۆیانەوە سەیری پێکهاتەی کۆمەڵگەکانیان دەکەن و لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەڤەرەکەش هەمان تێڕوانینی مەزهەبییان هەیە بۆ کۆی هاوکێشەی سیاسیی و ململانێکانی ناوچەکە، ئەنجام ئەو سەنگەربەندییەی ئێستایان لەناوخۆی وڵات و لەبەرامبەرمەزهەبەکەی دیکە یان لە بەرانبەر پێکهاتەکانی دیکە دروست کردووە، بەهەمان شێوەش لەسەر ئاستی دەڤەرەکەش سەنگەرێکی مەزهەبیان لە یەکتر گرتووە،

**عەلەوی مەزهەب تەوژمێکن دەبێ حیسابی وردیان بۆ بکرێت و سیاسەت دوور لەوە نەخوێنرێتەوە، تەوژمێکی عەلەوی مەزهەب نەک هەر لەکوردستان بەڵکو لە تورکیاش بەگشتی بوونی هەیەو لەوانەشە لە ئاییندەدا ببێتە جێگەی پرسیارو کاریگەری بۆ دۆزی نەتەوەیی کوردی دروست بکات**

**ئەگەر کورد ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەییەی خۆی لە هەر چوار وڵاتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەپارێزێت و بخزێتە نێو سەنگەربەندیی توندی مەزهەبییەوە پریشکی گەورەی ئەم ململانێ مەزهەبییەی ناوچەکەی بەردەکەوێت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە تائێستا کورد توانیویەتی دەست بەو تایبەتمەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیانەی خۆیەوە بگرێت**

**ئەو حزبانەی سونە مەزهەبن و چ ئەوانەشی شیعە مەزهەبن، هاوشێوەی یەکتر موسڵمانان بەکاردەهێنن بۆ زیاتر پتەوکردنی پێگەی مەزهەبییانەی خۆیان لە دنیای سیاسەتدا، سیاسەتەکەشیان بۆ باشترکردنی گوزەران و پیادەکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا نییە، بەڵکو بۆ زیادکردنی ئەو لرفەو شەپۆلی خوێنرژانەی رووباری ململانێی مەزهەبگەراییە**

**ئەو شکستەی گوتاری قەومی عەرەبی بەسەری هات و نەیتوانی جۆرێک لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین بکات، ئێستا بە سیمایەکی ئایینیەوە ئەو رابوونە ئیسلامیە بانگێشە بۆ ئەوە دەکات، کە دادپەروەریی فەراهەم دەکات، بەڵام پێشبینی پێچەوانەکەی دەکرێت**

بۆیە ئەو شکستەی گوتاری قەومی عەرەبی بەسەری هات و نەیتوانی جۆرێك لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین بکات، ئێستا بە سیمایەکی ئایینیەوە ئەو رابوونە ئیسلامیە بانگێشە بۆ ئەوە دەکات، کە دادپەروەریی فەراهەم دەکات، بەڵام پێشبینی پێچەوانەکەی دەکرێت، لەبەر ئەوەی چ ئەو حزبانەی سونە مەزهەبن و چ ئەوحزبانەشی کە شیعە مەزهەبن، هاوشێوەی یەکتر موسڵمانان بەکاردەهێنن بۆ زیاتر پتەوکردنی پێگەی مەزهەبییانەی خۆیان لە دنیای سیاسەتدا، سیاسەتەکەشیان رەنگدانەوەی ئەم سەنگەربەندی و دابەشبوونەیە نەك بۆ باشترکردنی گوزەران و پیادەکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەی موسڵمانەکاندا، بەڵکو بۆ زیادکردنی ئەو لرفەو شەپۆلی خوێنڕژانەی ڕووباری ململانێی مەزهەبگەراییە، ئەم ئاڕاستەیە بەرەو دیالۆگێکی ئەوتۆمان دەبات کە بڵێین حزبی ئیسلامی هەر دەبێت بەخۆیان ناوی حزبی مەزهەبی سونە یان حزبی مەزهەبی شیعە لەخۆیان بنێن، یان ئەوەتا ئەم حزبە ئیسلامیانە دەبنە حزبی زیاتر قووڵکردنەوەی برین و ئەو ململانێ مێژووییەی لەناو کۆمەڵگەی موسڵمان هەبووەو، هەروەها بەکارهێنانی هەموو وزەو تواناو باوەڕی موسڵمانان لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆیاندا.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بارودۆخی سیاسی عێراق بکەین، ئاشکرایە کە حزبی شیعەمەزهەب هەیە ناوی لەخۆی ناوە حزبی ئیسلامی و حزبی سونەمەزهەبیش هەیە ناوی لەخۆی ناوە حزبی ئیسلامی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم حزبانە هەردوولایان ئیسلامین، ئایا ناکۆکییە سیاسیەکانیان چین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە پارێزگا سونەنشینەکانی عێراقدا بەڕێوەدەچن، ئەگەر سەیربکەین دەبینین ویرای ئەوەی سونە مەزهەبەکان پەراوێزخران و مافیان پێشێلکراوە و وەك پێویست خزمەتگوزارییان بۆ دابین نەکراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەستدەکرێت هۆکاری سەرەکی ئەم خۆپیشاندانانە بەرەنجامی هۆشیاربوونەوەی هاوڵاتیان نییە کە وەك هاووڵاتی ڕابووبن و وریا بووبنەوە بەوەی مافەکانیان پێشێلکراوە، خۆ ئەگەر لەم بنەمایەوە سەرچاوەی بگرتایە، جێگەی دڵخۆشی بوو، بەڵام بەداخەوە تەوژمێکی مەزهەبییە دژ بە هەژموونی مەزهەبەکەی دیکە کە لەبەغدا دەسەڵاتدارە، هەربۆیە ناتوانرێت لە تێڕوانینی پێشلکردنی مافی هاووڵاتیبوونەوە وەك خۆپیشاندانەکانی تونس سەیر بکرێت، بەڵکو زیاتر هۆکارە مەزهەبگەرییەکە لەپشت هاندانی ئەم خەڵکەوەیە، نەك نەبوون و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیبوون، بەرامبەرەکەشی بەدیدی مەزهەبی خۆیەوە سەیری ئەو خەڵکانە دەکات کە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندان دەکەن، هەربۆیەش ناکرێت ئەم کێشەیە بە تێڕوانینێکی کلاسیکی پێوەندی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات چارەسەر بکرێت، بەڵکو دەبێت پرسیار لەوە بکرێت ئەم سەنگەربەندیە مەزهەبیە توندتۆڵە چەقبەستووەی ئێستا بوونی هەیە، ئایا عیراق بەرەو کوێ دەبات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك لەچەند بۆنەی دیکەشدا ئاماژەم پێکردووە، عیراق بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕوات، هەر وەك چۆن لەسەردەمی دیکتاتۆری پێشوودا مەزهەبی سونە زاڵبووەو حکومڕانی لەدەستی دیکتاتۆریدا بووە بۆ سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی شیعە مەزهەبەکان، بۆیە ئێستا عیراق بەرەو ئەوە هەنگاوە هەڵدەنێتەوە، ئێستا شیعە مەزهەبەکان لە دەسەڵاتن و تواناکانی دەوڵەتیان لەبەر دەستەو سونە مەزهەبیان پەراوێز خستووە، بۆیە کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەکرێت؟ لەوەڵامدا دەکرێت بڵێین ئەگەر بۆ هۆکارە سەرەکیەکە بگەڕێینەوە، ئەوا چارەنووسی ئەم کێشەیە بەرەو لێکترازان و لێك دووركەوتنەوەی زیاتریش دەچێت. سەبارەت بە باردۆخی ئیستای سوریاش دیسان ئەو باردۆخەی ئالۆزەی لەسوریا هەیە لەچوارچێوەی ئەم سەنگەربەندیە مەزهەبیەدایە.

بەڵام ئاخۆ کورد لەنێو ئەم دوو بەرداشەدا دەگاتە کوێ؟ گومانی تێدانییە، ئەگەر کورد ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەییەی خۆی لە هەر چوار وڵاتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەپارێزێت پریشکی گەورەی ئەم ململانێ مەزهەبیەی بەردەکەوێت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە تائێستا کورد توانیویەتی دەست بەو تایبەتمەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیانەی خۆیەوە بگرێت و،نەخزێتە نێو ئەم سەنگەربەندییە توندە مەزهەبیەوە، بەڵام کارێکی ئاسان نییە کورد لەنێو ئەم ململانێ مەزهەبیە توندەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە کاریگەری لەسەر نەکەوێت، لەبەر ئەوەی لێرەش حزبی سیاسی ئیسلامی مەزهەبی هەیە و ئەوانیش هەر لەچوارچیوەی ئەم سەنگەربەندییە مەزهەبیەدان، بۆیە لەوانەیە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش جۆریك لە لەتبوونی تێك بکەویت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەکی کورد لە سەنگەربەندی مەزهەبی نێوان شیعەو سونە، واتە پاشەکشەکردنی دۆزە نەتەوایەتیەکەی و شێواندنی خەسڵەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە، بەڵام ئەگەر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بەشێوەیەکی تایبەتیتر سەیری بکەین، دەبینین عەلەوی مەزهەب تەوژمێکن دەبێ حیسابی وردیان بۆ بکرێت و سیاسەت دوور لەوە نەخوێنرێتەوە، بەڵکو پێویستە لایەنە مەزهەبیەکەشی لەبەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی تەوژمێکی عەلەوی مەزهەب نەك هەر لەکوردستان بەڵکو لە تورکیاش بەگشتی بوونی هەیەو لەوانەشە لە ئایندەدا ببێتە جێگەی پرسیارو کاریگەری بۆ دۆزی نەتەوەیی کوردی دروست بکات.

# ململانێی مەزهەبی دیاردەیەکی خەتەرناکە



دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بە گوڵانی نووسیوە

عیراقی ماندووی دوێنێ، ئەمڕۆ بەگێژاوێکی خەتەرناکدا گوزەر دەکات، قەیرانی ئەو جارە جیاوازە، چونکە پێناسەکەی لەشارستانیەتی ئەم چەرخەدا نییە و چارەسەریشی بەدەست کەسانێکە سەدەها ساڵە مردون، بەڵام قەت و قەتیش نەیان ویستووە ئەم کەلتورە بەناوی پیرۆزی ئەوان زیندوو بکرێتەوەو سەقامگیری وڵات تێکبدات و کۆمەڵگە بشێوێنی، دیارە، مەبەستم لێرە تەقینەوەی فیتنەی تایەفەگەرییە لەعیراق کە هیچ لایەکیان تێیدا سوودمەند نین.

مەزهەبەکان لەئیسلامدا، سوننەو شیعەش لەگەڵدا، نیشانەی ئازادی بیروڕا بوون، نەوەك لێکترازان و پێکدادان، ژینگە ڕاستەقینەکەی، حوجرەو مزگەوت و حەوزەی زانستەکانی ئایینی بووە، نەوەك بارەگای حزبە سیاسیەکان کە لاریان نییە، بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتیان، هەموو پیرۆزییەکانی ئایین هەراج بکەن و کردویانە، ناکرێ جەماوەری بێ ئاگا لە بیروڕای مەزهەبی تێکەڵاوی ئەم ململانێیانە بکرێن، یا خۆ عاتیفەی دینییان گڕبدەن و لە توندوتیژی ئەم ململانێیە خەتەرناکە تێوەر بدەن.

بۆیە وتومەو دەیڵێمەوە هەر کاتێك ململانێی مەزهەبی لە مزگەوت و حوجرەو حەوزە و حوسەینیەکان هاتە دەرەوە، چووە ناو جەماوەرەوە، بەو مانایەی لە عەقڵ و هۆش، کەشوێنی خۆیەتی، چووە ژێر کاریگەری عاتیفەی بێ هۆش، کارەساتێکی، وڵات تەزێنی لێدەکەویتەوە، راستە مانگ لەچواردەیدا پێویستی بە ئەنگوست راکێشان نییە، گۆڕەپانەکانی پاکستان و ئەفغانستان وعیراق بەڵگەی ئەم کارەساتەن. هەروەها دەرهاوێژی بە سیاسەت کردنی دینی ئیسلام، دوور لە قودسیەتە رۆحییەکەی و رەوشتە نایابەکەی، هەروەها مەعریفەتە پڕ بەبەهایەکەی، تەنیاو تەنیا ماڵوێرانی و نەهامەتیە لە هەمەولایەکەوە، میسر و ئێرانیش بەڵگەی ئاشکراو حاشا لێنەکراوی ئەم نەهامەتیەن.

ئەو کومەڵگایانەی هەست بە لێپرساوی مێژوویی دەکەن، سەقامگیری وڵاتیان مەبەستە، هەرگیز دەرخوونەی شووشەی پڕ لەدووپشك هەڵنادەنەوە، بچێتە نێو باغەڵیان، پێیانە وەدات، عەرەب دەڵێن، نەفرەت لەو کەسەی فیتنەی خەو لێکەوتوو، ئاگادار دەکاتەوە، کوردیش نەفرەت لەوانە دەکەن، کای کۆن بە با دەکەن، بۆهەمان مەبەست، بەڵام بەداخەوە پێوەری وڵاتانی بەناو ئیسلام، شتێکی ترە، بۆیە ئەم هەموو دوپشکە پێمانەوە دەدات و کای کۆنیشمان بەسەردا دەکەن.

دووپرسیار لێرەدا دروست دەبێ، یەکەم، بۆ ئەو فیتنەیەیان بە ئاگا هێناوە؟ دووەم، چۆن؟

لە بڕگەی پێشوو وەڵامەکەی یەکەم بە دیار دەکەوێ، بەڵام بۆ زیاتر روون کردنەوە دەڵێم:

لە پرینسیپەکانی لۆجیکە «دوو موقەدیمەی ساغ دەرەنجامی ناچاری ساغی هەیە» کە پێی دەڵێن «قیاس» ئەو لۆجیکە دەسەلمێنێ، ئەگەر ململانێی تائیفەگەری کەوتە بواری سیاسی، بەناچاری سەر دەدات لەوپەڕی توندوتیژی بۆ خنکاندن و لە ناو بردنی بەرامبەری، برینەکەیان زۆر لە جۆرەکانی تر لە ململانێ قووڵترە، بۆیە زانایان و پسپۆرانی سیاسەت وتویانە «چارەسەری ئەو ململانێیانەی وەسفی دینییان هەیە وەك مەحاڵ وایە».

دیارە، چونکە سیاسەت کۆمپرۆماییزە، ناوبژییە، دان و وەرگرتنە، دەگۆڕێ و چەقینی نییە، هەرگیز سیاسەت لەسەر بنەمای باوەڕ و ئیمان، بەم ڕەهاییە، لەگەڵ شارستانییەتدا ناگونجێ. بۆیە لەگەڵ ئەم هەموو سیاسەتە واقیعبینانەی مورسی میسر، نەیتوانی قەناعەت بە قیبتیەکان و نوێخوازەکان بکات، بە ئەزهەریشەوە کە قەڵای هزری ئیسلامییە.

پرسیاری دووەم لەبابەت چییان کرد بەئاگاهاتن؟

ئەگەر لۆجیك وەڵامی پرسیاری یەکەمی دابێتەوە، یاسایەکی زانستی وەڵامی پرسیاری دووەم دەداتەوە، کە دەڵێت «پاڵەپەستۆ و زۆر لێکردن تەقینەوە دروست دەکات» لیژنەکەی شەهرستانی کەدەیانەوێت بەپەلە ئاسەوارو شوێنەواری تاوانەکانیان بشارنەوە، یاخود لە پێش چاو لابچن ئەمە دەسەلمێنن، دیارە زۆر کاری قێزەونیان کردووە لە دژی تایفەکەی تر، تاگەیشتە جەرگیان و مەردایەتییان، بەناچاری تەقینەوە، بەیەك جار، هەر چ هۆیەك یا فاکتەرێك هەیە بۆ گڕدانی عاتیفەی بەرهەڵستی، ئاگری گرت، مەلایەکان بەدەردی مزگەوت و وەقفەکانیان، سووکایەتی پێکردنیان، کە پێشتر نازداری مەیدانەکە بوون، ئەوەی دەیکەن هەر ئەوان دەزانن چ دەکەن، برینی پڕ ئێشیان کولاوەتەوە، بەداخەوە، حکومەتی شیعە ئینساف و ڕێز لێنانیان نەجوولاوە، چونکە بێلایەن نەبوو، سەرۆکی هۆز و عەشایەرەکان شەرمەزاری عەگالەکەیان بوون، کە سومبلی مەردایەتیە، سوکایەتی بە خانمەکانیان بکرێ و بەو گۆتە گۆتەی هەیە رازی بن و ئەوها وەکو هەیە لەشارەکانی سوننە نەتەقنەوە!!


پێش روخانی رژێمی سەدام، بەمەزەندەم ساڵی ٢٠٠٠ شیعەکانی لەندەن، زۆریان لەوانەن ئێستا حوکمدارن، جاڕنامەیەکیان نووسی، بۆنی ئەورۆی لێدەهات، تەنیا من وەکو دۆستێکی شیعە ڕەخنەیەکی بابەتیانەم لێگرت، رۆژنامەی زەمانی سەعەد بەزاز بڵاوی کردەوە لە ژێر ناوونیشانی «جاڕنامەی شیعەی عیراق لە نێوان ئینساف و نکۆڵیدا» تێیدا بەڕاشکاوی وتومە: ئەم زەمانە زەمانی دیالۆگ و تێگەیشتنە لەنێوان ئەوانەی جیاوازییان هەیە، مەزهەب، دین، نەتەوایەتی. کار کردن بۆسڕینەوەی بەرامبەرت کاتی نەماوەو بەسەرچووە. تاچەند تەشییوع ڕەگی داکوتاوە لەم عیراقە کە مەنزڵگەی خۆیەتی، بەهەمان شێوەو ئەندازە مەزهەبەکانی سوننە لە عیراق دامەزراوە، پێکەوە ژیاون، بێ ئەوەی کەمایەتی لایەك، یا زۆری لایەکی تر، کاریگەری هەبوو بێت.

### ئێمەی کورد چ بکەین؟

بە هیچ جۆرێك ناکرێت کورد، بێلایەنی خۆی لە ململانێی تایفەگەری پێشێل بکات، بەڵام ناکرێ دەنگی بەرز بێت کە پرەنسیپە دەستوورییەکانی پێوەندییان هەیە بە هەرێم پێشێل دەکرێ و بێ دەنگ بێت لە کاتێکدا کە پرەنسیپە دەستوورییە پێشێلکراوەکە پێوەندی بە پێکهاتەیەکی تر بێت، دەبڵ پێوەر شەرمەزارییە جگە لەمە ئێمە کوردین و کوردستانین، بۆیەش کەمتەر خەمییان دژی ئێمە نەکردووە..

* سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی - هەولێر

# بودجەی گەڵاڵەکراوی ٢٠١٣ی کوردستان لەنێوان باش و خراپدا



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کە ئەم دێڕانە دەنووسم، هێشتا پەرلەمان، بودجەی گەڵاڵەکراوی ساڵی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستانی پەسند نەکردووە، تا ئێستا وێڕای ئەوەی کە لەناو هەر (١٩) لیژنە هەمیشەییەکەی پەرلەماندا، قسەو باسێکی زۆری لەسەر کراوە، لەناو هۆڵی پەرلەمانیشدا، دەوروبەری (٩٠) پەرلەمانتار لە ماوەی (٥) رۆژ دا، سەرنج و تێبینیی خۆیان دەربڕیوە. دەرفەتی قسەکردن بۆ هەر پەرلەمانتارێك کراوە بووە. پەرلەمەنتار هەبووە، نزیکەی (٥٨) دەقیقە قسەی کردووە. کەناڵەکانی میدیا، بەتایبەتی کەناڵی پەرلەمانی کوردستان، وەك بەشێك لە شەفافیەت و زانیاریی بە خەڵك دان، دەقی وتووێژەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵك گواستەوە و خەڵکیش دەتوانن بەپشتبەستن بە تەجرەبەی خۆیان، دادوەری بکەن کە داخوا تا چەند، نەك بودجەی ئەمساڵ، بەڵکە بودجەی ساڵانی پێشووتریش، بەتایبەتی لە ٢٠٠٩-ەوە تا ئێستا، خزمەتی بەوان کردووە؟ داخوا گوزەرانی ئەوانی پێ خۆش بووە، چ راستەوخۆ چ ناراستەوخۆ؟ داخوا رێژەی بێکاری و هەژاری و نەداری لە کوردستاندا کەم بۆتەوە لە چاو ساڵانی پێشوو بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق و دەوروبەر؟ داتاو زانیارییەکان وەڵامێکمان دەدەنەوە.

بڕیارە پەرلەمان، رۆژی سێشەممە دەست بە کۆبوونەوەکانی بکاتەوە. ئەمجارە دەرفەت بە هەردوو وەزیری دارایی و پلاندانان دەدرێت، بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەمەڕ ئەو پرسانەی لەناو هۆڵی پەرلەمان وروژێنران دەربڕن و، سیاسەت و بەرنامەی ئەمساڵی حکوومەت بۆ پەرلەمانتاران و بۆ خەڵك روونتر بکەنەوە.

هەروا وێنەکە، راست دەرناچێ ئەگەر نەگوترێ ئەمساڵ:

یەکەم: حکوومەت هەم پێش وادەی خۆی، لە ٢٣ی ٢٠١٢/١٢-ەوە، بودجەی گەڵاڵەکراوی ساڵی ٢٠١٣ی بۆ پەرلەمان ناردووە.

دووەم: هاوکات، راپۆرتی ئەمساڵەی حکوومەت، رێکوپێکتر و پڕ داتاو زانیاری و نەخشە بووە، ئەوەش تا رادەیەکی باش هاوکار بووە کە ئێمەی پەرلەمانتاران بەرچاومان روونتر بێ و بە دیقەتتر قسە بکەین و پێشوەختە وەڵامی بەشێکی زۆری سەرنج و پرسیارەکانمان وەرگرتبێتەوە.

سێیەم، بەشە بودجەی ئەمساڵ کە لە عێراق وەردەگیرێ لەچاو ساڵی پار ١٤,٢٩٪ زیادی کردووە. ئەوە لەکاتێکدا رێژەی ئەو بەشە بودجەیە بۆ کۆی بودجەی عێراق (١٠,٤٪)ە، نەك (١٧٪). رێژەی بوجەی وەگەڕخستن لەچاو ساڵی پار کەم بۆتەوە بۆ (٦٨,٥٪) و رێژەی وەبەرهێنان-یش بەرزبۆتەوە بۆ (٣١,٥٪).

چوارەم، کورتهێنانی بودجە لەچاو ساڵی پار بە رێژەی (١٧,٦٪) کەم بۆتەوە.

پێنجەم، بەروونی حکوومەت، قامکی لەسەر ئەو گرفتانە داناوە کە ساڵانە، بەرۆکی بوودجەی هەرێمی کوردستان

دەگرن، بەتایبەتی بەشە بودجەی هەرێمی لە بودجەی گشتیی حكوومەتی فیدراڵیدا، كە ساڵانە ڕێژەكەی كەم دەبێتەوەو ئەمساڵ وەكو گوتمان بووە بە (١٠,٤٪)، نەدانی پشكی پێشمەرگە لە بودجەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧-ەوە تا ئێستا كە دەكاتە (٦) تریلیۆن و (٦٩٦) ملیارو (٤٧٨) ملیۆن دینار، ئەوە بێ لە كەمكردنەوەی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاكانی كوردستان و پترۆدۆلار و زیادبوونی ساڵانەی خەرجیی سیادی لە عێراقدا كە كاریگەریی چەوتی بۆ سەر بودجەی هەرێمی كوردستان هەیە.

شەشەم: ئەو پێشڤەچوونە، نەدەهاتە دی، ئەگەر سەقامگیریی باری تەناهی و ئاسایش نەبوایە، ئەوەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە؛ یەكەمیان وریایی و ئامادەگی پێشمەرگە، پۆلیس و زێرەڤانی و هێزەكانی ئاسایش و دووەمیان هۆشیاری گەلەكەمان. بەسایەی ئەم ئەمن و ئەمانەتەوەیە، كە كوردستان بووە بە وڵاتێكی دی بە بەراورد بە عێراق، زێتر لە (٢٠) كونسوڵگەری و ئۆفیس و نوێنەرایەتیی وڵاتانی بیانی تێدا بكرێتەوەو ژمارەی كۆمپانیا بیانییەكان بگاتە (٢٠٢٨) و كۆمپانیا ناوخۆییەكانیش بگاتە (١٢٣٤٨) و كۆی سەرمایەی وەبەرهێنان-یش تەنیا لە پارێزگای هەولێردا بگاتە زێتر لە ١٤ ملیارد دۆلاری ئەمریكی....

حەفتەم: سەرباری ئەوانە هەمووی، حكوومەتی كوردستان، پێوەیە، لە ڕێگەی پلاندانان و نەخشە دارشتنێكی هەمەلایەنەی ستراتیجییەوە، زەوینە بۆ سەربەخۆیی ئابووریی كوردستان، خۆش بكات، بەتایبەتی لە بواری وزەو نەوتدا كە خۆڕاگری و یەكڕیزی و پشتیوانیی پێویستە. بۆ ئەمەش هەقە، حكوومەت تا دەكرێ زیادە خەرجی نەكات و بەدوای سەرچاوەی تری داهاتدا بگەڕێ بەتایبەتی باجی سەر كۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەكان، لە ڕێگەی چاوخشاندنەوە بە یاسای وەبەرهێنان و دانانی یاسایەكی تایبەت بە بودجەی سەر كۆمپانیاكان و پێشموایە دەستووری عێراقیش ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدات.

دیارە، لە ٢٠٠٩-ەوە، گفتوگۆ و پیلەكە لەبارەی بودجە گەرم بووەو دەبێ. بمانەوێ و نەمانەوێ، مەبەست و مەرامی سیاسی لە پشت وتوویژەكانەوە دەردەكەون و كاروكاردانەوەش لەوێ بووەستێ. فراكسیۆنی كوردستانی، وەكو زۆرینەی پەرلەمانیی، پێیوایە لە ڕێگەی بودجەوە، توانیوێتی لە ٧٠٪ی بەڵێنەكانی خۆی، كە لە ساتەوەختی پێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، بە خەڵكی دابوون، بهێنێتەدی و لە سۆنگەی ئەم دیدەشەوە، بە توندی پشتەوانی لەو ڕێبازە خزمەتگوزارییەی حكوومەت دەكات كە ڕەنگرێژیی بۆ كردووە.. لەم بۆچوونەدا، كەم و زۆر، فراكسیۆنە هاوپەیمانەكانیش پشتەوان و هاریكاربوون. لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن-یش، تاكلایەنەو بەمەبەست، تا پێیان كراوە، گوتوویانە بودجە نا هاوسەنگ و نا دادپەروەرانەیەو بۆ جارێكیش قامكیان بۆ پێشوەچوونەكانی هیچ بوارێكی (پەروەردە و خوێندنی باڵا، كارەبا، ڕێگاو بان، ئاوو ئاوەڕۆ، ئاوەدانكردنەوە، تەندروستی...) ڕانەكێشاوەو خۆیان لێ لاداوە. خوا كاری هەردوولامان ڕاست بێنێ.

لەنێوان ١٠٠٪ بودجە باش و بێ كەموكوڕی و بودجە ١٠٠٪ خراپ و بێ كەڵك، (١٠٠) پلە هەیە. هەرگیز نە ئەمیان ڕاست و نە ئەویش ڕاستە. واتە بوار بۆ هەڵسەنگاندن و دیدو تێڕوانین و پێشنیاری جیا-جیا هەیە، بەڵام كە داتاو زانیاری هاتە قسەو كە گوترا تا ٢٠١٢/١٢/٣١، (٤٥١) هەزارو (٩٣٥) كەس سوودیان لە قەرزی كشتوكاڵی و پیشەسازی و قەرزی بچوك و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی خانوبەرە وەرگرتووەو بڕی (٣) تریلیۆن و (٩٤١) ملیارو (٥٥٥) ملیۆن دیناریان پێدراوە، نكوڵیكردن هیچ مفاو فایدەیەكی نییە و تۆ هەر بڵێ هیچ نەكراوەو زیادەڕۆیی هەیە. بەو مانایە ڕاست و دروستیی پلانی حكوومەت، لە جێبەجێكردندا (چ لە خەرجیی بەكاربردن بێ و چ لە پرۆژەكاندا) دەردەكەوێ. بۆیە من یەك بەباری خۆم، هەندەی گرفت لە جێبەجێكردنی بودجەدا، وەكو خۆی دەبینم، گرفتم لە گەڵ ژمارەی «ئەم خەرجی» و «ئەو خەرجی» و «ئەم داهات» و «ئەو داهات» نییە، ئەوانە ژمارەی حیسابیی خەملێنراون و لە كۆتایی ساڵی داراییدا، بەكردەوە دەردەكەوێ چۆن پارە خەرج كراوەو لە چیدا خەرج كراوەو چی پێ هاتۆتە دی و كێ لێی سودمەند بووە. لەم ڕوانگەیەشەوە، وەكو لەناو هۆڵی پەرلەمانیشدا جەختم لێ كردەوە، دیوی دووەمی جێبەجێكردن، چاودێریی ئەدای حكوومەتە. ئەوەش هەم ئەركی پەرلەمەنتاران، هەم دیوانی چاودێریی دارایی و هەم دەستەی نەزاهەت و هەم داواكاریی گشتییەو دەس بەكارنەبوون، یان دانەمەزران، یان ناكارایی، یان بێباكی لە ئاستیاندا، هیچ پاساوێكیان بۆ نییە.

بەهەرحاڵ، ڕەنگە لەكۆتایی ئەم حەفتەیەدا، یان لە سەرەتای حەفتەی تردا، قانوونی بودجەی ساڵی ٢٠١٣ لە پەرلەمان بێتە پەسەندكرن، بەدەیان پێشنیارو ڕاسپاردەی بەجێ و بەسوود بۆ باشتر ڕێكخستنەوەی بودجە، چ لەناو لیژنەكان و چ لەناو هۆڵی پەرلەماندا كراون، ئەگەر هەمووشیان بۆ ئەمساڵ كردەنی و مایەی جێبەجێكردن نەبن، ئەوا دەكرێ حكوومەت، لە ڕێگەی بودجەی تەواوكاریی نەوتەوە، هەندێ لەو نیازو ڕاسپاردەو پێشنیازانە بخاتە واری جێبەجێكردنەوە، بەتایبەتی لە بواری كشتوكاڵیی و گەشتوگوزارەوە...هەر بۆ نموونە، ئەگەر تا ئێستا بەشێكی ئەو بەنداوانەی وەكو پرۆژە كاریان لەسەر دەكرێ، تەواوبانایە، ئەوا، بڕێكی زۆری ئاوی بارانەی ئەمساڵ گلدەدرایەوەو هەم بۆ كشتوكاڵ و هەم بۆ جوانی و هەم بۆ گەشتوگوزارو...سودی لێ وەردەگیرا، نەك بە خۆڕایی بە یەكاوی عەرەباندا بڕۆیشتایە....

بەهەرحاڵ، هیوادارم حكوومەت كابانێكی باش بێ و چێشتی بودجە باش لێ بنێ...


**خەڵكی بەپشتبەستن بەتەجرەبەی خۆیان دادوەرانە دەتوانن بڕیار بدەن، ئاخۆ لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێژەی بێكاری و هەژاری كەمبووەو ئەنجامدانی پرۆژەكان چەند زیادی كردووە**

**فراكسیۆنی كوردستانی پێیوایە لە ڕێگەی بودجەوە، توانیوێتی لە ٧٠٪ی بەڵێنەكانی خۆی، كە لە ساتەوەختی پێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، بە خەڵكی دابوون، بهێنێتەدی**



# بودجەی خەمڵێنراو

## هەنگاوێکی دیکەی کابینەی حەوتەم بۆ ئەوەی



# خزمەتگوزاری سەرەکی و پرۆژەکان دوانەکەون

**کۆماری و دیموکراتیەکان لەبەرئەوەی بودجە پەیوەندی بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەبوو وەکو بەرژەوەندی حزبی سەیریان نەکردوو بەجیاوازی بۆچوونەکانیشیانەوە بوودجەکەیان پەسەندکرد**

**چارەسەرکردنی رەخنەو گازندەکان لەسەر بودجەی هەرێم لەناو تەلاری پەرلەمان لەو روانگەیەوە هاتووە، یاری بەقووتی خەڵک و ژیانی هاووڵاتیان نەکرێت و بەزووترین کات کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێت**

**دواخستنی پەسەندکردنی بودجە ساڵی کارکردنی پرۆژەکان کەمدەکاتەوەو هیچ وەزارەتێک ناتوانێت لەماوەیەکی کورتدا ئەو بڕە پارەیەی بۆ تەرخانکراوە سەرفی بکات**

شەوی سەری ساڵی ئەمساڵ کۆنگریسمانەکانی ئەمریکا لەبری ئەوەی سەرقاڵی ئاهەنگەکانی کریسمس بن، لە کۆنگرێس مانەوە بۆ ئەوەی لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٣ بگەنە رێککەوتنێك و پەسەندکردنی بودجە دوانەکەوێت، بەرەبەیانی شەوی سەری ساڵ جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەرقاڵی میانگیری کردن بوو لەگەڵ کونگریسمانە کۆمارییەکان بۆ ئەوەی بەچارەسەری مامناوەندی ئەو جیاوازییانە چارەسەر بکەن، کە سەبارەت بەکەمکردنەوەی خەرجیەکان لە بودجەی ئەمریکا پیشنیار کرابوو، هەردوولا کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پێویستە ئابووری ئەمریکا لەدەرهاویشتەی قەیرانی ئابووری بپارێزرێت، بەڵام هەرلایەك بە بۆچوونی جیاواز، دیموکراتەکان پیشنیاری ئەوەیان هەبوو کە باج لەسەر خاوەنی داهاتە بەرزەکان زیاد بکرێت، بەڵام کۆمارییەکان داوایان دەکرد خەرجی سەربازی کەمبکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی یەك ئامانج بوو، کۆمارییەکان لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەکانیانیشیان زۆر جیاواز بوو، هەروەها بۆچوونەکانیشان لۆژیکی بوو، بەڵام داوایان نەکرد بودجە بگەڕێتەوە بۆ کونگرێس و دووبارە رێکبخرێتەوە، هۆکاری سەرەکیش لەبەر ئەوەبوو بودجە پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتیانی ئەمریکا و پەیوەندی بە دامەزراوە و تیکڕای بازاڕی ئەو وڵاتەوە هەیە و ناکرێت لە بەرژەوەندی حزبیەوە سەیر بکرێت، بۆیە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری وڵاتان بکەین، دەبینین بۆ دواکەوتنی چەند سەعاتێك لە پەسەندکردنی بودجەی وڵاتێکی وەك ئەمریکا، هەموو کۆنگریسمان و ئەندامانی سەنات ئامادەبوون لە کۆنگرێس بمێننەوە هەتا دەگەنە چارەسەرێك بۆ ئەوەی بودجە لەکاتی خۆی پەسەند بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار و تێڕامانە لەوڵاتی ئێمە، بەلای لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە زۆر زۆر ئاساییە داوای ئەوە بکرێت دووبارە بودجە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت و چەند مانگێك بودجە دوابکەوێت، کاتێکیش پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی داکۆکی لەوە دەکەن کە رەخنە و گازندەکانی کە لەسەر بودجە هەن لەناو تەلاری پەرلەمان چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوا پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو مافەیان بەخۆیانداوە کە بڵێن پەرلەمانتارەکانی لیستی کوردستانی بەرگری لە حکومەت دەکەن و بوونە پارێزەری حکومەت لەناو پەرلەماندا، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کاتێك کۆنگریسمانە دیموکراتیەکان داکۆکیان لە بودجە دەکرد، ئایا کۆنگریسمانە کۆمارییەکان ئەم تۆمەتەیان خستە پاڵ دیموکراتەکان، یان ئەوانیش بەدوای چارەسەردا گەڕان بۆ ئەوەی بودجە لە کاتی خۆی پەسەند بکرێت و یاری بە قووتی خەڵك وزەی هەڵسوڕێنەری ژیانی هاوڵاتیان و وڵات نەکرێت؟ ئەم پرسیارە ئەو مانشێتانە وەڵامی دەدەنەوە کە یەکەم رۆژی ساڵ مانشێتی سەرەکی هەموو میدیاکانی ئەمریکا هەواڵی پەسەندکردنی بودجە بوو، وەك ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورە و کێشەیەکی گەورە لەچەند کاتژمێرێکدا چارەسەر کرابێت.

## بودجەی خەمڵێنراوی هەرێم ئەزموونێکە پێویستی بە پشتگیری هەیە

هەتا ئەمساڵ هەموو ساڵێك بودجەی هەرێم لەنیوەی ساڵدا موناقەشەی لەسەر کراوە، هۆکاری دواکەوتنی بودجە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە هەتا بودجەی عێراق پەسەند نەکرێت ناتوانرێت بودجەی کوردستان دابنرێت، هەر بۆیە لەبەر ئەوەی بودجەی عێراق بەشێوەیەکی ئاسایی لە مانگی مارت و نیسان عادەتەن پەسەند دەکرێت، بۆیە وتووێژەکانی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەوتە مانگەکانی حوزەیران و تەمموزەوە، ئەم دواکەوتنە بۆ بودجەی بەکاربەر هیچ زیانێکی نەبوو، بەڵکو کاریگەری گەورە و سلبی لەسەر بودجەی وەبەرهێنان - بودجەی پرۆژەکان هەبوو، کە ساڵی کارکردنی لە ١٢ مانگەوە کەمدەکردەوە بۆ ٥ مانگ و هیچ وەزارەتێك نەیدەتوانی لەو ماوەیەدا ئەو بڕە پارەیەی بۆ تەرخاندەکرا سەرفی بکات و سەرەنجامیش وەك پێویست نەدەتوانرا خزمەتگوزاری پێویست پێشکەشی هاوڵاتیان بکرێت، لە پەلەپەلی کردن بۆ ئیحالەکردنی پرۆژەکان و خستنییە ناو بواری جێبەجێکردنەوە نەدەتوانرا وەك پێویست ئاستی ستاندەر لەبەر چاو بگیرێت، ساڵی یەکەمی کابینەی حەوتەم کە خۆی بودجەی خۆی ئامادەنەکردەوەو لەلایەن کابینەی شەشەمەوە ئامادەکرابوو، واتە بەرنامەیەکی جێبەجێ کرد، کە ستافێکی دیکە ئامادەیان کردبوو، بۆیە لەیەکەم هەنگاو لە کابینەی حەوتەم بیر لەوەکرایەوە کە ئەم ئاستەنگەی بودجە چارەسەر بکرێت و بودجەی خەمڵێنراو ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی خۆی پەرلەمان موناقەشەی بکات، بۆ ئەوەی لانی کەم هاوکات لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەی حکومەتی فیدرالی بودجەی حکومەتی هەرێمیش پەسەند کرابێت، چەند مانگێك پرۆژەکان زووتر بخرێنە واری جێبەجێ کردنە، ئەم ئەزموونە کە کابینەی حەوتەم هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، کە یەکەمجارە بەمجۆرە پەلە لە دانانی بودجە بکرێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان بیری لەوە کردۆتەوە کە ماوەی سەرفکردنی بودجەی وەبەرهێنان لە ٥ مانگەوە بەرز بکاتەوە بەلانی کەم بۆ ماوەی ٩-١٠ مانگ، ئەمەش مانای ئەوەیە، یەکێك لە هەنگاوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەیەوێت هەم هیچ پرۆژەیەك نەمێنێتەوە نەتوانرێت جێبەجێ نەکرێت، هەمیش ئاستی کوالێتی پرۆژەکان بەرەو باشتر بەرێت، کە گومانی تێدا نییە جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەرووی ئاستی کوالێتیەوە

کەموکورتیان هەبووە. کەواتە ئەم ئاراستەیە بەرەو دوو خاڵمان دەبات، کە دووخاڵی گرنگن و پێشتر ئاستەنگ بوون لە چۆنییەتی خەرجکردنی بودجەدا:

- هەوڵدان بۆ لابردنی ئاستەنگی دواکەوتنی بودجە، بۆ ئەوەی بودجەی وەبەرهێنان بتوانرێت بەشێوەیەك باشتر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان تەرخانبکرێت.
- هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی ئاستی نزمی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجیکردنی پڕۆژەکان بەرز بکرێتەوە، ئەمەش بە رێگەی ئەوەی چیتر دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە نەکرێتە پاساوێك بۆ ئاستی نزمی کوالێتی.

ئەگەر لەروانگەی هەنگاو هەڵگرتن بۆ حوکمڕانی باش بەتایبەتی لەقۆناخی بونیادی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو پرۆسەی دانانی بودجەی خەملێنراوی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیر بکەین، ئەوا لەسەر هەموو لایەك بە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە پێویستە، ئەم هەنگاوە وەك ئەزموونێکی دیکەی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو حوکمڕانی باش و سوود وەرگرتنی زیاتر لە بودجەی هەرێمی کوردستان لێکبدرێتەوە، ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە کە پاکانە بۆ ئەوە بکرێت ئەم پڕۆژەی بودجەیە بێ کەموکورتی یە، یان هەتا ئەگەر پرۆسەی دانانی بودجەکە بۆ هەر بڕگەو بابەتێك لەجێی خۆشی دانرابێت، مانای ئەوە نی یە ئەو بڕگە و ماددانە بۆچوونی دیکە هەڵنەگرن، ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ دانانی بودجە لەبەر رۆشنایی سەرچاوەیەکی داهاتی سەقامگیر و جێگر، بنەمایەکی لۆژیکی بێت، ئەوا بودجەی ئەمساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بودجەیەکی خەملێنراوە و لەسەر بنەمای داهاتێکی مەزندە بۆ کراو دارێژراوە، ئەوا زیاتر بۆچوون تێڕوانینی جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی پرسیار ئەوەیە، ئایا دەکرێت حکومەت گوێ لەراوبۆچوونی پەرلەمانتاران نەگرێت؟ یان بە دیوێکی دیکەدا دەکرێت ژمارەیەك پەرلەمانتار کە خۆیان وەك لیستی ئۆپۆزسیۆن ناساندووە، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بێت، هێڵێکی راست و چەپ بەسەر هەموو ئەو پرۆسەیەدا بێنن کە ماوەی چەند مانگێك پێوەی خەریك و ماوەی زیاتر لە مانگێکیشە بودجەی هەر وەزارەتێك بەجیا لەگەڵ لیژنەکانی ناو پەرلەمان موناقەشەی لەسەرکراوە و پاشان وەك راپۆرتێك بەرز کراوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش لەناو پەرلەمان موناقەشەی لەسەر بکرێتەوە؟ ئایا کێ سوودمەند دەبێت ئەگەر دووبارە بودجە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و جارێکی دیکە هەر وەزارەتێك بەجیا لەگەڵ لیژنەکانی ناو پەرلەمان وتووێژی لەسەر بکەنەوەو دووبارە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟ ئایا دووبارە کردنەوەی ئەم









**دابەشکردنی بودجە بەسەر وەزارەتەکاندا**

| وەزارەت | رێژە لە سەدی |
|---|---|
| پەروەردە | ٪١٦,٠٣ |
| خوێندنی باڵا | ٪٥,٣٤ |
| پێشمەرگە | ٪١١,٤٩ |
| ناوخۆ | ٪١١,٧ |
| تەندروستی | ٪٥,٩٩ |
| شارەوانی | ٪٥,٠٧ |
| کارەبا | ٪٤,٩٤ |
| کاروکاروباری کۆمەڵایەتی | ٪٤,١٩ |
| شەهیدان | ٪٤,١٦ |
| کشتوکاڵ | ٪١,٩٧ |
| ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون | ٪١,٥٨ |
| پلاندانان | ٪٠,٢١ |
| داد | ٪٠,٤٢ |
| سامانە سروشتییەکان | ٪٤,٤١ |

**کابینەی حەوتەم لەئامادەکردنی بودجەدا ئەزموونێکی نوێی جێبەجێ کرد تا ماوەی سەرفکردنی بودجەی وەبەرهێنان لە ٥ مانگەوە بۆ ٩-١٠ مانگ بەرز بکاتەوە**

**ئەم بودجەیەی موناقەشەی لەسەر دەکرێت تەنها حکومەت ئامادەی نەکردووە بەڵکو هەر وەزارەتێک بەجیا ئامادەی کردووە و پاشان بۆتە بودجەی حکومەت و لیژنەکانی پەرلەمان پەسەندیان کردووە وەک کارێکی پرۆفیشناڵی پەرلەمانی**

**ئایا کاتێک بەمشێوەیە و بۆ موزایەدە و بەرژەوەندی حزبی هەوڵدەدرێت پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت کێ زەرەرمەند دەبێت، حکومەت یان هاووڵاتی؟**

**چەند پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت، کەمتر دەتوانرێت ئەو پارەیە خەرج بکرێت کە بۆ پرۆژەکان و خزمەتگوزارییەکان تەرخاندەکرێت، لەم حاڵەتەشدا ئەوەی لە راگەیاندنەکان بە ناوی خەڵک و بەرژەوەندی خەڵکەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، لە بواری کردەیدا دەبنە ئاستەنگ بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان**

### بەشە داهاتی کردەیی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراقدا

ئەوەی باس دەکرێت ئەوەیە کە رێژەی ٪١٧ی بودجەی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی بەشە بودجەی هەرێم لە کۆی بودجەی گشتی عێراق بەمجۆرەیە:

- کۆی بودجەی گشتی عێراق بریتییە لە ١٣٨ ترلیۆن و ٤٢٤ ملیار و ٦٠٨ ملیۆن دینار.
- کۆی بودجەی سیادی ئەمساڵی عێراق بریتییە لە ٤٠ ترلیۆن و ٣٨١ ملیارو ٥٨٤ ملیۆن دینار.
- بودجەی حاکیمە لەبودجەی گشتی عێراق ١٠ ترلیۆن و ١٠١ ملیارو ٩٤٥ ملیۆن دینارە.
- بودجەی پەرەپێدای پارێزگاکانی عێراق ٧ ترلیۆن و ٢٥٦ ملیار دینارە.
- بودجەی پترۆ دۆلار بریتیە لە ١ ترلیۆن و ٣١٧ ملیارو ٨٠٥ ملیۆن دینار.

(دوای دەرکردنی بودجەکانی سیادی و حاکیمەو پەرەپێدانی پارێزگاکان و پترۆ دۆلار ٧٩ ترلیۆن و ٣٦٧ ملیارو ٧٤ ملیۆن دینار دەمێنێتەوە)

- بەمشێوەیە بڕی بەشە بودجەی هەرێم بەرێژەی ٪١٧ دەگاتە ١٣ ترلیۆن و ٤٩٢ ملیارو ٤٣٦ ملیۆن دینار، هەروەها ٩١٤ ملیارو ٢٩٨ ملیۆن دیناری لەپەرەپێدانی پارێزگاکان و پترۆدۆلاری دەخرێتە سەر و بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان دەگاتە ١٤ ترلیۆن و ٤٠٦ ملیارو ٧٣٤ ملیۆن دینار کە رێژەی بەشی هەرێم دەگاتە ٪١٠,٤ی کۆی گشتی داهاتی عێراق.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراق جەنگی ئابووری دژ بەهەرێمەکە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ راگەیاندووە، ئەوەتا بەشی هەرێم لە٪١٧وە کەمکراوەتەوە بۆ لە ٪١٠،٤، تەنانەت حکومەتی مەرکەزی لەهیچ بڕیارێکی سیاسەتی نەختینەیی و دیاریکردنی نرخی بەرمیلێك نەوتی خاو کە بە ٩٠ دۆلار دانراوەو خەمڵاندنی ناردنە دەرەوەشی بە ٢ملیۆن و ٩٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا داناوە، نوێنەرانی هەرێمی لەووردەکاری فرۆشتن و ناردنە دەرەوەو تەحویلکردنی پارەکان و نرخەکان ئاگادار نەکردووە و پرسیشیان پێ ناکات، بگرە لە قەرزی دەرەکیش بەشی هەرێم نادرێت.

پرۆسەیە لانی کەم دوو تا سێ مانگی دیکەی پێناچێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئاراستەی بۆ چوونەکان لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی تێڕوانین لەسەر بەرژەوەندی گشتی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەرژەوەندی گشتی خەڵك لەناو فەزای گشتی تەنها بەتێڕوانینی لایەنی ئۆپۆزسیۆن یان لایەنی دەسەڵات بەرجەستە دەبێت؟ بێگومان هەوڵدانی هەر لایەك بۆ ئەوەی خۆی بکاتە دەمڕاست بۆ ئەوەی جڵەوگیری رای گشتی بکات، ئەوا ئەم هەوڵە بێجگە لە دروستکردنی کەشێکی ناتەندروست لەناو فەزای گشتی و بەرژەوەندییەکی کاتی حزبی و یاریکردن بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ چاوەڕێ ناکرێت.

### بودجەی خەمڵێنراو
### پرۆسەیەکی هاوبەشی حکومەت و پەرلەمانە

ئەوەی هەرێمی کوردستان لەوڵاتانی دەوربەرو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیادەکاتەوە، بوونی ئەو پەرلەمانەیە کە بەکردەیی بلۆکێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی چالاك کاری خۆی دەکات، خۆ ئەگەر حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن کە هەر واش دەکەن، دووبارە ئەم واقیعە رەتبکەنەوە، ئەوا ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی ئەو ژینگە دیموکراسیەیە کە لەم هەرێمەدا بوونی هەیە و مانایەکی سەردەمیانەی بوونی دیموکراتییە، بەوەی دیموکراتی تەنها حوکمڕانی زۆرینە نییە بەڵکو ڕێزگرتنی مافی کەمینەشە، دیموکراتی تەنها سەپاندن نییە، بەڵکو چاودێری و راگرتنی هاوسەنگییە، لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستانی بکەین، هەست دەکەین ئەم پەرلەمانە لەگەڵ ئەوەی لیستێکی زۆرینەی تێدایە کە لیستی کوردستانییە و پاشان لیستی چوار لایەنی دیکە کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن راگەیاندووە، نوێنەرایەتی و لیستی نەتەوەکانی دیکەشی تێدایە، لەمەش گرنگتر میکانیزمی کارکردنی پەرلەمانیش کە دابەشکراوە بۆ کاری لیژنەکانی پەرلەمان، لەنێو هەموو لیژنەکاندا نوێنەرانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و نوێنەرانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەشدارن، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە سەرۆکی هەموو لیژنەکانی ناو پەرلەمان هەموویان پەرلەمانتارانی سەر بەلیستی کوردستانی نین، بەڵکو جۆرە تەوافیق دروستکراوە کە بتوانرێت هەم وەك چەمکە کلاسیکیەکەی دیموکراتی بڕیارەکان بە زۆرینە وەربگیرێت و هەمیش وەك رەنگدانەوەی تێگەیشتنی سەردەمیانەش بۆ دیموکراتی مافی کەمینەکانیش بپارێزێت، کەواتە ئەم میکانیزمی کارکردنەی پەرلەمان لەسەر دوو ئاستە:

- یەکەمیان ئاستی کاری لیژنەکانی پەرلەمان کە بەهاوکاری لەگەڵ حکومەت راپۆرتی خۆیان ئامادە

دەکەن دوور لە زووومی کامێرەکان.
• دووەمیان ئاستی موناقەشەکردنی راپۆرتە هاوبەشەکەی حکومــەت و لیژنەکانــی پەرلەمانە لەبــەردەم زووومی کامێرەکان.
ئەگەر لەم روانگەیەوە ســەیری موناقەشەکانی ئێستای ناو پەرلەمانی کوردســتان لەسەر بودجەی خەمڵێنراوی ســاڵی ٢٠١٣ بکەین، ئەوا دەکرێــت ئاماژە بە یەك دوو خاڵی گرنگ بدەین:
١. ئەم بودجەیەی ئێســتا موناقەشــەی لەسەر دەکرێت و پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بەوجۆرە دەیانەوێت بەرای گشــتی بڵێن، ئەم بودجەی تەنهــا حکومەت ئامادەی کــردووە و پەرلەمانتاران مافی خۆیانــە رەتی بکەنەوە، ئەوا دەکرێت ئەو راستیە بخەینە روو بەوەی ئەم پرۆسەی بودجەیە کە هەر وەزارەتێك بەجیا ئامادەی کردووە و پاشان بۆتە بودجەی حکومەت، لیژنەکانی پەرلەمان پەسەندیان کــردووە وەك کارێکی پرۆفیشــناڵی پەرلەمانی دوور لە زوومی کامێرەکان.
٢. کەواتە ئەم بودجەیەی کە موناقەشــە دەکرێت، راستە حکومەت ئامادەی کــردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزارەت بــە وەزارەت و برگە برگە لەلایــەن لیژنە تایبەتیەکانی پەرلەمانەوە هەڵســەنگێنراوە و پەسەند کراوە، ئەوا مانای ئەوەیە ئەم پرۆســەی بودجەیە پرۆســەیەکی هاوبەشی پەرلەمــان و حکومەتــە و پەرلەمانتــاران کــە کۆی پرۆســەی بودجەکە موناقەشە دەکەن، مافی خۆیانە ئەو سەرنجامانەی لیژنەکان لەسەر بودجەی هەر وەزارتێك و کۆی گشتی بودجەکە هەیانە رەخنەی لێبگرن و هەوڵبدەن ئەو ســەرنجانە چارەســەر بکەن، بــەڵام برگە برگەی پرۆسەی بودجە جارێکی دیکە بخرێتەوە موناقەشە و هەر پەرلەمانتارێك بەبێ رەچاوکردنی تایبەتمەندی بوارەکەی خۆی بۆ خۆدەرخستن لەبەردەم زووومی کامێرا حزبایەتی بکات، ئەوا ئەمە پێش هەموو شتێك هەوڵدانە بۆ بێ بەها کردنی هەوڵی ئەو پەرلەمانتارانەی خۆشیان کە لەلیژنە جیاوازەکانــی پەرلەمان بوونیان هەیە، کــە هەندێکیان سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانین.
لێــرەوە دەکرێت ئەو پرســیارە بوروژێنیــن ؛ ئایا کاتێك بەمشێوەیە و بۆ موزایەدە و بەرژەوەندی حزبی هەوڵدەدرێت پەســەندکردنی بودجە دوابکەوێت کێ زەرەرمەند دەبێت، حکومەت یان هاوڵاتی؟
لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت ئاماژە بە راستیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە بودجە دوابکەوێت یان دوانەکەوێت، ئەوەی پێی دەگوترێت بودجەی بەکار کە مووچەی فەرمانبەران و هەڵسوڕانی وەزارەتەکان دەگرێتەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەســەر نابێت، لەبــەر ئەوەی مووچە لــە کاتی خۆی دەدرێــت و کاری رۆژانەی حکومــەت و وەزارەتەکانیش بەرێــوە دەچێت، بۆیە ئەوەی کاریگەری لەســەر دەبێت لە دواکەوتنی بودجە، بەشــە بودجــەی وەبەرهێنانە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە و چەند پەســەندکردنی بودجە دوابکەوێت، کەمتر دەتوانرێت ئەو پارەیە خەرج بکرێت کە بۆ پرۆژەکان و خزمەتگوزارییەکان تەرخاندەکرێت، لەم حاڵەتەشــدا ئەوەی لە راگەیاندنەکان بــە ناوی خەڵــك و بەرژەوەندی خەڵکەوە ئۆپۆزســیۆن بانگەشــەی بۆ دەکات، لە بواری کردەییدا ئەمانە دەبنە ئاســتەنگ بۆ پرۆژەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

**لە٪٨٠ی هاوڵاتیان لە بودجە سوودمەند دەبن**

بایەخی ئابووری بودجە تەنها بۆ فەرمانبەرانی حکومەت نییە، بەڵکو پەســەندکردنی بودجە کاریگەری لەســەر جوڵــەی بازاڕ و تەواوی لایەنە جیاوازەکانی خەڵك دەبێت لێرەدا بە خاڵ ئاماژەی پێدەکەین:
١. لە هەرێمی کوردستاندا ١٣٤١٥٥٨ یەك ملیۆن و سێ سەدو چل و یەك هەزار و پێنجسەدو پەنجاو هەشت کەس مووچە وەردەگرن کە دەکاتە زیاتر لە ٧ ترلیۆن دینار.
٢. بۆ ئەمســاڵ ١٥٠٠٠ پلەی وەزیفــی دادەمەزرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری هەلی کار بۆ ژمارەیەکی گەورەی لاوەکان دروست بێت.
٣. تــا ( ٢٠١٢/١٢/٣١)، ٤٣١ هــەزار هاوڵاتــی لە پێشــینەی قەرزی کشتوکاڵ و قەرزی بچووك و مینحە بۆ کوڕ و کچی شەهیدان سوودمەند بوون کە کۆی پارەکە دەکاتــە ٣ ترلیۆن و ٩٠٠ ملیار دینار. بۆ ئەمســاڵیش ٦٠٠ ملیار دینار بۆ قەرزی کشــتوکاڵی و پیشەسازی و خانووبەرەو پێشینەی هاوسەرگیری تەرخانکراوە، کە تەنیا لە پێشینەی خانووبەرەدا لەساڵانی نێوان ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢ ژمارەی سوودمەندبووان گەیشــتۆتە ١٧١ هەزارو ٣٠٢ کەس( خێزان)، هاوکات گەر بێتو ئاماژە بەهەندێك توێژو چین بدەیــن کە پارە وەردەگرن ئــەوە ژمارەیەکی زۆری سوودمەندبووانی راستەوخۆمان بۆ دەردەکەوێت بۆ نموونە:
١٢٧ هەزارو ٧٦٨ قوتابی - ٣٩٠٤ زیندانی سیاســیی - ٧٣هەزارو ٢١١ چاودێری خێزانــی- ١٢٣ هەزارو ٨٧٦ کەم ئەندام - ٧٢٤ رێزلێنان - دەرماڵەی وەزارەتی ئەوقاف ١٨٤٢ کەس - پەیمانگای دادوەری ٤١ کەس - ٧٥ هەزار ٨٥٥ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و هەروەها ٢٢٩ هەزارو ٦٨٢ کەس خانەنشینی مەدەنی و سەربازی.
٤. بۆ ئەمســاڵ پارە بۆ ٢٩٧٥ پرۆژەی پێشــنیارکراو بەردەوام تەرخانکراوە.
٥. ئەمساڵ بۆ هەڵەبجە بری ١٢٠ ملیار دینار بۆ شاری هەڵەبجە تەرخانکراوە.
٦. ئەمســاڵ بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بری ٥٠ ملیار دینار تەرخانکراوە

**لە هەرێمی کوردستاندا یەک ملیۆن و سێ سەدو چل و یەک هەزار و پێنجسەدو پەنجاو هەشت کەس مووچە وەردەگرن کە دەکاتە زیاتر لە ٧ ترلیۆن دینار**

**تەنیا لە پێشینەی خانووبەرەدا لەساڵانی نێوان ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢ ژمارەی سوودمەندبووان گەیشتۆتە ١٧١ هەزارو ٣٠٢ خێزان**

**زۆرترین تەرخانکردنی بودجە لەدوای دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمەکە لەهەردوو بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا هاتووە کە بەرێژەی لە ٪٢١,٣٧ پێک دەهێنێت**



**ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ (گوڵان):**

# ئێستا سەرقاڵی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆین تاکو کورتهێنانی بودجە چارەسەر بکەین

**وا پێویست بوو پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان و ڕاپۆرتەکەی حکومەت بکات کە پێشتر لە ڕێگای لیژنەکانیانەوە ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان بەرز کراوەتەوە**

ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری سەبارەت بە گفتوگۆکانی تایبەت بەپەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا وتی: زۆربەی گفتوگۆکانی بودجە لەپەرلەمانی کوردستان بەلاڕێدا دەبرێت و بۆتە مەرامی سیاسی و لەروانگە زانستی و پراکتیکییەکەوە دوور کەوتۆتەوە، بەرادەیەك نە لەعێراق و نە لەوڵاتانی دەوروبەرو جیهانیش بەو شێوەیە وتووێژەکان و پەسەندکردنی بودجە دواناکەوێت و تەنیا گفتوگۆ لەسەر تەوەرە گشتی و خاڵە سەرەکییەکان دەکرێت، نەك تێکەڵبوون بە وردەکاری وا کە هەربەشێك دەبێتە ١٠٠ ماددەو هەر ماددەیەکیش سێ خاڵی هەیەو سەدان وردەکاری تر کە ڕەنگە ئەو پەرلەمانتارەش شارەزایی وردی لەسەر ئەم بابەتانە نەبێت، ئەمساڵ بە شاهدی زۆر لەپەرلەمانتاران و پسپۆران و شارەزایان پرۆژە یاسای بودجەیەکی باش و ڕێکوپێك و دەوڵەمەند لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادەکراوە کە هێڵە گشتییەکان و کێشەو گرفت و ستراتیژییەت و دەرئەنجامەکان و بارودۆخی دارایی لە ڕاپۆرتێکی ورد نێردراوە بۆ پەرلەمان، بودجەو ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری ماوەی یەك مانگە لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و لەسەر هەموو لیژنەکان دابەش کراوەو هەریەك لەم لیژنانەش ڕاپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە و داویانە بەلیژنەی دارایی و ئابووری، کە ئەمیش ڕاپۆرتێکی نزیکەی ١٠٠ لاپەڕە ئامادەکردووە هەروەکو چۆن ڕاپۆرتی حکومەتیش لەمبوارەوە ئامادەکراوە، هەربۆیە وا پێویست بوو پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان و ڕاپۆرتەکەی حکومەت بکات کە پێشتر لە ڕێگای لیژنەکانیانەوە ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان بەرز کراوەتەوە و ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابوورییان تەعبیرە لەوە.

لەڕووی عەمەلییەوە کارکردن و جێبەجێکردن و ڕێکخستنی ئەو هەموو خەرجییەو دابەشکردنی بەسەر وەزارەت و بوارو ناوچە و شارو شارۆچکەو قەزاو ناحیەکان وا

ئاسا نییە و پێویستە پەرلەمانتاران یارمەتیدەرمان بن و پرۆژەکە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دەوڵەمەند بکەن، بۆ نموونە لەکاتێکدا حکومەت دەڵێت داهاتەکانم ١٥ ترلیۆن دینارەو خەرجییەکانم ١٦ترلیۆن و نیوە واتا یەك ترلیۆن و نیو دیناری کەمە لەکاتێکدا بەغداد بەچەندین شێوە بریاری شەڕی ئابووری و دژایەتیکردنی بودجەکەمانی ڕاگەیاندووەو جێبەجێشی کردووە و بودجەی بەستۆتەوە بەبارودۆخە سیاسییەکەوەو بۆ ئەو مەرامە بەکاری دەهێنێت، هەربۆیە من سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کورتهێنانەم لە ڕێگای کەمکردنەوەی ئەو خەرجییانەی پێویست نین و یا ئەو داهاتەی لەناوخۆ هەیە بەرزی بکەمەوە و هانی خەڵکی بدەم پارەی رسوماتی ئاوو کارەبا بدەن و باج لەسەر هەندێك کارو ئیش زیاد بکەم، ئێمە هەوڵمانداوە لەبری کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و چین و توێژەکانی تر پارەی ئیفادو سەفەرو بۆنەکان کەم بکرێتەوە .

سەبارەت بەمەسەلەی دەرماڵەکانی فەرمانبەران بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری وتی: ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە دیراسەی دەرماڵەی فەرمانبەران بکەین، کە هەندێك دەرماڵە لەبەغدا هەیەو لەهەرێم نییە و بەپێچەوانەشەوە ئێمە هەندێك دەرماڵەمان هەیە کە لەبەغدا نییە، بۆ ئەمەش داوامانکردووە لیژنەیەك دروست بکەین و ڕەچاوی دادپەروەرانە لەنێوان دەرماڵەی هەموو وەزارەتەکاندا بکەین، ئێمە وتوومانە با دادپەروەری لەنێوان دەرماڵەکاندا هەبێت نەك مووچەی فەرمانبەران کەم بکەینەوە، لەناو پەرلەمانیش وا دەڵێن؛ کەچی ئەوانەی مەرام و مەبەستی سیاسییان لەگفتوگۆکان هەیە تەشهیر بەحکومەتەوە دەکەن و پروپاگەندەی لەدژی بڵاو دەکەنەوە دەڵێن گوایە حکومەت پڕۆژەی پێشکەش کردووە بۆ کەمکردنەوەی مووچەکان، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی خەڵکەو بۆ خزمەتگوزاریی و پاراستنی سەروماڵی ئەوان دانراوە و پێویستە بەهەموو لایەکمان کارو پڕۆژەکانی خەڵك زیاتر ڕێك بخەین و حکومەتەکەی هاووڵاتیان دەوڵەمەندو بەهێز بکەین نەك پروپاگەندەی لەدژ بکەین . بێگومان ڕەخنەگرتن و گفتوگۆکردن لەپرەنسیب و بنەماکانی کاری ئێستای حکومەتە، بەڵام پێویستە دوور بێت لەململانێی سیاسی و دژایەتیکردنی جێبەجێکردنی کاروچالاکییەکانی حکومەت کە لەحەقیقەتدا کارو خزمەتگوزارییە بۆ خەڵکی، لێرەدا هەندێك نموونە دەهێنمەوە هەندێك بڕگەو مادده لەبودجەدا هەیە کە سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و زۆربەی وڵاتانی دنیا دایانناوە و هەموو وڵاتانی پێشکەوتووە پابەندن پێوەی، ئێمەش بەشێکین لەعێراق و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، لەلایەکی ترەوە کوراسەیەك بۆ هەموو وەزارەتەکان دەنێرین و هەموو پێداویستیەکانی ئالیك و سەربازی و تەرفیهی بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان و جەژنەکانی تێدایە، کەهەریەکەو بەپێی پێویستی خۆی بڕی دەکاتەوە، بۆ نموونە هەردوو بڕگەی عەلەف (ئالیك) و (تەرفیهی رەسمی ) بۆ هەموو وەزارەتەکانی پێشمەرگەو پەروەردەو کشتوکاڵ و ناوخۆو ئەوقاف و ... تاد دەچێت و کەشف دێتەوەو هەریەکەو کەشفی خۆیان هەیە کە ڕەنگە لەزانکۆکان هەندێك ئاژەڵ و زیندەوەریان هەبێت بۆ توێژینەوەو تاقیکردنەوە زانستییەکان پێویستیان پێی هەبێت بەڵام هەموو وەزارەتەکان ئاماژەیان پێ نەکردووە، یا سەگی پۆلیسی بۆ وەزارەتی ناوخۆو لایەنە ئەمنییەکان، تۆ سەرنجی ئەم دژایەتیکردنە بکە لەبڕگەی ( ترفیهی رسمی ) کە لەپێشی کەوانەیەك هەیەو هەموو پەیوەندییەکان و شاندەکان و میوانداریێتی و ئاهەنگەکان نووسراوە کەچی پەرلەمانتار هەیە دێت و دەچێت تەنیا بەترفیهی رەسمی دەیخوێننەوەو بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕن و دەیکەن بە (رابوواردن )و دەڵێن حکومەت ٢٨ ملیاری بۆ رابوواردن لەبودجە خەرج کردووە، کەچی بڕگەکە بەمجۆرە نییە و وردەکاری لەسەر ئەم بڕگەیە نووسراوە، بەڵام ئەوانە بەتەواوی نایخوێننەوەو نایانەوێت بزانن مەبەستی سەرەکی بڕگەکە چییە، بۆ نموونە کە یادو بۆنەکانی ئەوقاف واتە بۆنە ئاینییەکانە (بۆنە ئاینییەکانی موسڵمانان و مەسیحییەکان و ئیزییدیەکان) بۆنە فەرمییەکان ئەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەگرێتەوە و بەهەمان شێوە ئەوانی تریش.

سەبارەت بە قەرز و ئەو پێشنینیانەی کە حکومەت بە هاووڵاتیانی دەدات وتی: ئەو پێشینانەی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەرداوە بە هاووڵاتیان بدرێت ئەوە لەناو بودجەدا نییە وەکو ئەو ٢٥ملیۆنەی بە گوندەکان دەدرێت و ئەو ٢٠ملیۆنەی بە ناو شارەکان دەدرێت، هەروەها بۆ دروستکردنی خانوو قەرزی پیشەسازی هەتا یەك ملیار دینارو قەرزی کشتوکاڵ تا ٥٠٠ملیۆن دینارو سندوقی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت هەموو ئەمانەو پێشینەکانی دیکەش کە هەیە هیچی لە ناو بودجەدا نییە، بەڵکو لە دەرەوەی بودجەدایە، لە هەموو دنیادا حکومەت قەرز بە خەڵك نادات،بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێستا ٣تریلیۆن و ٩٠٠ملیار دینارمان قەرز و پێشینەکان بە هاووڵاتیان داوە،، تەنیا لەو پێشینانەی کە چەند ساڵە بەخەڵك دراوە ٤٥١ هەزار کەس سوودمەند بوون و ئەوەی لە بودجەکەش ڕاستەوخۆ پارەوە وەردەگرن و سوودمەند دەبن موچەخۆرانن هەر لە فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەست و خانەنشینی مەدەنی و سەربازی و تۆڕی کۆمەڵایەتی و کەمئەندامان بگرە تا دەگاتە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و... تا کە ئەمانەش ژمارەیان یەك ملیۆن و ٣٤١هەزار کەسە.

**هەوڵمانداوە لەبری کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و چین و توێژەکانی تر پارەی ئیفادو سەفەرو بۆنەکان کەم بکرێتەوە**

**پێشنیاری ئەوەمان کردووە دیراسەی دەرماڵەی فەرمانبەران بکەین، بۆ ئەمەش داوامانکردووە لیژنەیەک دروست بکەین و ڕەچاوی دادپەروەرانە لەنێوان دەرماڵەی هەموو وەزارەتەکاندا بکەین**

**نە لەعێراق و نە لەوڵاتانی دەوروبەرو جیهانیش بەو شێوەیە وتوێژەکان و پەسەندکردنی بودجە دواناکەوێت و تەنیا گفتوگۆ لەسەر تەوەرە گشتی و خاڵە سەرەکییەکان دەکرێت**



**خورشید ئەحمەد** جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان بۆ (گوڵان):

# ئەرکی پەرلەمانتارە پەیامی هەڵە بەهاووڵاتیان نەدات و دوور لەگوتاری سیاسی هەڵسەنگاندنی پرۆژە یاسای بودجە بکات

**ڕەخنەگرتن و گفتوگۆکردن لەپرەنسیپ و بنەماکانی کاری ئێستای حکومەتە، بەڵام پێویستە دوور بێت لەململانێی سیاسی و دژایەتیکردنی کاروچالاکییەکانی حکومەت کە لەحەقیقەتدا کارو خزمەتگوزارییە بۆ خەڵکی**

سەبارەت بەگفتوگۆکانی تایبەت بەپەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان خورشید ئەحمەد سەلیم جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان وتی: ئەرکی پەرلەمانتارانە هەڵسەنگاندنێك بۆ ڕاست و دروستی سیاسەتی چۆنییەتی بەدەستهێنانی داهات و خەرجییەکان بکەن و جەخت لەسەر ئەو سێکتەرانە بکەنەوە کە بۆ بەرژەوەندی گشتی گرنگە و بزانن حکومەت ئەم سیاسەتانەی بەباشی پەیڕەوکردووە، بەڵام ئەمە لەزۆربەی گفتوگۆو پێشنیارەکانی پەرلەمانتارەکان پەیڕەونەکراوەو چوونەتە ناو هەندێك بابەتی واوە کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەبودجەوە نییەو زیاتر پەیوەندی بە مەرام و گوتاری سیاسی و ئەجێندەی حزبییەوە هەیە، هەربۆیە زۆربەی گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆژە یاسای بودجە بووەتە مەیدانێك بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن و پەیامی هەڵە بەهاووڵاتیان دەدرێت، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی ئاماژە بەژمارەو زانیاری و داتای هەڵە دەکرێت، ئەرکی پەرلەمانتارە دوور لەگوتاری سیاسی و ئەجیندەی لابەلاوە هەڵسەنگاندن بۆ خاڵ و هێڵە گشتیەکانی ناو پرۆژە یاسای بودجە بکات و چارەسەر بۆ کەموکورتییەکان بدۆزێتەوە، بوونی کەموکوڕی لەهەموو پرۆژەکانی یاسای بودجەی سەرجەم وڵاتەکان ئاساییە، گرنگ ئەوەیە بتوانین لەو دەرفەتانە پرۆژەکە دەوڵەمەند بکەین و کەموکوڕییەکانی نەهێڵین.

**ساڵی ڕابردوو بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان ٥٠٪ بوو، ئەمساڵ لەئاکامی خێرا پەسەندکردنی بودجە پێشبینی دەکرێت ئەو ڕێژەیە بەرز بێتەوە**

سەبارەت بەدواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەکەو شوێنەوارەکانی لەسەر هاووڵاتیان جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان وتی: دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە زیان بەحکومەت و هاووڵاتیان دەگەیەنێت، لە بودجەی بەشی بەگەڕخستن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ١ ملیۆن و ٣٤١ هەزار کەس مووچە وەردەگرن لە فەرمانبەرانی هەمیشەیی و فەرمانبەرانی گرێبەست و خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی و تۆڕی کۆمەڵایەتی و دەرماڵەی قوتابیان و مووچەی وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان و . بەمەش نزیکەی ٧ ترلیۆن دینار مووچەی مانگانە لەماوەی ساڵێکدا دەدرێت، واتا مانگانە ٦٠٠ ملیار دینار دەچێتە دەست خەڵك و لەبازاڕ خەرج دەکرێت، کە بەشێکە لەدروستکردنی هەلی کارو باشترکردنی بوژانەوەی باروگوزەرانی خەڵکی، ئەمە جگە لە بودجەی وەبەرهێنان کە ٢٥٠٠ پرۆژەی بەردەوام هەیەو نزیکەی ٦٠٠ پرۆژەی پێشنیارکراویش هەیە، بەمشێوەیە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان تەنانەت ئەگەر فەرمانبەریش نەبن لەکارو پرۆژە سوودمەند دەبن، چ لە ڕێگای مووچەوە بێت یا لەجووڵانەوەی بازاڕو ئەو هێمنی و ئاسایشەوە بێت کە کوردستان لەناوچەکانی دەوروبەرمان جیادەکاتەوە. ساڵانە گلەیی ئەوەمان دەکرد جێبەجێکردنی پرۆژەکان و ڕێژەی ئەنجامدانی دوادەکەوێت کە دەرئەنجام کاریگەری لەسەر




ئەدای حکومەت هەیە، ئومێدەوارم لەکۆتایی ئەم هەفتەیە بودجەکە پەسەند بکرێت و دەستی حکومەت واڵا بکەین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتیان، ساڵی رابردوو بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە رێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان ٥٠٪ بوو، ئەمساڵ لەئاکامی خێرا پەسەندکردنی بودجە پێشبینی دەکرێت ئەو رێژەیە بەرز بێتەوە ئەمەش لەبەرژەوەندی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستانەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشترو زیاتری خەڵکی یە.

سەبارەت بەوەی گلەیی ئەوە هەیە کە هەندێك سێکتەر و وەزارەتەکان پارەی زیاتریان بۆ تەرخانکراوە خورشید ئەحمەد پەرلەمانتار وتی : بوونی سنوورێکی فراوان و کراوە لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و ناسەقامگیری لەناوچەکەدا پێویستە بەهەند وەربگیرێت، هەربۆیە کاتێك حکومەت لەسیاسەتی خۆیدا زیاتر گرنگی بەلایەنی پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەرێمەکە وەرگرتووە لەو روانگەیەوە هاتووە پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان و خێزانەکان پێویستە لەئەولەویاتی پرۆژەکەدا بێت، دواتر بەشێوەیەکی ریزبەندی گرنگی بەبوارەکانی پەروەردەو خوێندن و تەندروستی و کارەبا دراوە، ئەبێت ئەوەش بزانین کە بودجە لەماوەی ساڵێکدا بەشی ئەوە ناکات گرنگی بەهەموو سێکتەرەکان بدرێت، لەلایەکی دیکەوە ٥٠ ملیار دینار وەکو بودجەیەکی تایبەت بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم تەرخانکراوە چونکە حکومەتی عێراق بەئەنقەست فەرامۆشی کردوون . تەنیا بەبەراوردکارییەکانی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت چیاوازییەکە چەند زیاترە.

بوونی شەفافییەت لەداهاتی حکومەتی هەرێم لە پرۆژە یاسای بودجەکەدا خاڵێکی تری گرنگە لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان وتی : زۆر بەهەڵە ئەم مەسەلەیە لەزۆر لە راگەیاندنەکانەوە باس دەکرێت گوایە بۆچی داهاتی ناوخۆی هەرێم تەنیا ٦٠٠ ملیار دینارە، لەراستیدا داهاتی ناوخۆ نزیکەی ٢ ترلیۆن و نیوە، بۆیە دیار نییە چونکە بەشێکی دەچێتەوە بەغدا ئەوەتا ٢٧٠ ملیار دینار لەم ساڵدا دراوەتەوە بەغدا، لەووردەکارییەکاندا هەموو داهاتەکان دیارە، بەڵام لەپارەی داهات پێویستە حکومەت ئەو پارەی داهاتەی کە بۆ وەزارەتەکانی دەگەڕێنێتەوە هەمووی بەیەکەوە رابگەیەنێت واتا خەمڵاندنی بودجەی داهاتەکە نزیك بێت لە بڕی راستەقینەکەی، لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق کاتێك داهاتەکە زیاد بکات راستەوخۆ بودجەی سیادی و حاکیمە زیاد دەکات و لەبودجەی هەرێم کەم دەبێتەوە و بەشی هەرێمیش نە لەم دوو خەرجیەی سیادی و حاکیمە دەدات نە لەبەرزبوونەوەی بەهای پێترۆڵ، بە گشتی حکومەتی عێراق فێڵ لەبەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکات.

# پەروەردەی سیاسی
## لە نێوان بوون و نەبوونیدا

**لە ئێستاداو لە بەشێکی زۆری ئەو نومایشە سیاسیانەی لە نێوان لایەنەکاندا دەیانبینین، زیاتر هەست بە گەڕانەوەی پەروەردەی دەروونحزبی و ئامادەیی کەموکوڕیی لە پەروەردەی بنەڕەتیی بکەراندا بەدیی دەکەین و کەمتریش بنەماکانی پەروەردەی سیاسیی دەبینینەوە. ئەگەر ئەمە بۆ حزبەکانی دەسەڵات کە تەمەنیان زۆرترە، وەك نەریتێکی بۆ ماوەیی تەماشا بکەین و ئەمەش وەك ڕێگرێك لێکبدەینەوە لەبەردەم گۆڕانکاریی خێرا لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە، بۆ پەروەردەی سیاسی، ئەوە ناتوانین نەبوونی پەروەردەی سیاسیی لەلای ئۆپۆزسیۆن و ئامادەیی چڕی پەروەردەی دەروونحزبی بگێڕینەوە بۆ تەمەنی ئۆپۆزسیۆن. بۆیە چەندە بۆ حزبەکانی دەسەڵات گرنگە هەرچی زووتر خۆیان لە بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبی ڕزگار بکەن و گرنگیی بە پەروەردەی سیاسی بدەن، زۆر لەوەش زیاتر بۆ ئۆپۆزسیۆن گرنگە کە دەست لە بنەما سایکۆلۆژی و پەروەردەییە دەروونحزبییەکان هەڵبگرێت و پەروەردەیەکی سیاسیی بەدیل بەرجەستە بکات.**



ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**سەرەتا:**

ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو پەرەسەندنێکی نەوعی بگۆڕێ، پێویستە بە زووترین کات بە جۆرێکی تر بیر لە پەروەردەی سیاسیی بەمانا فراوانەکەی بکەینەوە و جیای بکەینەوە لە ڕوانگەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی لایەنە سیاسیەکان. ئەمەی دواییان، واتە پەروەردەی ئایدیۆلۆژی و روانگەی سیاسی، پرۆسەیەکی دەروونحزبییە و پەیوەندیی هەیە بە مێژوو و بەها و لەخۆتێگەیشتنی ناوەکیی پارتە سیاسیەکانەوە، کە بەپێی میکانیزمەکانی وەك کۆنگرە، پلینیۆم و ئامۆژگاری و دیسیپلینی حزبیی و شێوازەکانی دیکەی کارکردنی گرووپەکان و بەپێی ئامانجی سیاسیی و ئایدیۆلۆجی خۆیان، جێبەجێی دەکرێت.

هەرچەندە ئەم ڕێکخستن و هاوسەنگیە ناوەکییە لە کایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست نییە و هەتا ئێستاش کۆی حزبەکان بەدەست ناهاوسەنگیی سیاسیانەی خۆیان و نەگونجان و تەنانەت دەستەگەریشەوە دەناڵێنن، بەڵام دەتوانین بڵێن هەر حزب و لایەنە بەها، نەرێت و پیرۆزیی خۆیانیان هەیە و کەم تا زۆر لەلایەن هەڵسوڕاوەکانیانەوە پەیڕەویی ڕێژەییان لێدەکرێت و وەك خاڵی هاوبەش تەماشایان دەکرێت. بەڵام باسکردنی ئەم لایەنە و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی دەروونحزبی پارتە سیاسییەکانی هەرێم بابەتی ئەم وتارە نییە، ئەگەرچی پەیوەستیشە بە پەروەردەی سیاسیەوە، کە بابەتی سەرەکیی قسەکانمە.

وشەی پەروەردە لە زمانی ئێمەدا مانایەکی تایبەتی نییە و هەر خودی وشەکەش لە سەردەم و قۆناغی جیاوازدا ماناکەی شیاوی گۆڕانە. بەڵام لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا بە زۆری پەروەدەی جەستەیی، یان وەبارهێنان و پەروەدەی هزری تێکەڵدەکرێن، کە زیاتر مەبەستی وتارەکەی منە، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕاوە سیاسیەکان لە کایەی سیاسی هەرێم و بەتایبەتیش بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە ئێستا و داهاتوودا.

کورتەی بیر و قسەکانی من لەسەر ئەوە چڕ دەبێتەوە، کە ئەم دوو بەرەیە پێویستە پەروەردەی سیاسی بخەنە پێش پەروەردەی حزبی و لەسەر بنەماکانی پەروەردەی سیاسیەوە پەیوەندیی و دژایەتیەکانیان دابڕێژن، چونکە لە کاتی ئێستادا ئێمە لاوازیی و ئاستێکی ناپەسەند لە هەردوولا دەبینین، بەبێ ئەوەی ئەم کێشەیە بووبێتە شتێکی دیار، بەڵام ئامادەیی لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی و دژایەتی، یان سالاری و ناسالاری ئەم دوو لایەنەدا هەیە و ئەمەش سەرچاوەیەکی نائاشکرا، بەڵام کاریگەرە بۆ زۆرینەی بەخراپ لێکترحاڵینەبوون و یەکتر سووککردن و هەڵوێستە پێش ئەقڵانیەکان، کە ئەنجامەکەی بەوە هاتۆتەوە سیاسەتی هەرێم وەك سیاسەتێکی بێ کاراکتەر، یان بێ مەرجەع خۆی بنوێنێ و بە نموونەی سیاسەتێکی قەیراناوی تەماشای بکرێت.

ئەمە جگە لەوەی کۆی لایەنەکان و بەشێکیش لە بکەرانی سیاسی ئەم هەرێمە، پەروەدە ئایدیۆلۆژییە دەروونحزبییەکان دەخەنە پێش پەروەردەی سیاسیەوە و ئەوەی بۆخۆیان قەناعەتیان پێیەتی دەیکەنە بنەما بۆ قەناعەتپێهێنانی ئەوانیتریش. لەبەر ئەوەی سەردەمەکە شێوازی دیکەی پەیوەندیی سیاسیی دەخوازێ، ئەم جۆرە پەیوەندیی و ڕووبەڕووبوونەوانە زوو دەکەونە بەرامبەر ڕێگرە ناوەکییەکانی خۆیان و سیاسەت دەبێتەوە بە هەڵچوونی سایکۆلۆژیی و قسە، بەبێ ئەنجامی دەستنیشانکراوی ئەقڵانی.

هۆکاری ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن، هەم کولتووری و هەم سایکۆلۆژیی و هەم نەرێتی دەروونحزبین.

**هۆکاری کولتووری:**

لە ڕووی کولتوورییەوە هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵات لە هەرێمدا لەدایکبووی مێژوویەکی پەرچەکرداریانەن لەبەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکاریانەی تاکڕەو، لەبەر ئەوە هەموویان پڕیشکی ئەو پەیوەندییە دیار و نادیارانەیان پێوەیە کە پەیوەستیان دەکاتەوە بە مێژووی خۆیان و ستەمکارانەوە. ئەم مێژووەش هەتا ئێستا خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی بۆ نەکراوە، تا پارتە سیاسیەکان گەردوغوباری بەمیرات بۆماوە لە خۆیان بتەکێنن و بچنەوە سەر ڕەنگیی ڕەسەنی خۆیان. بۆیە ئەو کولتوورە سیاسیەی ئەوانی لێوە هاتونەتەدەر، بەمجۆرە پەروەردەی کردوون و بۆتەبەشێك لە خوو، یان هابیتۆسی ئەمانیش.

لێرەوە، کولتوور بۆتە بەشێك لە هاندەر بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو نەرێتانەی کە بونیادی سایکۆلۆژیایەکی گرژ لە ئاست یەکتردا دروست دەکات و زیندووی دەکاتەوە. بۆیە وەك لە دانوستانەکان و بەیان و لێداوانەکاندا دەبینین، ئەقڵانیەتی سیاسی بابەتیانە و دیسپلینەکانی دانووستان و گفتوگۆی سیاسی، دەبنە قوربانیی و ئەمەش لە ئاستی پرۆفێشناڵیزمی سیاسی دەهێنێتە خوارەوە و متمانە دەکەوێتەوە باوەشی قەیرانەوە.

**هۆکاری سایکۆلۆژی:**

هۆکاری سایکۆلۆژی لە پەکخستنی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمدا، بەتایبەتی بۆ نەوەی پێشووتری بکەرانیی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو دابڕان، لێکجیابوونەوە، گرژی و شەڕی ناوخۆیی و ڕاگەیاندنەی کە ئەم لایەنانە پێیدا تێپەڕیون. نەوەی پێشووتری بکەریی سیاسی لە

**ئەگەر پارتەکانی دەسەڵات لەبەر هەر هۆکارێک، یان ترس و بەرژەوەندییەک دەرکیان بەوە کردبێت کە پێویستە گۆڕانکاریی لە پەروەردەی سیاسیی خۆیاندا بکەن و مۆدێلی گفتوگۆ، دانوستان، پرسە گورگانە، وەستاندنی هێرشی ڕاگەیاندنەکان پەیڕەو بکەن، ئەوە ئۆپۆزیسۆن لە بنیاتنانی پەروەردەیەکی سیاسیی ئەمڕۆییدا سەرکەوتوو نەبووەو نەیتوانیوە خۆی لە میراتە کەڵەکەبووەکەی ناو مێژووی حزبی کوردی ڕزگار بکات**

**تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی سیاسیی ئۆپۆزیسۆن لە ئێستادا ڕوون و ڕاشکاو نین و بە هەمان بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبییەوە بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن. ئەمە جگە لەوەی ئەنجامەکانیشی بۆ سەر تاکەکەس و کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی ترسناک دەبینرێن**

هەرێم و نەوەی پاش ئەوانیش بە شـــێوەیەکی کردەیی لە کۆی ئەو مێژووە پڕ گرژییەدا بەشدار بوون و ئەمێستاش کاریگەریی کەم تا زۆری ماوە، کە ئێمە نیشـــانەکانی ئەو کاریگەرییە و گەڕانـــەوەی ئەو مێژوو و ئەزموونە تایبەتیانە لە شێوازی ڕەفتار، گوفتار و هەڵسەنگاندنی پاش پەردەی ئەواندا بۆ یەکتر دەبینینەوە و جاری وایش هەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ڕاگەیاندن و لێدوانەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، یاخود کەسانێك ڕۆڵیان هەیە لە زیندووکردنەوە و گەشاندنەوەی ڕەژووی ژێر خۆڵەمێشەکەدا.
نابێت چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت کە هۆکارە سایکۆلۆژییە متبووەکان، یان سەرکوتکراوەکان بە ئاسانی بەتاڵ ببنەوە، چونکـــە ماوەیەکی زۆری دەوێت بـــۆ بەتاڵبوونەوەیان. مەترســـیی هاندەرە سایکۆلۆژییەکان لە سەرهەڵدانەوەیان نییـــە لای ئەم یـــان ئەو بکەری سیاســـی، هێندەی لە مانەوەیاندایە لەلای لایەنە سیاسیەکان و مامەڵەکردنیان لەگـــەڵ یەکتر لە ئاســـتی دەروونحزبیدا وەك میراتێکی پیرۆز کە لەسەر دروستکردنی وێنای دوژمن بەندبوون.

**هۆکاری نەرێتی دەروونحزبی:**

هۆکارە دەروونحزبییەکان بوونەتە نەرێتی پێکەوەبەستنی ئەندامان و لایەنگرانی هەر پارتێکی سیاســـی لە ئاست پارتی بەرامبەر و لایەنگرەکانیدا. ئەمەش بە نیســـبەت ڕابردووەوە تا ڕادەیەك ئاساییە، بەڵام سوودوەرگرتن لێیان بۆ لەمەودوا، دەیانکاتە ڕێگرێکی سەرەکیی کە ئەم پارت و لایەنگر و هەڵســـوڕاوانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ڕاستەوخۆ (بۆ نمونە لە ڕێگەی خۆپیشاندان، مناوەرات و ئاڵابەرزکردن و شەڕەپەڕۆوە)، بکاتەوە بە نەیاری یەکتر لە ژێر گوشاری جەماوەرەکانیاندا، بەبێ ئەوەی لەگەڵ پێویستیە سیاســـیە پرۆفێشـــناڵەکانی ئێستادا گونجاو بێت.

**لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە بۆ پەروەردەی سیاسی:**

بەبێ ڕەتکردن و بەلاوەنانی ئەم ســـێ هۆکارە لە کایەی سیاسی هەرێمدا و لەلایەن گشـــت پارتە سیاسیەکانەوە ناتوانیـــن باس لە پەروەردەی سیاســـیی بکەین، چونکە پەروەردەی سیاســـی کۆمەڵێك میکانیزمی خۆی هەیە، کە هەماهەنگیی و پەیوەندییان بەو هۆکارە کەڵەکبووانەوە نییە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە لایەنە سیاسیەکان بەبی دانانی پلان و بەرنامەی گونجاو بۆ رەتکردنی ئەو ســـێ هۆکارە دەروونحزبیە کۆمەڵێك چالاکیی سیاسی دەنوێنن، وەك (دیدار، چاوپێکەوتن، کۆبوونەوەی فەرمی، هەوڵدان بۆ ڕێکەوتننامە و سەردان و وەفد ڕەوانەکردن)، بەبی ئەوەی هاندەرە دەرونحزبیەکانیان خستبێتە لاوە، هەر بۆیەشە بە ئاشـــکرا دەبینرێ ئەو هاندەرانە کاریگەریی خۆیـــان لـــە پرۆســـە سیاســـیەکە دەکـــەن و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان پەکدەخەنەوە.

پەروەردە بەمانا گشـــتیی و زانســـتییەکەی پرۆسەیەکی بەردەوام و بێســـنوورە لە ژیانی مرۆیدا بە ئامانجگەلێك کە لە ڕێگەیانەوە ئەم مرۆڤە، چ لە ئاســـتی تاکەکەس و چ وەك کۆمـــەڵ ئامادە دەکرێن بۆ ژیان و بەڕێوەبردنی داهاتوو. لـــە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، پەروەردەکردن بریتیە لە چۆنێتی مامەڵەکردنی گەورەســـاڵان لەگەڵ منداڵان بۆ ناســـاندنی ئەو کولتوور و کۆمەڵگایەی منداڵەکەی تێدا گەورە دەبێت. بەشـــێکی زۆری ئەم کارە لە میانەی تێکەڵبوونی منداڵ بە ژیانی ڕۆژانەوە مەیسەر دەبێت بۆ ئەوەی منداڵەکە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە فێری ژیان و وهەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانیتر ببێت. لێرەشەوە، یەکەمین ئەرکـــی پـــەروەردە بریتیە لە پەرەپێدان و گەشـــەپێدانی کەســـایەتی منداڵ لـــە ڕێگەی بەخشـــینی کۆمەڵێك نۆرمی ئاکاری، بەها و هەڵوێست تا بتوانێ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی خۆی بەهۆیانەوە بەڕێوەبەرێت.
پەروەردەی سیاسیش بەشێکە لە سیستەمێکی گەورەتری پەروەردەکردن، لـــە قۆناغی پێگەیشـــتوویدا، بەڵام ئەم پەروەردەکردنە بەبێ پرۆسە سەرەتاییەکەی پەروەردەکردنی منداڵی سەرکەوتوو نابێت. پەروەردەی سیاسی ئامانجی ئامادەکردنی سیاســـیانەی تاکەکـــەس و گرووپەکانە کە بە ڕەچاوکردنی بنەمای سیاســـیی ستاندارد، سیاسەت بکەن. هەرچەنـــدە ناتوانین لەوە دڵنیابین، کە پەروەردەی بنەڕەتیی لە منداڵیی بکەرانیی سیاسیدا پەروەردەیەکی سیستەماتیك و دروست بووە، بەڵام ناشتوانین لەسەر ئەمە لۆمەیان بکەین. لەم ڕووەوە ئەوانیش قوربانیی ڕۆژگارێکن کە بارودۆخێکی مێژوویی سەپاندویەتی. ئەوەی جێگەی بایەخدانە ئەوەیە کە تا چەند بکەرانی سیاسی ئێمە خۆیان لە کەموکوڕییەکانی پەروەردەی سەرەتایی پاراستووە کە بە میرات و لە دەرەوەی ویستی خۆیان تیایاندا ماوەتەوە؟.
لێرەدایە کە پەروەردەی سیاســـیی گرنگیی خۆی هەیە و دەکرێ وەك قۆناغێك تەماشـــای بکەین بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییە پەروەدەییە سەرەتاییەکان.
لە ئێستادا و لە بەشێکی زۆری ئەو نومایشە سیاسیانەی لە نێوان لایەنەکاندا دەیانبینین، زیاتر هەست بە گەڕانەوەی پـــەروەردەی دەروونحزبی و ئامادەیـــی کەموکوڕیی لە پەروەردەی بنەڕەتیی بکەراندا بەدیی دەکەین و کەمتریش بنەماکانـــی پەروەردەی سیاســـیی دەبینینـــەوە. ئەگەر ئەمە بۆ حزبەکانی دەســـەڵات کە تەمەنیان زۆرترە، وەك نەرێتێکی بۆ ماوەیی تەماشـــا بکەیـــن و ئەمەش وەك ڕێگرێـــك لێکبدەینـــەوە لەبـــەردەم گۆڕانکاریی خێرا لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە، بۆ پەروەردەی سیاســـی، ئەوە ناتوانین نەبوونی پەروەردەی سیاسیی لەلای ئۆپۆزسیۆن و ئامادەیی چڕی پەروەردەی دەروونحزبی بگێڕینەوە بۆ تەمەنی ئۆپۆزیسۆن.

**لە دانوستانەکان و بەیان و لێداوانەکاندا دەبینین، ئەقڵانیەتی سیاسی بابەتیانە و دیسپلینەکانی دانوستان و گفتوگۆی سیاسیی، دەبنەوە قوربانیی و ئەمەش لە ئاستی پڕۆفێشناڵیزمی سیاسی دەهێنێتە خوارەوە و متمانە دەکەوێتەوە باوەشی قەیرانەوە**

بۆیە چەندە بۆ حزبەکانی دەسەڵات گرنگە هەرچی زووتر خۆیان لە بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبی ڕزگار بکـەن و گرنگیی بە پەروەردەی سیاسـی بـدەن، زۆر لەوەش زیاتر بۆ ئۆپۆزسـیۆن گرنگە کە دەسـت لە بنەما سـایکۆلۆژی و پەروەردەییە دەروونحزبیـەکان هەڵبگرێـت و پەروەردەیەکـی سیاسیی بەدیل بەرجەستە بکات. بەبێ ئەم گۆڕانە لە میکانیزمی سیاسـەتی نێوان ئۆپۆزسـیۆن و دەسەڵات، ئێمە نابینە خاوەن پەروەردەیەکی سیاسی، کە بەرژەوەندییە گشـتیەکان و بەخشینی کۆمەڵێ نـۆرم و بەها و بیرکردنەوە لـە ناخی کۆمەڵگادا بەرجەسـتە بـکات. بەبـێ ڕەتکردنـی ڕێگرە سـایکۆلۆژییە کەڵەکەبووەکان، بەبێ دەستهەڵگرتن لە یادەوەریە گرژەکان و دروستکردنی وێنای دوژمن، بەبێ ڕەتکردنەوەی بنەماکانی کولتووری فیوداڵی لە پراکتیکی سیاسـیدا، بەبـێ هەوڵدان بۆ خەڵك تەکاندنەوە لەیەکتر، بێڕێزی بەرامبەر کاری یەکتر، کەمکردنەوە لە بەهای هەوڵدانـەکان، ئێمە نابینە خاوەنی کاراکتەری سیاسی.

ئەگەر پارتەکانی دەسـەڵات لەبەر هەر هۆکارێك، یان تـرس و بەرژەوەندییەك دەرکیـان بەوە کردبێت کە پێویسـتە گۆڕانکاریی لە پەروەردەی سیاسیی خۆیاندا بکەن و مۆدێلی گفتوگۆ، دانوستان، پرسە گورگانە، وەستاندنی هێرشی ڕاگەیاندنەکان پەیڕەو بکەن، ئەوە ئۆپۆزیسۆن لە بنیاتنانی پەروەردەیەکی سیاسیی ئەمڕۆییدا سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە خۆی لە میراتـە کەڵەکەبووەکەی نـاو مێژووی حزبی کوردی ڕزگار بـکات. تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی سیاسـیی ئۆپۆزسیۆن لە ئێستادا ڕوون و ڕاشـکاو نین و بە هەمان بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبییەوە بەشـداریی لە پرۆسـەی سیاسیدا دەکەن. ئەمە جگە لەوەی ئەنجامەکانیشی بۆ سەر تاکەکەس و کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی ترسناك دەبینرێـن. لەم ڕووەوە ئۆپۆزسـیۆن ئەرکێکی زۆر گەورەی هاتۆتە سەرشان کە مۆدێلێکی پەروەردەی سیاسـیی پەرەپێبدات و لە ڕێگەیـەوە پێمان بڵێت ئۆپۆزیسـۆن چ جۆرە مرۆڤێك بۆ دواڕۆژ ئامادە دەکات، کە نیشـانەکانی پەروەردەی دەروونحزبی و کەموکوریی پەروەردەی سەرەتایی پێوە دیار نەبێت و پرۆسە سیاسـیەکە لەسەر بنەماکانی پەروەردەی سیاسیی ستانداردەوە بەڕێوەبەرێت و بەشداریی تێدا بکات.

*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین.**

# ئاییندەی نادیاری عێراق



شۆڕش عەزیز سورمی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق بەتایبەتیش سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین لە ناوچە سونییەکانی عێراق و هەروەهـا بەردەوامبوونی ناکۆکیەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی عێراق و هەرێمی کوردسـتان، (نوری مالیکی) سـەرۆک وەزیرانی عێراقی خستۆتە بەردەم چەندین کێشەی جیاجیا، کە وایکردووە هەموولایەک لە بارودۆخەکە دوودڵ بن و پێشبینی گەڕانەوەی عێراق بۆ قۆناغی نا سەقامگیری بکەن. وەک ئاشکرایە عێراق لە چەندین پێکهاتەی جیاجیا پێکهاتووە ، دەکەوێتە سەر هێلی گەرمی مەزهەبی و تایفی، بۆیە لەگەڵ سـەرهەڵدانی هـەر بارودۆخێکی تایبەت لەو وڵاتە، ئەو هێڵە مەزهەبی وتایفیـە زیاتر بەرچاو دەکەوێت. جێگەی ئاماژەیە چەند سـاڵێک لەمەوبـەر (جۆ بایدن)ی جێگری پێشووی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا کە ئەو کات سـیناتۆریش بوو، پێشنیازی ئەوەی کرد عێراق بۆ سێ ناوچە دابەش بکرێت، کە ئەوانیش ناوچەی سوننی و شـیعە و کورد بوو. ئەو پێشـنیازەی بایدن ، لەسـەر ئەو بنەمایە بوو کە عێراق بەرەو لێک جیابوونەوە و دابەشـبوون دەڕوات، کەچی ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین دەتوانین لە بیرۆکەی پێشـنیازەکەی ئەو کاتـی بایدن تێبگەیـن. لەم ماوەیەی دواییدا عێراق دووچـاری بومەلەرزەیەکی بەهێز بۆتەوە، کە لەلایـەک مامەڵەکردنـی چاوەروان نەکـراوی حکومەتی ناوەنـدی عێراقە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان لەمەر ناوچە دابڕاوەکان و چۆنیەتی سـود وەرگرتن لە سـەرچاوەکانی نەوت و هەروەها مەسـەلەی پێشمەرگە ، لەلایەکی تریشەوە سـەرهەڵدانی خۆپیشـاندانەکان و نارەزایی دەربڕینەکانە لە ناوچە سـونیەکان. لە راستیدا رەگی هەندێک لەو نارەزایی دەربڕینانـە دەگرێتەوە بۆ ئەو جموجۆڵانەی کە لە ناوەوەی عێراق هەن ، لەوانەش رەخنەکانی (لیسـتی ئەلعراقیە) کە بەردەوام ئاراسـتەی مالیکی دەکەن، بەهۆی هەڵوێسـتە نا دەسـتورییەکانی کە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی تورەبوونی خۆپیشاندەران لە ناوچە سـوننیەکان، هەرچەندە ئەو تورەییە لە دوای دەسـتگیرکردنی پاسـەوانەکانی بەرگری (رافع عیسـاوی) وەزیـری دارایی زیادی کرد، بـەڵام پەیوەندی بەو گۆرانکارییانەشـەوە هەیە کە ئێسـتا عێراق پێیدا تێپەر دەبـی، ئەو گۆڕانکارییانەش دەکەونـە ژێر کاریگەری دوو فاکتەری سەرەکی کە یەکەمیان:هەڵوێستی پارت و پێکهاتە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنن لە حکومەت و دووەمیشیان: بوونی دەسـتی دەرەکیە ئەوانەی کە یاریی بە هەسـتی مەزهەبی و نەتەوەیـی عێراقیەکان دەکەن ، بە مەبەسـتی گۆڕینی ڕێرەوی سیاسی لە وڵاتەکە. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەوەی زیاتر بۆتە مایەی ترس و دڵەراکێی گەلانی عێراق، ئەو بۆشـاییە گەورەیەیە کە بەغیابی سـەرۆک کۆمـاری عێراق(جەلال تاڵەبانی) دروست بووە، بەهۆی نالەباریی باری تەندروستی، هەروەهـا نەبوونی سـێ وەزیری گرینگ لـە حکومەتی فیدراڵـی عێراق، ئەوانیـش وەزارەتری بەرگـری، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ئاسایشـی نەتەوایەتی، کە ئەم سێ پۆستە لەژێر دەسـتی نوری مالیکی دان ،ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشـێلکردنی دروسـتبوونی حکومەتی بەناو یەکگرتووی نیشتمانیە.



# ریزبەندی ئەولەویەتە نیشتمانیەکان و ئیرادەی کورد لەهەموو

ئەو ئازادییەی بەماندوبوون و قوربانی و شەونخوونی هەموو تاکێکی کوردستان بەرهەمهاتووە، پاراستنی دەبێت ئەرکی سەرشانی هەر تاکێک و بەرپرسیاریەتی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان بێت

هەموو پێشـــبینیەکان بەو ئاڕاستەیەن گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەسەر ئاســتی ناوچەکە بەڕێوەیە، ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەر لەلایەکــەوە پێشــبینی مەترســی و خراپی بــۆ بکرێت، ئەوا لەلایەکەوە دەکرێت پێشبینی ئەوەش بکرێت کە ئەم گۆڕانکاریانە هەل و فرسەتێکی دیکە بۆ بەردەم کێشەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە بەگشــتی و هەرێمی کوردســتان بە تایبەتی دێنێتە پێشەوە، بەڵام خوێندنەوەی دروست بۆ ئەم بارودۆخە تەنها ئەوە نییە بە دیدێکی گەشــبین یان ڕەشبین ســەیری بارودۆخەکە بکرێــت، بەڵکو خوێندنەوەی واقیعیانــە ئەوەیە هەموو لایەنی مەترســی و ئەگەرەکان هەڵبســەنگێنرێت و ئامادەباشــی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیــان بگیرێتە بەر، لەمەش گرنگتر ئەوەیە چۆن لە بارودۆخێکی گۆڕاودا دەکرێت هەوڵبدرێت هەل و فرسەتەکان بقۆزرێنەوەو هەنگاوێك بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان بچینە پێشەوە.

ئەگەر لەم راســتەوە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نزیك نەك دوور، ئەوا باشترین وانە کە لەمێژوو فێری دەبین کارەساتەکانی دوای ئەنفال و کیمیاباران و پاشان ڕاپەرین و کۆڕەو بووە، لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا ئەوەی ئەم مێژووە فێرمان دەکات ئەوەیە ئەگەر کورد ئیــرادەی یەك بووبێت و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد بوونی هەبوو بێت، ئەوا لەناو کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و لەسەر زەمینەی سوتماکی ئەنفال ئیرادەی راپەڕین و ئازادکردنی کەرکوکی دڵی کوردستان و تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە دایکبووە، ئەگەر ئیرادەمان یــەك بووبێت و یەکڕیزی نێوماڵی کورد هەبوو بێت، لەناو کارەساتی کۆڕەودا گیانی مقاوەمەت و بەرخــودان لەدایکبووە و هەلی مێژوویی بە دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش و بە دابینکردنی نەوای ئارام بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، لەناو ناوچەی نەوای ئارامدا دیسان لەبەر ئەوەی ئیرادەی یەکگرتوویی کورد هەلی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنــی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســتانی لێکەوتەوە و ئەو ئەزموونــە دیموکراتییەی لێ بەرهەمهات کە ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەکە کەم وێنەیە، لەوانەیە هەندێك ئەم ئاڕاســتەیە بە جۆرێك لە پیاداهەڵــدان لێکبداتەوە و بەو جۆرە شــرۆڤە بکرێت کە مەبەست لەکەم وێنەی ئەزموونی کوردستان ئەو دەسکەوتانەیە کە حکومەت بەدەستی هێناوە، بەڵام ئامانجی



# یەکڕیزی لایەنە سیاسیەکان

## قۆناخێکدا فەرز دەکات

ئەم راپۆرتە لە مانای دەسکەوت لەو چوارچێوەیە فراوانترە کە بۆ دەسکەوتەکانی حکومەت یان تەنانەت ئەو حزبانەش کە ئێستا فەرمانڕەوان، بەڵکو دەچێتە ئاستێکی فراوانتری ئەوتۆ کە چوارچێوەی هەموو پرۆسەی حوکمڕانی دەگرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی نەك تەنها بوونی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئابووری بازاڕیش دەگرێتەوە، کە هەموویان لەناو فەزایەکی گشتی دیموکراتی کۆبوونەتەوەو دەکرێت بە ئازادی رەخنەیان لێبگیرێت و بەئازادی هەڵویستیان لەبارەوە وەربگیرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەسکەوت مانایەکی دیکە وەردەگرێت؛ ئەویش ئەو ئازادییە کە ئەمڕۆ بەدەست هاتووە، ئەوجا ئەو ئازادییە چۆن بەرهەمی ماندوبوون و قوربانی و شەونخوونی هەموو تاکێکی کوردستانە، ئەواش پاراستنی ئەو دەسکەوتە ئازادییە دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەر تاکێك و ئەرکی سەرشان و بەرپرسیاریەتی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستانیشە، هەربۆیە کاتێك باس لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەگەرەکانی ئایندە دەکەین بەلامانەوە گرنگە راوبۆچوونی هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان و رۆشنبیران و نووسەرانی کوردستان بڵاو بکەینەوەو رەخنە و سەرنج و تێبینیەکانیشیان بڵاو بکەینەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەو ئامانجەیە کە وێڕای بۆچوونە جیاوازەکانمان، سەرەنجام و لە کۆتاییدا هەموومان پێکەوە رووبەڕووی ئەگەرە جیاوازەکان دەبینەوە و هەردەبێت پێکەوەش بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەوڵبدەین مەترسیەکان برەوێنینەوە و پێکەوە هەل و فرسەتە جیاوازەکان سوود لێ وەربگرین، لەم چوارچێوەیەدا جیاوازی بۆچوونەکانمان لەسەر پرسەکان دەبنە نیشانەی زیندوویەتی ئەزموونە دیموکراتیەکەمان و هەنگاو هەڵگرتنی زیاتر بۆ گەیشتن بە دوا ئامانجمان کە پاراستنی ئەم ئازادییە، هەر لەم روانگەیەشەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەو پێشنیارەی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە و بەزمانی گفتوگۆ لێکتێگەیشتن کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد پتەوتر بکرێتەوە، سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەم کرانەوەیە بەمجۆرە رای خۆی

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەو پێشنیارەی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە و بەزمانی گفتوگۆ لێکتێگەیشتن کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن**

**حزبە سیاسیەکان لە ئۆپۆزسیۆن بن یان دەسەڵات دەبێ شەرعیەتی ئەو سیستمە سیاسیە قبوڵ بکەن و ڕێز لەئاکامی دەنگدان بگرن**

**دەکرێت حزبێک ئیسلامی بێت یان پاشخانێکی ئیسلامی وەک پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیای هەبێت دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، بەڵام بەمەرجێ ئەم فیکرە هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵنەگرێت سیستمە دیموکراتیەکە رەتبکاتەوە**

**ئۆپۆزسیۆنیش مافی خۆیەتی رەخنە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی دەسەڵات بگرێت، بەڵام رەتکردنەوەی بەرنامەی لایەنی دەسەڵات و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە لایەنی دەسەڵات بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکات، ئەمە دیاردەیەکە نامۆیە بە دیموکراتی لیبرالی**

بۆ گوڵان دەربڕی : (لە راستیدا ئەو کۆبوونەوانەی ئەم دواییە کە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوە، لەدوای ئەو ئامادەییەی کە ئۆپۆزسیۆن پیشانی دا لەو یەکهەڵوێستەی بەرامبەر بە عیراق و ناوچەکە، ئەو کۆبوونەوەیە هەنگاوێکی باش بوو سەرۆکی هەرێمیش ئەو بابەتەی بەجددی وەرگرت، هەرئەوەش بوو رۆژێك دوای ئەمە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کرا، هەر لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا شاندێك لە مەکتەبی سیاسی هەردوولا بچێتە لای هەرسێ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکە، پێم وایە ئەمە بەجددی وەرگرتنی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دابوو)) .

سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان لە ئاخاوتنەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هیچ کێشەیەك نییە بە دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەر نەکرێت، بۆیە دەکرێت ئەگەر کێشەیەك لە نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، لەمبارەوە بەگوڵانی راگەیاند: (هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهان بەشێکی زۆری هەر بە گفتوگۆ چارەسەرکرا، هەروەها شەڕی عیراق و ئێرانیش بە هەمان شێوە، لە مێژووشدا شەڕی میللەتی کوردیش لەگەڵ رژێمەکانی عیراق هەندێکی هەر بە گفتوگۆ گەیشتۆتە ئەنجام، ئێمە لەگەڵ دوژمنانی کورد گفتوگۆ دەکەین، چی تێدایە ئەگەر کورد ماڵی خۆی بە گفتوگۆ رێك بخاتەوە، هیچ شتێکی قورس نییە بە گفتوگۆ چارەسەر نەکرێت ئەگەر مەیلمان لێ بێت ئەم کارە سەر دەگرێت، هەروەها دوای ئەو گیروگرفتانەی لەماوەی رابردوو لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن روویداو بە توندوتیژی نەگەیشتنە ئەنجام، هەموو رێگایەکیش گیرایەبەر هەر لە شەڕەبەردەکەی بەردەرگای سەرا تا گەیشتە پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان و لەسەر شەقام و ئەنجامی نەبوو، ئەوەبوو لەم دواییەدا ئۆپۆزسیۆن ئامادەیی پیشاندا، بە تایبەتیش ئەو هەڵوێستانەیان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان بەرامبەر کەرکوك و بەغدا ئەمەیان هەڵوێستێکی باش بوو، بۆیە دوای ئەم هەنگاوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەم هەنگاوەی ئەوانی کردوو، بەجددی بەدەمی ئەم مەسەلانەوە هەنگاوی نا، من پێم وایە هەموو کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر دەکرێن هەرچەندە ئەوان لەم دواییەدا هەندێ مەرجیان هەبوو، کە پێم وایە هەندێکیان رەتکرایەوە، بەڵام هەموو گفتوگۆیەك ئەنجامی باشی دەبێت )).

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکە و سەبارەت بە پێشنیارەکانی ئۆپۆزسیۆن کە داوایان کردووە ئەوان پێشنیاریان هەیە و دەبێت دەسەڵات جێبەجێی بکات، محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بەوەکرد پێشنیار دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت و جێبەجێشی بکرێت، بەڵام هەموو حزبێکی سیاسیی کە بەشداری هەڵبژاردنی کردووە بەرنامەی خۆی هەیە، ئەولەویەت بۆ ئەوەیە بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات لەمبارەوە وتی : (من پێم وایە هەندێ شت هەیە رەنگە موزایەدە بێت، ئەگینا هەموو حزبەکان لە هەڵبژاردندا هەبوون، ئەو لایەنەی بردوویەتییەوە حکومەتی پێکهێناوە، ئەویش بەرنامەی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە رەنگە کە تۆ پێشنیاری بۆ بکەیت ئەگەر پێی باش بێت بیخاتە بەرنامەکەی خۆیەوە، ئەگەر ئەو حزبەی کە بردوویەتیەوە و حکومەتی پێکهێناوە داواش بکات بەرنامەکەی جێبەجێ بکرێت با ئەو جارە بیباتەوەو خۆی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات. لەناو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیشدا من پێم وایە کە ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتیش (گۆڕان) کە هێزێکە و لە دەسەڵات نزیکە لە رووی کورسییەکانیەوە، دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان کە ٣٠ کورسی هەیە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٩ کورسی هەیە، گۆڕان ٢٥ کورسی هەیە، واتا ٤ کورسیی لەگەڵ یەکێتیدا بەینە، بۆیە دەکرێت ئەو سێ لایەنە کە کورسییەکانیان لە یەکەوە نزیکن دەتوانن بۆچوونەکانیان لە یەکدی نزیك بکەنەوە، رەنگە حزبەکانی دیکە وانەبن یەکێك لەو حزبانە لە گەڵ گۆڕاندا زۆر کورسی بەینە، یان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ٢٥ یان ٢٦ کورسی بەینە، بۆیە لەناو هەر سێ حزبەکەی ئۆپۆزسیۆندا گۆڕان زیاتر لەو دوو حزبەی دەسەڵات نزیکترە)).

## بەشداری ئۆپۆزسیۆن لە حکومەت مەرجێکی قورسە و جێبەجێ ناکرێت

لایەنی ئۆپۆزسیۆن پێشنیارەکەی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی لە حکومەت بەشدار بن، بە مەرجێکی قورسی دەزانن، بەڕێز قادر عەزیز سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان کە ئەو حزبەکەی وەك ئۆپۆزسیۆن راگەیاندووە و تائێستا لەگەڵ سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتنی نییە، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو مەرجەی پارتی و یەکێتی ئاراستەی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆنیان کردەوە بەوەی بەشداری حکومەت بن مەرجێکی تەعجیزیە و مانای ئەوەیە دەسەڵات دەیەوێت مافی ئۆپۆزسیۆن بوون لەو حزبانە بسەنێتەوە و بیانکاتە بەشێك لەدەسەڵات، بۆیە حکومەتی ئێستا ئەگەر بیەوێت چاکسازی بکات، پێویستی بەوە نییە ئۆپۆزسیۆن بەچەند وەزیرێك بەشداری تێدا بکات، لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی : (ئێمە وەك حزبی ئاییندەی کوردستان حزبێکی ئۆپۆزسیۆنین، لە پەرلەمانیش لەگەڵ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنیش کاری هاوبەش ئەنجام دەدەین، بەڵام ئەو لیژنە هەماهەنگییەی کە پێش ئێمە هەبوو، واتە پێش بوونی ئێمە بە ئۆپۆزسیۆن، ئێمە ئێستا لەو لیژنەیە نین لەبەر ئەوەی زۆر جار لە کۆبوونەوەی باڵای سێ حزبەکە دەرناکەوین، سەبارەت بە بارودۆخ هەروەکو دەزانن ناوچەکە ئاڵۆزییەکی زۆری تێدایە، ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوانی ناوچەکەی ئێمە دەکات بە تایبەتیش دوای رووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، کە هەموو لایەك ئێستا خۆی بۆ ئەم رووداوە گرنگە ئامادە دەکات، عیراقیش هەر لەبەردەم ئەو ئەگەرەدایە کە ئومێد دەکەین وا نەبێت، شەڕی تایەفەگەرییە، دابەشبوونە، بۆیە ئەگەر حکومەتەکەی مالکی داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی سوننە جێبەجێ نەکات ئەگەری ئەوە هەیە عیراقیش بەو ئاقارەدا بڕوات، دەبێ کوردیش پێش هەموو لایەنەکانی دیکە خۆی بۆ ئەو ئەگەرانە ئامادە بکات، چونکە سوریاو عیراق راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە، تا ئێستاش ئێمە بەشێکین لەو دەوڵەتە، هەوڵیش بدەین پریشکی

کێشەکانمان بەرنەکەوێت، ئەگەر گۆڕانکارییەکانیش هەتا بکرێت بە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت وەك کورد و هەرێمی کوردستان خۆمان لە پێگەیەکی بەهێزەوە بۆ ئەو ئەگەرانە ئامادەبکەین، ئەمەش بە بەهێزکردنی فاکتەری زاتی خۆمان ئەم پێگەیە پتەوتر دەکەین، واتا یەکخستنەوەی ماڵی کورد، بەڵام هەر بەقسە نا، وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، یەکخستنەوەیەکی ڕاستەقینە، لەسەر بنەمای دیموکراتی و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان و سەروەریی یاساو هەموومان مافەکانمان پارێزراو بێت لە هەرێمی کوردستان، تاکو ئێمەش بەشداری بکەین لە یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی ئەم هەرێمە، ئەمەش بە چاکسازییەکی ریشەیی و راستەقینە دەکرێت، تا ئەو نادادپەروەری و گەندەڵی و جیاکارییە لە کوردستان نەهێڵین، چونکە هەموو شتێك لەدەست حزبە و نەگۆڕاوە، ئەمەش واتا بوونی حوکمڕانییەکی حزبی لەسەرووی حکومەت و پەرلەمانەوە، ئەگەر بمانەوێ چارەسەری ئەم بارودۆخە بکەین، ئەگەر ئیرادە هەبێت و هەموومان هەست بە لێپرسراوێتی بکەین بە تایبەتیش هەردوو حزبی دەسەڵات، چونکە دەسەڵات بەر لەهەموو شتێك بەرپرسیارێتییە بەرامبەر دەستکەوت و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، وەك دەزانن ئێستاش هەندێ هەوڵ لەئارادایە لە نێوان دەسەڵات و هەر سێ حزبی ئۆپۆزسیۆن، کە هەمووما‌ن چاکسازی بە ئیستحقاقێکی قۆناغەکە ببینین، نابێ چاکسازی لە چوارچێوەی کێشەکان سەیربکەین))

ئەگەر چاکسازی بە ئیستحقاقی قۆناخەکە سەیر بکرێت، ئەوا ئەم ئەرکە دەبێتە ئەرکێکی گشتگیری هەمەلایەنە و دەکرێت هەموو پێکەوە هاوکاربین و پرۆسەکە سەربخەین، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێیان وایە ئەوە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن نییە بەشداری بکات، بەڵکو ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەی پێشنیار بکات و دەسەڵات جێبەجێی بکات، لەمبارەوە سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بەمجۆرە رای خۆی بۆ دەربرین: ( ئەو کۆبوونەوانەی ئێستا لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دەکرێن، کرانەوە نییە، بەڵکو دەستپێشخەری ئۆپۆزسیۆن بووە، بەڵام بەداخەوە لە هەنگاوی یەکەم وەڵامی دوو حزبەکە هاندەر نەبوو، چونکە مەرجێکیان وەکو میکانیزم داناوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ئەویش بەشداری کردنی ئۆپۆزسیۆنە لە حکومەتی بنکە فراوان، ئەمە مەرجێکی تەعجیزییە، چونکە لە ئێستادا ئەو متمانەیە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا نییە، بەشداریکردن لەو حکومەتە مانای نەمانی ئۆپۆزسیۆنە، واتا مافی ئۆپۆزسیۆنبوونتان لێوەردەگرینەوە، دوای ئەوە ئەوان چاکسازی دەکەن یان نا؟چونکە هیچ گەرەنتییەك بۆ ئەمە نییە، چونکە ئەگەر بیانەوێت چاکسازی بکەن تەنیا پێویستیان بە هاوکاریی ئۆپۆزسیۆن و لایەنەکانی دیکەیە، پێویست بە بەشداری نییە، حکومەتێکی تەواومان هەیە هەر ئەو دەتوانێت چاکسازی بکات، خۆ رێگەی چاکسازیش دیارە، چ پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆنە یان پرۆژەکانی چاکسازی لایەنەکانی دیکەیە هەتا پڕۆژەی چاکسازیی خودی یەکێتی و پارتیشە، بۆیە دەتوانن بیکەن و کەسیش دەستی نەگرتوون، بەڵام ئەو مەرجەی ئەوان بۆ



**محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان:**

## ئەو کۆبوونەوانەی ئەم دواییە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم لەدوای ئەو ئامادەییەی کە ئۆپۆزسیۆن پیشانی دا لەو یەکهەڵوێستەی بەرامبەر بە عیراق و ناوچەکە، هەنگاوێکی باش بوو، سەرۆکی هەرێمیش ئەو بابەتەی بەجددی وەرگرت

**ئێمە لەگەڵ دوژمنانی کورد گفتوگۆ دەکەین، چی تێدایە ئەگەر کورد ماڵی خۆی بە گفتوگۆ رێک بخاتەوە، هیچ شتێکی قورس نییە بە گفتوگۆ چارەسەر نەکرێت**

**لەناو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆندا من پێم وایە (گۆڕان) کە هێزێکە و لە دەسەڵات نزیکە لە رووی کورسییەکانیەوە، دەکرێت ئەو سێ لایەنە کە کورسییەکانیان لە یەکەوە نزیکن بۆچوونەکانیان لە یەکدی نزیک بکەنەوە، رەنگە حزبەکانی دیکە وانەبن**

**پێویستە خۆمان یەک بخەین، چونکە کورد فاکتەرێکی بەهێزە لە ناوچەکە، ئەگەر کورد فاکتەری بەهێز نەبووایە ئەو هەوڵانەی ئەم دواییەی بەغدا پاشەکشەی نەدەکرد**

ئۆپۆزسیۆنیان داناوە مانای وایە نایانەوێ چاکسازی بکەن، خۆ ئەگەر ئیرادەش هەبێت مەرجی ناوێت، پارتی و یەکێتی تەنیا دەتوانن داوای پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن بکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ))

**پێوەرە دیموکراتیەکان وەك بنەمایەك**
**بۆ پەیوەندی و هاریکاری نێوان لایەنە سیاسیەکان**

لەسیستمی دیموکراتیدا کۆمەڵێك پێوەر هەیە کە دەبێت سیستمی حزبایەتی لەسەر ڕێکبخرێت، بۆیە حزبە سیاسیەکان لە ئۆپۆزسیۆن بن یان دەسەڵات دەبێ شەرعیەتی ئەو سیستمە سیاسیە قبوڵ بکەن و ڕێز لەئاکامی دەنگدان بگرن کە بەشێك لە حزبەکانی کردووە بە دەسەڵات و بەشێکی کردوون بە ئۆپۆزسیۆن، بۆیە حزبی سیاسی لە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لەدەسەڵات، ئەرکی یەکەمی پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە و ئەو بنەماو ڕێسایانەشی گەمەی سیاسیی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ڕێکدەخات دەبێت ئەو بنەماو پێوەرانە بێت کە سیستمە دیموکراتیەکەی لەسەر دامەزراوە، لەم چوارچێوەیەدا حزبی دەسەڵات مافی خۆیەتی لەنێوان دوو خولی هەڵبژارندا ئەو بەرنامەیەی دەنگی پێ وەرگرتووە جێبەجێی بکات، هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش مافی خۆیەتی ئەخنە لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە بگرێت یان هەوڵبدات لەسەر جێبەجێ نەکردنی بەرنامەکەی هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، بەڵام دەرچوون لەم بنەمایە و ڕەتکردنەوەی بەرنامەی لایەنی دەسەڵات و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە لایەنی دەسەڵات بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکات و واز لەبەرنامەکەی خۆی بێنێت، ئەمە دیاردەیەکە نامۆیە بە دیموکراتی لیبرالی و لەوانەیە ئەم شێوازە تەنها لەو مۆدێلی دیموکراتیانە دەربکەوێت کە ئێستا لە هەندێك وڵاتی ئەمریکای لاتینی دەرکەوتووە، کە ئەم ئاراستەیە نەك هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو حوکمڕانی دامەزراوەیی و سنووربەندکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵکو هەنگاو هەڵگرتنە بۆ نەهێشتی دامەرزاوەکان و بێ بایەخکردنی ئەو شەرعیەتە سیاسیەی هاووڵاتیان لەمیانەی سندوقی دەنگدانەوە بە سیستمە سیاسیەکەیان بەخشیوە، ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە کەبەرەو مۆدیلی پۆپۆلیستی هەندێك وڵاتی ئەمریکای لاتینی وەك ( پیرۆ و پۆلیفیا ) مان دەبات، لە پاشخانی فیکرێکی رادیکاڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ ئەوان ئەو پاشخانە فیکریە چەپگەراییە و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش چەپگەرایی و ئیسلامی یە، لەوانەیە پرسیار لێرەدا ئەوە بێت ئایا ناکرێت فیکری چەپ یان ئیسلامی لەناو سیستمی دیموکراتی بوونی هەبێت، یان ئایا دیموکراتی بوار بەوە نادات ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بوونیان هەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین دەکرێت حزبێك ئیسلامی بێت یان پاشخانێکی ئیسلامی وەك پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیای هەبێت دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، بەڵام بەمەرجێ ئەم فیکرە هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵنەگرێت سیستمە دیموکراتیەکە ڕەتبکاتەوە، هەروەها لە ئەزموونی لیبرال دیموکراتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا چەندین حزبی چەپ بوونیان هەیە و لەپەرلەماندا بەشداریان هەیە، بەڵام سیستمەکە ڕەتناکەنەوە، کەچی لە وڵاتانی عەرەبی و هەندێك لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی ئەم پاشخانە فیکرییە تەواوی سیستمی دیموکراتی و دامەزراوەیی ڕەتدەکاتەوە و هەوڵدەدات ژینگەی کراوەی سیستمە دیموکراتیەکە بکاتە ئامرازێك بۆ رووخاندنی سیستمە دیموکراتیەکە، هەربۆیە لەهەر وڵاتێك ئەم پاشخانە فیکریە تێکەڵاوی هاوکێشەی سیاسی بێت لە سیستمی دیموکراتیدا، ئەوا سەقامگیری سیاسیی تارادەیەکی زۆر دەشڵەژێت و زەمینەی لەبار بۆ چاکسازی و ئەنجامدانی ریفۆرم لەبار دەچێت، ئەگەر لەم حاڵەتە سەیری ئەو قسانەی بەڕێز قادر عەزیز سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان بکەین، کە لەپێشەکی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، هەست دەکەین کاتێك ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن، ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم حوکمڕانییە حزبیە و دەبێت بگۆڕێت بۆ دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا، بەڵام کاتێك دەسەڵات داوای ئەوە دەکات فەرموون خۆتانیش لە حکومەت بەشدار بن بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو چاکسازیانە ئەنجامبدەین کە ئێوەش هەتانە و ئێمەش هەمانە، ئەوا سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان ئەمە بە مەرجێکی تەعجیزی دادەنێت و پێی وایە پارتی و یەکێتی حکومەتێکی تەواویان هەیە و پێویستیان بە بەشداری ئۆپۆزسیۆن نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم حکومەتە حکومەتێکی حزبیە یان حکومەتێکە دەتوانێت هەنگاو بۆ چاکسازی هەڵبگرێت؟ ئەگەر ئەم حکومەتە حکومەتێکی حزبی بێت و لەم وڵاتە یاسا بوونی نەبێت وەك لەسەرەتاوە ئاماژەی پێکرد، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم حکومەتە حکومەتێکی تەواوە و پێویستی بەبەشداری ئۆپۆزسیۆن نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جۆرە هاودژییەك یان ناتەندروستیەك لە پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یان دەبێت چاوەڕێی حکومەت بکەن بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات، یان ئەوەیە دەبێت ئۆپۆزسیۆن بێتە پێشەوەو بەشدار بێت لەو پێشنیارانەی کە بۆ چاکسازی هەیەتی، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەردوو لایەنی دەسەڵات پارتی و یەکێتی بەڕاشکاوانە ڕایانگەیاندووە هێڵی سوریان لەسەر هیچ پرسێك نییەو ئامادەن هەموو ئەو پرسانە وتووێژی لەسەر بکەن، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز ڕۆمیۆ هەکاری سکرتێری حزبی بەیت نەهرێنی دیموکراتی بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی : ( ناکرێت تەنیا باسی دیموکراسیەت بکەین و سازشی خۆمان بکەین و باس لە ئەزموونی دیموکراسیەتی خۆمان بکەین، بەڵام ئەدامان دژی دیموکراسیەت بێت یا نادیموکراسی بین، ئێستا بەشاهدی دۆستان و دوژمنانیش ئەو ئەزموونە دیموکراسیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ڕێچکەی خۆی گرتووەو چۆتە پێشەوە، کەواتە ئەرکی هەمووانە ئەم ئەزموونەی دیموکراسی کە لەهەرێمی کوردستان هەیە بەهێزتری بکەین، ئەمڕۆ ناوی زۆربەی پارت و حزبە سیاسیەکان وشەی دیموکراسی یا بەماناکەی بەکارهێناوە پێویستە ئاستی ئەدایان بۆ پیادەکردنی دیموکراسی بەرز بکەنەوە، لە راستیدا زۆر لە پارتە سیاسییەکان دیموکراسین چونکە ئەگەر بەراوردی دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرجەم ناوچەکانی تری عێراق و دەوروبەر بکرێت جیاوازییەکی بەرچاو دەبینێت،

پاراستن و پابەندبوونی رەهامان بەچەمکەکانی دیموکراسیەتەوە بەهێزترمان دەکات و دەمانپارێزێت و بەیەکگرتوویی رووبەڕووی هەموو هێرش و پەلامارێکی دەرەکی دەبینەوە کە لەبۆسەدا بێت بەرامبەر ئەم ئەزموونە دیموکراسیەمان. بۆیە گرنگە ئەولەویاتی نیشتمانیمان دەبێت یەکەمین هەنگاو بێت کە ئێستا هەموو هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان لەسەر ئەمە کۆکن کە دەبێت مەسەلە چارەنووسسازەکان و نیشتمانییەکان لە پێشەنگی بەرنامەو کارو سیاسەتەکانیاندا بێت و دواتر مەسەلە حزبیەکان رەچاو بکرێت، کەی مەترسی و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستانمان دوورخستەوە ئەو کات دەکرێت مەسەلەی حزبایەتی بکرێت مەبەستیشم حزبایەتی تەسك و تەقلیدی نییە، لەم رووەوە ئێستا لەم قۆناغەی ٢٠١٣ زۆر جیاوازترین لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە لەدوای راپەرین پێیدا تێپەڕ بووین، ئەمڕۆ هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی لایەنی نیشتمانی و کوردستانی بپارێزین و دواتر قسە لەسەر مەسەلە حزبایەتییەکان بکەین)).

**یەکڕیزی و ئەولەویەتە نیشتمانیەکان**

لەم قۆناخەدا کە هەرێمی کوردستان بێجگە لەوەی بەشێکە لەنێو ئەو جوگرافیایەی کە گۆڕانکاری گرتوویەتیەوە لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك کێشەشی لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەیە، سەبارەت بەوەی تاچەند لەم قۆناخەدا ئەگەر دروستبوونی مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نین بۆیە هەڕەشەمان لەسەرەو لایەنی بەرامبەر تۆ بە بەشێك لەخۆی دەزانێت، رۆژانەش لە قسەو ئاماژەکانی بەرپرسانی عیراق تەئکید لەسەر یەکێتیی خاکی عێراق دەکرێتەوە، واتا دەبێ ئێمەش بەشێك بین لە عیراق، بۆیە هەندێ جار خۆشمان ناتوانین بڵێین ئێمەش وەکو میللەتێك مافی سەربەخۆییمان هەبێت، بۆیە لەبەر ئەم گرفتانە پێویستە خۆمان یەك بخەین، چونکە کورد فاکتەرێکی بەهێزە لە ناوچەکە، ئەگەر کورد فاکتەری بەهێز نەبووایە ئەو هەوڵانەی ئەم دواییەی بەغدا پاشەکشەی نەدەکرد، رەنگە ئەم پاشەکشەیەی عیراق لە کۆمەڵێك بڕیاری خۆی لای ئەوان بە پاشەکشێ نەزانن، بە تایبەتی دوای جووڵاندنەوەی سوپا، ئەمەش پەیوەندی بە بەهێزیی کوردەوە هەیە لە ناوچەکە، دەبینین ئۆردوگان سەرۆکی حکومەتی هەشتا ملیۆنە، سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و دادوەری سەر بە حزبەکەی ئەون، چی وای لێ دەکات بچێت لە ئیمرالی وتووێژ لەگەڵ ئۆجەلان بکات، ئەو کوردە فاکتەرێکی بە هێزە، چی وای لێدەکات بەهەر شێوەیەك بێت کە ئیدارەی کورد لە ناوچە کوردییەکانی سوریا رادەستی کورد بکرێ، ئەمەش مانای وایە کورد نەك هەر لە کوردستان و عیراق بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش فاکتەرێکی بەهێزە، واتا ئەمڕۆ کورد باڵانسێکە لە بەینی هێزە گەورەکاندا، لەبەینی شیعەو سوننەدا، لەبەینی ئەمریکاو ئێراندا، لەبەینی تورکیا و قەتەر و سعودیەدا، سەبارەت بە عێراقیش ئەوە پێم وایە کە ئەو عیراقە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان و لە دوای سایکس بیکۆو دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان هاوپەیمان و میحوەردا، ئەمانە وایان کرد کە سێ



**قادر عەزیز سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان:**

# هەندێ هەوڵ لەئارادایە لە نێوان دەسەڵات و هەر سێ حزبی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، کە دەبێت هەموومان چاکسازی بە ئیستحقاقێکی قۆناغەکە ببینین، نابێ چاکسازی لە چوارچێوەی کێشەکان سەیر بکەین

**ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوانی ناوچەکەی ئێمە دەکات بە تایبەتیش دوای رووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، کە هەموو لایەک ئێستا خۆی بۆ ئەم رووداوە گرنگە ئامادە دەکات**

**پارتی و یەکێتی تەنیا دەتوانن داوای پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن بکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی**



رۆمیۆ هەکاری سکرتێری حزبی بەیت نەهرێنی دیموکراتی:

# ناکرێت تەنیا باسی ئەزموونی دیموکراسیەتی خۆمان بکەین، بەڵام ئەدامان دژی دیموکراسیەت بێت یا نادیموکراسی بین

**بەشاهدی دۆستان و دوژمنان ئەم ئەزموونە دیموکراسیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ڕێچکەی خۆی گرتووەو چۆتە پێشەوە، ئەرکی هەمووانە ئەم ئەزموونەی بەهێزتری بکەین**

**ئەمڕۆ هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی لایەنی نیشتمانی و کوردستانی بپارێزین و دواتر قسە لەسەر مەسەلە حزبایەتییەکان بکەین**

ویلایەتەکەی بەغداو بەسرەو موسڵ ناوی عێراقی لێ بنرێت، هەروەها لە سییەکاندا شەڕی بەردەرکی سەرای لێکەوتەوە، واتا ئەو عیراقە کۆن نییە، بەڵکو کورد لکێنراوە بە عێراق لەبەر بەرژەوەندیی بەریتانیا بە تایبەتی لەبەر نەوت کە کاتی خۆی هەستیان بەو بابەتانە کردووە، ئەو کاتە شیعە بەشداری نەکرد لە هەڵبژاردن و حکومەتدا کە گوایە ئینگلیز هاتۆتە ناو مەوزوعەکانەوەو حوکمیش کەوتە دەست سوننەو ئەو بەڵێنانەی بە کورد درا لە کۆمەڵەی گەلان بە ویلایەتی موسڵ ئەمانەش جێبەجێ نەکران، ئەم عیراقە تا گەیشتە ساڵی ٢٠٠٣ بەم زەبرو زەنگە بەیەکەوە لکێنرا، بەڵام دوای رووخانی رژێمی پێشوو رزگاربوونی کورد لەو مەینەتییانە رەنگە هەندێ لە بۆچوونەکان بەسەر کورددا تێپەڕیبێت، چونکە ئەو کاتە کورد وا هەستی دەکرد دوای رووخانی رژێمی بەعس ئیدی هەموو شتەکان شامی شەریفە هیچ شتێك نەماوەو کورد خۆی خاوەن هەموو شتێکە، لە کاتێکیشدا عیراق سەربازێکی نەما و چەکێکی نەما کورد خاوەنی هێزی پێشمەرگە بوو دەیتوانی هەموو شتێك بکات، بەڵام کورد هاوکاریی لایەنەکانی دیکەی کرد و عیراقی بنیادنایەوە، دواتر دەستووری کاتی عیراقی دانرا، کە کۆمەڵێك شتی بەسەر کورددا تێپەڕاند بەشێکی زۆری کوردستان ناونرا (ناکۆکی لەسەرەکان)، لەراستیدا ئێمە دژی ئەوە بووین، چونکە کە تۆ دەڵێیت(ناکۆکی لەسەرەکان)کەواتە لایەنی بەرامبەر مافی خۆیەتی داوای بکات، ئەوکاتە شیعە لە عیراقدا رازی بوو بەوەی کە هەرێمێکی هەبێت و بەشداری لە حوکم بکات لە بەغدا، دوای گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کە من بە بەهاری عەرەبی نازانم بە پاییزی عەرەبییان دەزانم ، دواتر کێشەی سوننەو شیعە لە عیراق دەستی پێکرد، شیعە توانی دەست بەسەر بەغداشدا بگرێت، جگە لە باشوور ئەو کاتە ئەو پاشەکشەی کرد لە فیدرالی، لە هەرێمەکان لە کۆمەڵێك شتی دیکە پاشەکشەی کرد، کێشەی مالکی و هاشمی هاتەگۆڕێ، بۆیە حکومەتی عیراق دوای ئەو کێشانە بیری لەوە کردەوە تانك و هێز بجووڵێنێت بەرامبەر بە کوردستان، ئەم جووڵاندنە دەریخست کە تۆ هێشتا مەترسیت لەسەرە، هەروەها کە هەڵبژاردنی عیراق کرا لە ساڵی ٢٠٠٩ دوای نۆ مانگ حکومەت پێکهێنرا، ئەویش بە تەوافوق دوای کۆبوونەوەی هەولێر، کەواتە بە بێ پابەندبوون بە دەستوور سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان هەموویان بە تەوافوق دانراون، سەرۆك وەزیرانیش بە هێزو بازووی خۆی ئەو پۆستەی وەرنەگرتووە، هەتا فەرماندەی تیپەکانی سەربازی کە دەبووایە بچن لە پەرلەمان سوێند بخۆن، بەڵام ئەو یەکەم جار بە جێگر داینان، ئینجا وردە وردە کردنی بە فەرماندەی تیپەکان، هەروەها دروستکردنی هێزی دیجلە یەکێك بوو لە مەسەلەکان کە باس دەکران، سەرەتا مەسەلەی دەرکردنی هێزی پێشمەرگە بوو لە جەلەولاو سەعدیە و قەرەتەپەو پاشان فیرقەی ١٢ هاتە پێشەوە کە کێشمەکێشی لەسەر بوو، دواتر عێن زالەو شنگال روویدا، دواتر دیجلە، رەنگە دواتر مەسەلەی دارایی و پێشمەرگەو نەوت بێتە پێشەوە، ئەو کێشانە وا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن)).

# یەکڕیزیمان زامنی هێنانەدی سەربەخۆیی کوردستانە



غەفوور مەخمووری*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەر هەمووی لە ڕەوشێکی زۆر هەستیارو ناسك و لەبەردەم هاتنە پێشی کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهاتی گرنگدایە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەینەوەو خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە دێنەپێشەوە، بۆ ئەمەش دەبێ کار بۆ یەکێتی و یەکڕیزی کوردان بکەین بۆئەوەی لە ناوچەکەدا بوونی کاریگەری خۆمان بسەلمێنین و لە داهاتووی نزیکدا بە مافە ڕەواکانمان بگەین، فاکتەری سەرەکیش بۆ گەیشتنمان بە دوارۆژێکی گەش یەکێتی و یەکڕیزیمانە.

بێگومان ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی ڕزگاری و ئازادی نەتەوە چەوساوەکانە لەژێردەستی و دکتاتۆرییەت، لە سەدەی ڕابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ کۆمەڵێ نەتەوەی ژێردەست ڕەخساند کە ئازاد بن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و ببنە خودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لەم سەدەیەشدا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی زوڵم و نایەکسانی و دیکتاتۆرییەت کە لە ئەفریقاوە دەستی پێکردووەو تا ئەو دەوروبەرەی ئێمە هاتووەو بەردەوامە، کاریگەری خۆی دەبێت بۆ سەر کاروانی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن دەتوانێت سوود لەم هەل و گۆڕانکارییانە وەربگرێت و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت، بۆ ئەمەش بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ خۆئامادەکردنی کوردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان یەکێکە لە ئەرکە بەپەلەکانی ئەم قۆناخەی خەباتی کوردان، پێویستە لەم کۆنگرەیەدا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر بەشێکی کوردستان ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ قۆناخی داهاتووی خەباتی گەلی کوردستان دابڕێژرێت و، بکرێتە کارنامەی هەموو لایەك، دواخستنی ئەم کارە نەتەوەییە زیانێکی زۆر بە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە چی دیکە دوانەخرێت، بەستنی ئەم کۆنگرەیە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ یەکێتی کوردان هەنگاوێکیشە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان.

بۆ ئەمەش دەتوانین ئەزموونی باشووری کوردستان بکەینە خاڵی وەرچەرخان ڕووەو هێنانەدی خەونی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستانە، ئێستاش تا ڕادەیەکی باش زەمینە لەبارە لەبەرئەوەی باشووری کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی ژێرخان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، ئەم پێشڤەچوونانەی

باشووری وڵات مایەی دڵخۆشین و پێویستە هەموو لایەکمان هاوکار بین بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو زیاتر پێشڤەبردنی باشووری کوردستان لەهەموو ڕوویێکەوە، بۆ زیاتر پێشڤەبردنی باشووری کوردستانیش پێویستە لە ئێستاوە چاکسازییەکی ریشەیی ئەنجامبدرێت و شێوازی بەڕێوەبردن سیستماتیك بکرێت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی رەچاوبکرێت و گەندەڵی بنبڕ بکرێت و، بایەخ و رۆڵی تەواو بە لاوان و ئافرەتان و کەسانی شارەزا بدرێت، ئەمانەش دەبنە فاکتەری سەرەکی بۆ زیاتر کاراکردن و پێشڤەچوونی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان و بناخەیەکی پتەو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییمان، بێگومان کوردستان ئێستا بۆتە ژمارەیەکی بەهێزی نێو هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین و لە زۆر لاوەش بەبایەخەوە سەیر دەکرێ، بۆیە زۆر وڵات لە کوردستان کۆنسڵخانەیان کردۆتەوە و زۆر وڵاتیش لەهەوڵی کردنەوەی کونسڵخانەو نووسینگەی دیپلۆماسیدان، کاری ئەو وڵاتانە هەمووی بۆ ئەوەیە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کوردستاندا دروست بکەن، لەبەرئەوەی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە کوردستان دوارۆژێکی گەشی هەیە و بەرەو بە دەوڵەتبوون هەنگاو دەنێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان رەچاوی ئەو رەوشەی کوردستان بکەین و هەوڵبدەین زیاتر سەرنجی وڵاتە بڕیار بە دەستەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لای خۆمان رابکێشین و، کار بکەین بۆئەوەی بەرژەوەندی وڵاتانی خاوەن دەسەڵات و کۆمپانیا گەورەکان بخەینە کوردستانەوە، ئەمەش وادەکات کە لەداهاتوودا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئێمەیش بپارێزن.

**ئەزموونی باشووری کوردستان بکەینە خاڵی وەرچەرخان رووەو هێنانەدی خەونی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستانە**

سەرەڕای ئەو پێشڤەچوونانەی باشووری کوردستان تا ئێستاش کۆمەڵێ هەڕەشە لەسەر باشووری وڵاتدا هەن، کە پێویستە هەموولایەکمان رووبەڕوویان ببینەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر باشووری وڵات پێویستە بەزووترین کات ناوماڵی کورد و ناوەندی سیاسی رێك و یەکبخرێتەوەو، مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکان بکرێت، هەروەها پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا.

**پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا**

باشووری کوردستان کە بۆتە جێی ئومێدی هەموو کوردان لەسەر هەموولایەکە پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکەن و وەك هەنگاوێك بەرەو دامەزراندنی کیانێکی نەتەوەیی لێیبڕوانن، ئەمەش ئەرکی هەموو کوردستانێیکی دڵسۆزو وڵاتپارێزە، لەبەرئەوەی چارەنووسی هەر هەموو لایەکمان بەندە بەو ئەزموونەوە بۆیە دژایەتیکردنی ئەو ئەزموونە شەڕکردنە لەگەڵ دوارۆژی خۆمان، مەترسییەکی مەزنیشە بۆ سەر ئاسایش و دوارۆژی گەلی کوردستان، راستە هەموومان تێبینیمان لەسەر سەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کوردستان هەیە ئەوەش کارێکی سروشتییە، لەبەرئەوەی تەواوی جیهاندا دەسەڵاتێك نییە لەلایەن گەلەکەیەوە تێبینی لەسەر نەبێت، لەسەر هەموو لایەکە کەوا بەشێوازێکی سەردەمییانە سەرنج و تێبینی و رەخنەکانیان بۆ باشترکردنی ئیدارەکردنی وڵات بخەنەڕوو.

ئەگەر سەیر بکەین تا ئێستاش ناحەزان لە هەوڵی ئەوەدان پێگەی کوردستان لاواز بکەن و بەردەوام گرفتی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکەن، واتە بەردەوام مەترسیمان لەسەرە و لە رەوشێکی ناسك و هەستیار داین لەبەرئەوەی تا ئێستا قۆناخی رزگاری نیشتمانیمان نەبڕیوە، هەڕەشەکانی ئێستای حکومەتی ئێراقیش لەو چوارچێوەیەدان، عێراق بەو هەڵس و کەوتانەی ئێستای بەرەو تاکڕەوی و دکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت و وەکو رژێمەکانی پێشووی عێراق هەرکاتێ بەهێز بێتەوە دژی کورد دەوەستێتەوە، لەم رووەوەش ئێمەی کورد ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراقدا هەیە، هەرکاتێ ئێراق بێهێزو توانا بووبێت پەنای بۆ کورد هێناوەو دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، کە هێزو توانای پەیدا کردبێتەوە دژی کورد وەستاوەتەوە، ئەگەر سەیر بکەین لەڕابردوودا تەواوی دەسەڵاتەکانی ئێراق لەسەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات جۆرە نەرمییەکیان نواندووەو پاشان کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو بەهێزی رۆیشتووە دژی گەلی کوردستان وەستاونەتەوە، ئەوەتا کە عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ جۆرە نەرمییەکی نواند، بەڵام پاشتر لە ١٩٦١ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوەو ئەوەبوو لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ بارزانی نەمر بەرپا بوو، دەسەڵاتی قاسم ئەوەی توانی لە کوردکوشتن و هێرش و بۆمباران و سوتاندنی شارو گوندی کوردستان درێخی نەکرد، ئەگەر نموونەیەکی تر وەربگرین بەعس لە ١٩٦٨ کە کودەتای کردو دەسەڵاتی گرتە دەست جۆرە نەرمییەکی نواندو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەستی بەدیالۆگ کردو لەئەنجامدا ناچار بوو کە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مۆر بکات و رایبگەیەنێت و لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ هێمنییەك باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت و، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە بەعس دەسەڵاتی بەرەو بەهێز بوون رۆیشت لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بۆوەو کەوتەوە شەڕی کوردستان و جۆرەها پیلانی بەکارهێنا، هەر لە بەعەرەبکردن و کیمیابارانکردن و بێ سەرو شوێنکردن و تادەگاتە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و، ئامانجی بەعسیش نەهێشتنی گەلی کوردستان بوو بەخاك و خەڵکەوە، دوا نموونەش ئەزموونی رووخانی بەعسە لە ٢٠٠٣/٤/٩دا، کە بەعس رووخێنرا ئەوانەی ناوی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیان لەخۆ نابوو خودان پێگەیەکی ئەوتۆی جەماوەری نەبوون لەناو ئێراقدا، کە گەڕانەوە ئێراق بەهاوکاری وڵاتانی هاوپەیمان و وڵاتانی دەوروبەری ئێراق بنکەو پێگەی خۆیان بەهێز کردو، لە هەموو شتێکدا هانایان بۆ سەرکردایەتی کوردستان دەهێناو سەرکردایەتی کوردستانیش لەهاوکاری و پشتگیرییان



دریخی نەکردو ئەوەی بۆ ئەو لایەنە عەرەبییە ئێراقییانەی کرد چارەکی ئەوەی بۆ هێزو لایەنە کوردستانییەکان نەکرد، هێندە بەپیر ئەوانەوە چوون و لایەنە کوردستانییەکانیان پەراوێز خست، کە دەبووا سەرکردایەتی کوردستان زیاتر هاوکاری و پشتگیری لایەنە کوردستانییەکانی بکردبوواو بەهێزی بکردبووان و ئەوەی بۆ لایەنە عەرەبییە ئێراقییەکانی کرد بۆ لایەنە کوردستانییەکانی بکردبووا، بەڵام بەداخەوە وای نەکرد، ئەوەتا ئێستاش دەبینین لایەنە عەرەبییەکان چۆن دژی خواستەکانی گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی دەوەستنەوەو لایەنە کوردستانییەکانیش چۆن بەرەڤانی لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکەن و پشتگیری سەرکردایەتی کوردستان دەکەن، هەقە لەمەودوا سەرکردایەتی کوردستان چاو بەهەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوەو زیاتر ناوەندی سیاسی کوردستان رێکبخاتەوەو بەهێزی بکات و، قسەو بیروڕاو بۆچوونی وڵاتپارێزو دڵسۆزانیش بەهەند وەربگرێت و بەسینگێکی فراوانیشەوە بەپیر رەخنەو گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و لەخەمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵکدا بێت، ئەوەی کە بۆ ئەملاو ئەولای دەکات با بۆ خەڵکی کوردستانی بکات، ئەمە واقیعێکەو پێویستە دانی پێدابنێین، ئەم هەوڵانەی ئێستای مالیکیش هەمووی بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەرکوك و مەخموورو دەڤەرە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان و لاوازکردنی پێگەی کوردستانە، مالیکی و ئەوانی لەدوای مالیکیش دێن هەروا دەبن، با واقیعبینانە رەفتار بکەین و فێڵ لە خۆمان نەکەین.


ئێمە کە لە رەوشێکی وادابین دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعی خۆماندا بکەین و هەموو لایەکمان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئەزموونەکەمان و یەکدەستیش بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان، بۆیە بۆچارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانمان نابێ پەنا بۆ کاردانەوە ببەین، بەڵکو دەبێ لەرێی رەخنەوە گرفتەکان بخەینە روو و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە.

لەسەر ئێمەی کورد پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان گوتاری سیاسیمان یەکبخەین و بە بیرو ستراتیژێکی نەتەوەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیارە بکەین، بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان بۆ کارو خەبات زۆر لەجاران گونجاوترو لەبارترە و زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیدێکی دیکە پرسی کورد دەخوێننەوە و پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی دەبینن، بۆیە لەسەر ئێمەی کوردیش پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەبەرچاو بگرین و وەکو کورد سوود لەو ڕەوشە وەربگرین و، بۆئەوەی ئازادو سەربەخۆ بین و بگەین بە خەونی نەتەوەیی خۆمان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

---

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
YNDK

# ستراتیجییەتی پێوەندییەک



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

بەدرێژایی مێژوو کوردو عەرەب وەکو دوو نەتەوە بەیەکەوە ژیاون و شارستانییەتیان دامەزراندووەو، تەنانەت کورد سامانێکی زۆری پێشکەوتنی فیکری و رۆشنبیری و مەعریفیشی بە زمانی عەرەبی پێشکەشکردووە،بەمەش هاوهەنگییەکی مرۆییان لە دروستکردنی رێبازی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە و بەهایەکی پیرۆزیان لە بنیادنانی سەقامگیریی و دەرفەتی ژیانی هاوبەش تۆمارکرد.بەڵام ئەو شتە لایەنێکی دیکەی وەرگرتووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا هاتەدامەزراندن،سەرەڕای ئەوەی کە کورد خۆیان هاتنەناو دەوڵەتی عیراقیان دوای رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆخۆیان هەڵبژارد،کە دواتر دابەشبوونی کوردستانی لێکەوتەوە. بەڵام حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا بە درێژایی مێژوو سیاسەتێکی شۆڤینیانەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی عیراقی و بنیادنەری دەوڵەتی تازە پەیڕەو کردووە.ئەمەش پاڵی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کوردەوە نا هەڵوێستی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کوردو مافەکانیان لە یەکسانی و دادوەری هەڵبژێرێت.

تا ساڵی ٢٠٠٣ هات و گۆڕانکاری هاتەئاراوە بە رووخانی دیکتاتۆر و رزگاربوونی وڵات لە فاشیەت و شۆڤینییە کوشندەکە، کە گەورەترین تاوانی جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بەکورد ئەنجام دا.عیراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە رێچکەی بنیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدرالیان هەڵبژارد لەسەر بناغەی شەراکەتی نیشتمانی و ویستی ئازاد کە دواتر لە دەستووردا چەسپا.

پەیوەندیی نێوان عەرەب و کورد هەمیشە بە ستراتیجییەتێکی چەسپاوەوە دەمێنێتەوە،ئەو دووگەلە لە رووی جوگرافی و مێژوویییەوە بەیەکەوە ژیاون و هیچ هێزێکی شۆڤینی نەیتوانیوە درز بخاتە نێوانیانەوە.هەرچەندە زۆر هەوڵی شۆڤینیانە خراونەتە گەڕ بۆ ئاژاوە نانەوەی نێوان ئەو دووگەلە بە هەڵگیرساندنی دووبەرەکی و خۆبەزل زانینی هەندێ لە رەگەزپەرستانی عەرەب کە هەوڵیانداوە رۆڵەکانی ئەم میللەتە لە خاکی خۆیان دووربخەنەوە یان بە هەر شێوەیەك بێت بیانچەوسێننەوە.

زۆر جار گوێمان لەوە بووە کە شۆڤینییە عەرەبەکان کوردیان بە چەتەو یاخیبوو لەقەڵەم داوە کە ئەمەش وێنایەکی ناشیرینی پیشانی کورد داوە کە عەرەب دوژمنێکی شۆڤینین و رقیان لە کوردە! بە پێچەوانەی بڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی و تێڕوانینی مرۆیی کراوە بەرامبەر خەباتی ئەو دوو گەلە کە لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا قوربانییەکی پیرۆزیان دژی چەوسانەوەو سەرکوتکردن پێشکەشکردووە.

کاتێکیش باس لە ستراتیجییەتی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر دەکەین،پێویستە ئاماژە بکەین بۆ رێگەبژاردەی دەستوورکە رێگەیەکی دیارو رۆشنە لەبەردەم عیراقێکی دیموکراتی و فرەیی و دەستاودەستکردنی حوکم لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی و یەکێتیی نیشتمانی لە چوارچێوەی فیدرالیەت کە تەواوی مافەکان بۆ کورد لە یەکسانی بە پشتبەستن بە دەستوور دابین بکات و هەنگاویش بهاوێژێت بۆ بەدامەزراوەیی کردنی دەوڵەت کە رێز لە فرەیی بگرێت و چی دیکە سیاسەتی بەپەراوێزخستن و پشتگوێ خستن پەیڕەو نەکات.

بەڵام ئەم بۆچوون و هەڵبژاردەیە تەنیا بە شێوەی تیۆری و وەك مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە،تەنانەت سیستەمی شەراکەتی نیشتمانی وبژاردەی دیموکراتییەتی تەوافوقیش چەقی بەست و تەگەرەی زۆری هاتە پێش،بە پێی سیستەمی پەرلەمانی سەرۆك وەزیران دەسەڵاتەکانی دیاریکراون،بەڵام بە پەناوپێچی گەمەی سیاسی زۆرجار ئەو دەسەڵاتانەی تێپەڕاندووە،کەچی جێگرانی سەرۆکی وەزیران و وەزیرانی کورد یان پشتگوێ خراون یاخود دەسەڵاتی تەواویان پێنەدراوە و توانای کارکردنیان لە چوارچێوەی وەزارەتەکانیان سنووردارکراوە،دەرکردنی هەموو بڕیارەکانیش لەدەست خودی سەرۆك وەزیراندایە کە ئەمەش پێشێل کردنی دەستوورە.

لەلایەکی دیکەوە پۆستی سەرۆکی سوپاسالار پەراوێزخراوەو رێژەی کوردیش لە سوپادا لە ٨٪ بۆ ٤٪ کەم بۆتەوە،ئەمە وێرای راگرتنی یارمەتی چەك و مەشق لە پێشمەرگە. رێڕەوی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت لەژێر سێبەری دەستووردا نییە،چونکە کەسانێك هەن لە نێو حکومەتی فیدرالیدا کە دەیانەوێت تاکڕەو بن،بە هۆی مۆرکی لێکدانەوەی یاسایی ماددەکانی دەستوور بە دیدو بۆچوونی سیاسی کە هەر بە زمانی سیاسی نا یاسایی نووسراونەتەوە و لە چاوەڕوانی هەمووارکردندان کە بڕیار بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا تەواوبکرێت بەڵام نەکرا!

هاوکات زۆرجار مانۆری سیاسی دێتەئاراوە بە تایبەتیش لە رووی پابەندبوون بە رێکەوتننامەکان وەکو رێکەوتننامەی هەولێرکە دەوڵەتی یاساو سەرۆکەکەی پێشێلی دەکەن و جاربەجاریش لەژێر گوشاری دیاریکراودا ئاماژەی پێدەکرێن.پەیوەندیی نێوان هەردوو حکومەت بە رێڕەوی یاسایی و سیاسی و ئابووریدا گوزەر دەکات،هەرچی لایەنی یاساییەکەیە ئەوا دەستوورو یاساکان حوکمی دەکەن و جەخت لەسەر بنیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەنەوە بە تایبەتیش چەسپاندنی پرەنسیبەکانی فیدرالییەت لە وڵاتدا، بۆ نموونە یاسای ئەنجوومەنی یەکێتی کە ماوەیەکی زۆرە دەرنەچووە، ئەو یاسایەشە کە دەستەی شەرعی لەسەر بنیاد دەکرێت بەهەردوو باڵیەوە، کە تەنیا ئەنجومەنی نوێنەرانی لێکە وتەوە، بەڵام ئەم ئەنجومەنە چاوی لێ پۆشرا کە هەموو حاڵەتەکانی دابەشکردنی دیموگرافی لەخۆ دەگرێت لەپاڵ گوزارشت کردن لە پێکهاتەکانی عیراق کە دوورتر لە سیستەمی کۆتا کە زۆرینە زیاتر رای خۆی بەسەر کەمینەدا وەك تێڕوانینێکی خۆبەزل زانین دەچەسپێنێت،لە جیاتی ویژدان و یەکسانی نواندن کە ئەوەش تەنیا بە تەواوکردنی ئەنجومەنی یەکێتی دێتەدی.

لەرووی یاساییشەوە ماددەی ١٤٠ی دەستوور هەیە کە جێبەجێکردنی دواخراوەو ناوەڕۆکەکەیشی بەدی نەهاتووە،لەوانە

# ـــانی نێوان هەولێر و بەغدا

ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و دواتر ریفراندۆم،ئەمە وێرای دەیان یاسای دیکە کە لە ئەنجامی کێشمەکێش و ململانێ بەتایبەتیش لەلایەن ئەوەی حکومەت بەڕێوەدەبات و ئەو لیستەی لە پەرلەمان پشتیوانی لێدەکات ئەویش هاوپەیمانی نیشتمانییە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە،ئەو پەیوەندییەی کە دەبێ دابمەزرێت لەسەر بنەمای شەراکەت و هەڵبژاردنی ئیئتلافی نیشتمانی بە سەقەتی ماوەتەوەو دەوڵەتی یاساش سەلماندی کە ئەو تەنیا پابەند دەبێت بەو رێکەوتننامانەو ئەو یاسایانە کە لە بەرژەوەندی ئەودان. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەر کەسێك سەیری بارودۆخەکە بکات بۆی دەردەکەوێت کە ئەوەی لە رێکەوتننامەکەی هەولێر هاتۆتەدی تەنیا ئەو بەشەیە کە لە بەرژەوەندیی لایەکدایە کە گەمەیەکی مەترسیدار پەیڕەودەکات، لایەنی سەربازیش روویەکی دیکەی ململانێی سیاسییە،کە جووڵەی سەربازی ئەنجام دەدرێت دوور لە چاوی سەرۆکایەتی ئەرکان (بۆ زانیاریش سەرۆکی ئەرکانیش کوردە) هەروەها ئەو جووڵەسەربازییانەش بە هێزێك بەڕێوە دەچن کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستوور و دوور لە شێوازی کارکردن بە شەراکەت و رێکەوتنی نیشتمانی لایەنەکان پێکهاتووە. مەترسیدارترین ئەو رەفتارانەش پێکهاتنی هێزەکانی دیجلە بوو،کە بە ئاشکرا بە فەرمان و راسپاردەی خودی بەڕێز مالکی پێکهاتوون کە بەدەرن لە سیستەمی پێکهاتەی سوپای نیشتمانی عیراقی و فەرماندەییە گشتییەکەی، ئەویش بە بیانووی پاراستنی سنوورەکان بە رووی دزەکردنی تیرۆرستان لەلای سوریاوەوە، بێ ئەوەی راوێژ بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێت.

لایەنە ئابووریەکەی، پێویست بەوە دەکات بوودجەیەکی دارایی نیشتمانی عیراقی بێتەئاراوە کە بەشی هەرێمی بێ کەم و زیاد تێدا بێت بەپێی رێکەوتننامەو ئامارەکان،هەروەها قەرەبووی زیانلێکەوتووانی تاوانەکانی رژێمی پێشوو بکرێتەوە،ئەو گوندو ئاواییانەی کاول و خاپوور بوونە ئاوەدان بکرێنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە حکومەتی ئیتیحادی ئەو پەڕی رەفتاری نێگەتیفانە پیادە دەکات کاتێك بەشە بوودجەی هەرێم کەم دەکاتەوەو و قەرەبووی ئەنفالکراوان پشتگوێ دەخات وەك بڵێیت سیاسەتی گەمارۆی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات!

دیارە بابەتی هەڵوێست وەرگرتن لە هەمبەر ئەو کۆمپانیانەی کە لە هەرێم کاردەکەن باشترین بەڵگەیە بۆ ئاماژەکردن بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت کە بواری گرێبەستیان بۆ رەخساوە تا لە کوردستان کاربکەن،بەڵام ئەمە بەدڵی سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی بۆکاروباری وزە نەبوو، کە هەموو جارێك گرفت و ئاستەنگ دەخاتەڕوو وەکو کارتێکی سیاسی بەرامبەر بە هەرێم.

بەڵام کێشەکەی ئابووری تەنیا لە ستراتیجیەتی پەیوەندیی نەوت و سامانەکاندا نییە، بەڵکو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەرفەتی وەبەرهێنان لە کوردستان بۆ بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری لە چاو ناوچەکانی دیکەی عیراق،لێرەدا کێشەکە دەچێتە خانەی بوودجەی گشتییەوە کە پێویست بە هەڵوێستێکی تازە دەکات لە بواری کێبڕکێ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە وێرای ئەو بوودجەیەی نزیکەی ٧٠٠ ملیار دینار دەبێت حکومەتی بەغدا نەیتوانیوە هەنگاوێك بۆ ئاوەدانی وڵات بهاوێژێت تەنانەت گەندەڵی و بە تاڵان بردنی سامانی عیراق بووەتە پیشەیەکی دیاری دەسەڵاتدارانی بەغدا.

ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کوردستانی و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدەن هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ تاکو لەبەرژەوەندیی ئاوەدانکردنەوەی سەرجەم وڵاتدا بێت،بەڵام حکومەتی ناوەند بۆ پەکخستنی رێڕەوی ئاوەدانی و بنیادنان هەوڵی دا پیلانی ئابووری بەکاربهێنێت هەرچەندە تێیدا سەرکەوتوونابێت، بەڵام لە پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی تووشی شکست هاتووە.

ئەو وتارە چەواشەکاریانەی کە دەرحەق کوردستان بڵاودەکرێنەوە، هەرگیز ناتوانن رووی راستییەکان بشارنەوە بە ئاراستەی پلانی پەرەپێدان،ئەوان دەیانەوێت میللەت بگەوجێنن، بەڵام وا پێویست دەکات کە هەموو هاوڵاتییەکی عیراقی بگاتە ئەو راستییەی کە تواناکانی هەرێمی کوردستان لە بواری بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی گرفت و ئاریشەکانی ئابووری زۆر بەرزن بە بەراورد لەگەڵ پلانەکانی بەغدا کە لای هەمووان ئاشکرایە هەرێم بوودجەکەی زۆر کەمتریشە لەبەرامبەر ئەو بوودجە خەیاڵییەی بەغدا کە نازانرێت چۆن و لەچیدا خەرج دەکرێت.

من لەم خوێندنەوەیەمدا بۆ رەوشەکە لە عیراق دەتوانم پەنجە بخەمە سەر هەندێ هۆکار لە رەوتی پەیوەندییەکان کە خۆیان لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- لە رووی دەستووری و یاساییەوە، دەبوایە هەموو دامەزراوە دەستوورییەکان بە تایبەتی هەموارکردن و دەرکردنی یاساکانی ئەنجومەنی ئیتیحاد تەواو بکرابایە.

٢- لە رووی سیاسییەوە پێویست بوو رێز لە رێکەوتننامە ئیمزاکراوەکان بگیرابایە تاکو متمانە لە نێوان لایەنەکان بگەڕێتەوەو ئەوانەش سزا بدرێن کە هۆکاری راگرتن و جێبەجێ نەکردنیانن،دیسان بنیادنانەوەی سوپای نیشتمانی عیراق بە پێی دەستوورو لەبەرچاوگرتنی رۆڵی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی نیشتمانی لە عیراقدا لەگەڵ دابین کردنی بوودجەی تایبەتی و پێداویستییەکانی دیکە.

٣- لە رووی ئابوورییەوە پێویستە چارەسەری گونجاووسەرکەوتوو لەگەڵ کوردستاندابنرێن لەسەربنەمای هاوکوفی و تەواوکاری و دابین کردنی بەشە بوودجە و چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستییە نەوتییەکان،بۆیە ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیە کە نابێت پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی کەسایەتییەکاندا چڕبکرێنەوە بەڵکو پێویستە بەسەر هەموو گرفتەکاندا بازدەین، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەرێمی کوردستانیش بێ کەموکوڕییە، بەڵام هەنگاوەکانی بەرەو بووژاندنەوەو پەرەپێدان هەردەم لە بەرژەوەندیی بیناکردنی دیموکراتییەت و کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانەو مەدەنیدایە.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا بە درێژایی مێژوو سیاسەتێکی شۆڤینیانەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی عیراقی و بنیادنەری دەوڵەتی تازە پەیڕەو کردووە**

**ئەو وتارە چەواشەکاریانەی کە دەرحەق کوردستان بڵاودەکرێنەوە، هەرگیز ناتوانن رووی راستییەکان بشارنەوە کە بزاڤی پەرەپێدان لە هەرێمدا هەر بەردەوامە**

# چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر نەخشەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوونی نەما

**ئۆباما ناتوانێت کارێکی زۆریش لەبارەی سوریاوە بکات. زۆربەی ئەمەریکیەکان-ئەوانەی بایەخ و گرنگی بە سوریا دەدەن- و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس پتر نیگەرانن لەبارەی ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە وەك لەوەی نیگەران بن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ئەسەدەوە. کەسانی دیکەی ئەمەریکا کە بایەخ بە دۆخی مرۆیی دەدەن ئەوە خوازیاری هاوکاریکردنی یاخیبوانن، بەڵام ژمارەیان کەمە**



چەیم کۆفمان*

تایبەت بۆ گوڵان نوووسیویەتی

پێدەچێت دەستەبەکاربوونی وەزیری نوێی دەرەوە و دەستپێکردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی لە ساتەوەختێکی مەترسیداردا بێ بۆ پێشبینی کردن لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە. بەڵام ئەمە پرسێکی گرنگە و فشارە سەرەکییەکانی سەر ئیدارەکەش ڕوون و ئاشکران.

**ئیفلیجبوون لە ناوخۆدا**

شتێکی ئاساییە بۆ سەرۆکەکانی ئەمەریکا کە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیاندا هەوڵێکی زیاتر- بە بەراورد بە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیان- بخەنەگەڕ لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١. هۆکارە لاوەکییەکە، ئەوەیە کە زۆرێك لە سەرۆکەکان- پێش ئەوەی ببنە سەرۆك- ئەزمونێکی کەمیان هەیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، ئەمە بۆ کلینتۆن و بۆش ڕاست بوو، هەروەها بۆ ئۆباماش ڕاستە.

٢. هۆکارەکەی دووەم کە گرنگترە بریتییە لەوەی بە زۆری سەرۆکەکان لە خولی دووەمدا ئاوڕ لە سیاسەتی دەرەوە دەدەنەوە، چونکە هەر ئەو پرسەیان بۆ جێماوە. لە بواری سیاسەتی ناوخۆدا بێ ڕەزامەندی کۆنگرێس، دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە سفر نزیك دەبێتەوە، و هەرچەندە کە یەکەمجار هەڵدەبژێردرێن، بە گوڕ و تین و کاریگەرییەکی سیاسی زۆرەوە دەست بەکار دەکەن، بەڵام ئەمە بە خێرایی خاودەبێتەوە( بە دڵنیاییەوە، ئۆباما هەرگیز بەم شێوەیە دەستی پێنەکرد). لەبەر ئەوە ڕوودەکەنە سیاسەتی دەرەوە کە- بەهۆی فەرماندەییکردنی سوپا و کۆنترۆڵکردنی دەزگا بیرۆکراسیەکانی وەك وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسە هەواڵگریەکان- هێشتا دەسەڵاتیان ماوە و ئەتوانن ڕاستەوخۆ بەکاری بهێنن.

ڕەنگە خولی دووەم سەرۆکایەتیی ئۆباما ئەم ڕێچکەیە نەگرێت، نەك لەبەر ئەوەی بە بەراورد بە ڕابردوو کارێکی کەمتری لەدەست دێت لە ناوخۆدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی قەیرانی ناوخۆیی- وڵاتەکە- زۆر سەختە. کێشەی سەرەکی ئەو بریتی بوو لە جەمسەرگیری حزبی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی ئەمەریکادا، کە ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە توندترە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆوە کە زیاتر لە ١٤٠ پێش ئێستا ڕوویدا. بێتوانایی هەردوو پارتەکە لە هاوکاریکردنی یەکتر تەنانەت لە کێشە بنەڕەتیەکاندا سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی تەمموزی ٢٠١١، ئەو ڕۆژەی ئەمەریکا دواکەوت لە دانەوەی قەرزەکانی. ئەم قەیرانە چارەسەرنەکرا، بەڵکو تەنها دووبارە دواخرا- دەقا و دەق- دواخرایەوە- بۆ کانونی یەکەمی ساڵی٢٠١٢. لە دوا ساتدا جارێکی دیکە قەیرانەکە دواخرا، بۆ ئازاری ئەم ساڵ. ئەگەر ئەم جارە دواخرا لەبری ئەوەی چارەسەر بکرێت، ئەوا ئەم قەیرانە هەر سێ مانگ جارێك ڕوودەداتەوە. ( بەشێکی کێشەکە یاسایەکی سەیرە پێی دەووترێت» سەقفی قەرز»، کە ئەم یاسایە دەڵێت تەنانەت دوای ڕەزامەندی و ڕێگەدانی کۆنگرێس بە خەرجکردن، حکومەت ناتوانێت ئیلیتیزاماتی پەیوەست بە خەرجیەکان ئەنجام بدات، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کۆنگرێس مۆڵەتی یەکە بە یەکەیان دەدات.)



٤٠ ژمارە (٩١٥) ■ ٢٠١٣/٢/٤

ئەم قەیرانە بەردەوام و ئیفلیجکەرە نزیکەی هەمو گوڕ و تینی ئیدارەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردەوە، و بۆی هەیە بۆ ئەوە ماوەیەش بەردەوام بێت کە ئۆباما لە سەرۆکایەتیدا دەمێنێتەوە. بەلەرچاوگرتنی ئەو سیستمە سەرەتاییەی کە پارتەکان بەکاری دەهێنن بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانیان، ئەوا هیچ ئەگەرێکی شەراکەتێکی بچوککراوە لە ئارادا نییە. هەروەها دیموکراتەکانیش ناتوانن ئەم بە بنبەستگەیشتنە چارەسەر بکەن، ئەگەر هاتوو کۆنترۆڵی تەواوی کۆنگرێسیان کرد لە ساڵی ٢٠١٤دا. سنوورکێشانی موقاتەعەکان بۆ —مەبەستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ٢٠١٢دا لە بنەڕەتدا زەمانەتی کۆنترۆڵی بەردەوامی کۆماریەکان دەکات بۆ ئەم ئەنجومەنە بەلای کەمەوە تا ئەو کاتەی دووبارە سنووری ئەم موقاتەعانە دەکێشرێنەوە، کە ئەوەش تاوەکو ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجام نادرێت.

ئەگەر کۆماریەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٦ ببەنەوە، ئەوا ئەکرێت حکومەتێکی یەکگرتو لێ بەرهەم بێت، بەڵام هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی ئەمە بەم زووانە ڕووبدات.

**وزەلێبڕان و وشکبوونی بیرۆکە لە بواری دەرەوەدا**

تەنانەت ئەگەر ئۆباما هەل و بایەخپێدانی سیاسی هەبێت بۆ بواری سیاسەتی دەرەوە، ئەوا دەرفەتگەلێکی کەمی لەبەردەمدایە، و ئەوەی تایبەت بێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا هیچ دەرفەتێکی لە پێش نییە.

وەزیری نوێی دەرەوە گۆڕانکاریەك بەسەر ئەمەدا ناهێنێت. جۆن کێری پاڵەوانی جەنگی ڤێتنام بوو کە میدالیای پێبەخشرابوو، بەڵام دواتر بووە ووتەبێژی سەرەکی جەنگاوەرە دێرینەکانی شەڕی ڤێتنام کە بەرهەڵستی شەڕەکەیان دەکرد و دژی بوون. هەروەها بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ سیناتۆری ئەمەریکی بوو، ئەو دژی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی نهێنی بوو بۆ ڕوخانی ڕژێمی چەپ لە نیکاراگوا لە ساڵانی هەشتاکاندا، دژی جەنگی یەکەمی کەنداو بوو، پشتیوانی لە جەنگی دووەمی کەنداو کرد ( کە دواتر لێی پاشگەز بۆوە)، و لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٤دا دۆڕا، بەشێکی دۆڕانەکەشی پەیوەندی بەوە هەبوو کە وا دەرکەوت ئامادەییەکی کەمتری هەیە بۆ گرتنبەری هەڵوێستێکی توند لە «شەڕی دژ بە تیرۆر»دا. بە گشتی، ئەکرێت پێشبینی ئەوەی لێبکرێت کە ئەو تەفزیلی ئەوە بکات ئەمەریکا سیاسەتێك بگرێتەبەر لە بواری دەرەوەدا کە کەمتر بە سەربازی کرابێت و پتر مامەڵە لەگەڵ ڕژێم و بەرهەڵستکارە نوێیەکانی جیهانی عەرەبدا بکات.

ڕەنگە بەهۆی سەرقاڵبوونی تەواوی ئۆباماوە بە قەیرانی ناوخۆییەوە کێری ئازادیەکی زیاتری هەبێت لەوەی دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان هەیانە. بەڵام ڕەنگە ئەمە بە مانای ئەوەش بێت کە هیچ هێزێکی نییە. جۆن کیری ئەتوانێت هەر شتێك بڵێت کە بیەوێت، بەڵام هیچ دەستپێشخەریەك ناکات کە پێویستی بە بەکارهێنانی جیددی هێزی ئەمەریکا بێت یان مەترسی سیاسی و ئابووری لێبکەوێتەوە. ئۆباما پێی خۆش نییە بەو شێوەیە لە مێژوودا باسی بکرێت کە لە هیچ شتێکدا هاوشێوەی جۆرج دەبلیو بۆش هەنگاوی هەڵگرتبێت، بەڵام دەبێتە دووەم سەرۆکی ئەمەریکا- بە دوای یەکدا- کە هیچ هەوڵێکی جیددی نەخستبێتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستنیەکاندا.

ئەو ناتوانێت ئەم کارە بکات. چونکە هەر لەو کاتەوە کە ئارێیل شارۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لە غەززە کشایەوە و ئەم کشانەوەیەش سەریکێشا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە لەلایەن حەمماس و کۆتایی نەهاتنی مووشەکبارانکردن- گرنگ نییە کە هەندێ لەو ڕۆکێتانە هیچ ناپێکن و زۆربەیان لەلایەن توندڕەوەکانەوە هەڵدەدرێن کە حەمماس هەوڵی سەرکوتکردنی داون-ئەوا پشتیوانیکردنی ئیسرائیلیەکان بۆ گفتوگۆکردن یان ڕووبەڕبوونەوەی نیشتەجێبووە توندڕەوەکانی خۆیان داکشاوە. هەڵبژاردنی هەفتەی ڕابردوو بە ڕاددەیەك کەمی کۆنترۆڵکردنی کنێستی لەلایەن توندڕەوەکانەوە کەمکردەوە، بەڵام ئەمە بەس نەبوو بۆ کەمکردنەوەی کۆنترۆڵکردنی توندڕەوەکان بۆ سیاسەتی حکومەت لە ئاست فەلەستینیەکاندا.

ئەمەریکا ناتوانێت ئسرائیلیەکان ناچار بکات، بەڵام دەتوانێت هەڕەشەی بڕینی کۆمەکە داراییەکانی لێبکات، ئەویش لەبەر سێ هۆکار. هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکی خواستێکی سیاسی لەم شێوەیەی نییە. سەرۆکەکانیش بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی ئەم مەسەلەیە ناکەن، بەڵکو ئەمە لەدەست کۆنگرێسدایە. هەروەها ئابووری ئیسرائیل گەشەی کردووە کە هاوشان نەبووە بە گەورەبوونی ئەم کۆمەکە، بە چەشنێك ئەم کۆمەکە گرنگی نەماوە، و یەکسان نییە بە زیاتر لە١٪ی تێکڕای داهاتی ئیسرائیل.

هەروەها ئۆباما ناتوانێت کارێکی زۆریش لەبارەی سوریاوە بکات. زۆربەی ئەمەریکیەکان-ئەوانەی بایەخ و گرنگی بە سوریا دەدەن- و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس پتر نیگەرانن لەبارەی ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە وەك لەوەی نیگەران بن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ئەسەدەوە. کەسانی دیکەی ئەمەریکا کە بایەخ بە دۆخی مرۆیی دەدەن خوازیاری هاوکاریکردنی یاخیبوانن، بەڵام ژمارەیان کەمە. لە ڕاستیدا —و بە شێوەیەکی گشتی- ئەو کەسانەی گرنگی بە دۆخە مرۆییەکە دەدەن نوێنەرایەتیەکی زیاتریان هەیە لە کۆشکی سپیدا -هیلاری کلینتۆن هاوسۆزە، ڕەنگە جۆن کیریش هاوسۆز بێت- بەڵام ئۆباما یەکێك نییە لەوان و سەرکێشی ناکات بۆ ڕازیکردنیان. هەوڵەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا بۆ هاوکاریکردنی یاخیبوە عەلمانی و «مۆدێرن»ەکان بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەن بە مەبەستی دورخستنەوەی ئیسلامیەکان، ئامانج لێی کردنەوەی ڕێگایەك بوو بۆ-بەلای کەمەوە- هاوکاریکردنێکی زیاتری ئەمەریکا، ئەورووپا و تورکیا، بەڵام لە واشنتۆندا کۆدەنگیەك هەیە کە ئەمە شکستی هێناوە. لەبەر ئەوەی ڕەوتی ڕوداوەکان لە سوریادا بەردەوامن، ئەوا ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین هەنگاوی داهاتووی ئەمەریکا چی دەبێت، بەڵام لە ئێستا هیچ کارێك ناکات.

**جۆن کیری ئەتوانێت هەر شتێک بڵێت کە بیەوێت، بەڵام هیچ دەستپێشخەریەک ناکات کە پێویستی بە بەکارهێنانی جیددی هێزی ئەمەریکا بێت یان مەترسی سیاسی و ئابووری لێبکەوێتەوە**

**پێدەچێت دەستەبەکاربوونی وەزیری نوێی دەرەوە و دەستپێکردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی لە ساتەوەختێکی مەترسیداردا بێ بۆ پێشبینی کردن لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە**



ژمارە (٩١٥) ■ ٢٠١٣/٢/٤ ٤١

# گرفتاری و گیرخواردنی کوردەکانی سووریا و ئەمەریکا

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



لە هیچ قۆناغێکدا ئەم ئیدارەیە بیرۆکەی ئەوەی نەبووە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا بکات، یاخود لەگەڵ « شەڕی دژ بە تیرۆر»دا، جگە لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفرۆکەوان لەبری هێزی سەربازی تەقلیدی و هەواڵگری و تێوەگلانێکی سیاسی جیددی. هەروەها لەبەر ئەوەی هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان شەرعیەتی ئەمەریکا کەم دەکاتەوە، ئەوا ئەگەر ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا جیددی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمە نوێیەکان، یاخود بەرهەڵستکارەکان کە هێشتا لە هەوڵی چاکسازیکردن یان گۆڕینی ڕژێمە کۆنەکاندان، ئەوا دەستڕۆیشتوییەکی کەمی دەبێت بە بەراورد بە ساڵێك پێش ئێستا، یاخود تەنانەت بەراورد بە ئێستاش.

لەبارەی ئێرانەوە هەمان سیاسەتی ئێستا دەگرنەبەر، کە سیاسەتێکە دژبەیەکە، لەبەر ئەوەی باجە سیاسییەکەی هەر هەنگاوێك بە ئاڕاستەی نەرم یان زبردا باجێکی گران ڕادەوەستێت.

**شەکەت بوون**

ڕای گشتی ئەمەریکا، بە چەشنی ئۆباما، و بایدنی جێگری سەرۆك، جۆن کیری وەزیری دەرەوە و کەسە سەرەکیەکانی دیکەی ئیدارەکە، لە عێراق و ئەفغانستان بیزار بوونە. ئەگەرچی ڕژێمەکەی کارزای متمانەی جارانی نەماوە کە دەتوانێت بێ پشتیوانی ئەمەریکا بەردەوام بێت، ئەوا لەبری ئەوەی بە ئەمەریکا بڵێت چیتر بێزاری مەکەن بە باسکردنی چاکسازی، دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا هێزە شەڕکەرەکانی نەکشێنێتەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤. بەڵام ئەوان ئەمە بەدەست ناهێنن. بۆی هەیە بارودۆخەکە بەرەو خراپبوون بچێت و لە ناوخۆشدا ئۆباڵ بخرێتە ئەستۆی ئەمەریکا، بەڵام هێزی زیاتری ناهێنن- یاخود هێزی زیاتر ناهێڵنەوە (یاخود دارایی زیاتر دابین ناکەن)، نەك تەنها ئەوە دەکەن کە نایانەوێت، ئەوا ڕەنگە پشتیوانی سیاسی پارتەکەی خۆشیان بەدەست نەهێنن.

عێراق، دوایین گرنگی پێدانیان دەبێت، لەبەر ئەوەی تەنانەت بوونی نییە لە لیستی بایەخپێدانەکاندا. بە هیچ شێوەیەك لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکادا بوونی نییە. و هیچ کەسێك، جگە لە چەند شارەزایەکی کەمی ئیقلیمی، خوازیاری دووبارە گرنگی پێدانەوەیان نییە. ئەگەر لە ئێستادا ناوی عێراق بهێنێت لەبەردەم دەنگدەرێکی ئەمەریکیدا- یان کۆنگرێسمان یان سیناتۆرێکدا- یەکەم بیرکردنەوەیان بریتی دەبێت لەوەی «ئەمە ئەفغانستانم بیردەخاتەوە، و منیش نامەوێت بیری لێبکەمەوە.» لە ئێستادا بایەخ نەدان بە عێراق بە ئەندازەیەکە کە زەحمەتە بزانین دەکرێت چی لە عێراقدا ڕووبدات، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە ئێران هەوڵبدات ئەم وڵاتە بخاتە سەر سنووری خۆی، ئەمە واشنتۆن وا لێدەکات گرنگی و بایەخی پێبدات.

زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس پتر نیگەرانن لەبارەی ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە وەک لەوەی نیگەران بن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ئەسەدەوە

ئۆباما ئەگەر هەل و بایەخپێدانی سیاسی هەبێت بۆ بواری سیاسەتی دەرەوە، ئەوا دەرفەتگەلێکی کەمی لەبەردەمدایە، و ئەوەی تایبەت بێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا هیچ دەرفەتێکی لە پێش نییە

---

* ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی لیهای (Lehigh)، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە کاتێکدا کە ڕەوشی ئەمنی سووریا لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچێت، دانیشتووانی کوردی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی هەندێك بڕیاری سەخت و زۆرجار ناهەموار دەبنەوە. بە زۆری، کوردەکانی سووریا هەوڵیانداوە لە پەراوێزی شەڕەکەدا بن. کاتێکیش تێوەگلاون، بۆ ئەوە بووە کە ڕێگە نەدرێت پشێوی باڵ بەسەر ئەو ناوچانەدا بکێشێت کە ئەوان تیایاندا زۆرینەن. ئەمەش سەری کێشا بۆ پێکهێنانی هێزگەلێکی بەرگری لەخۆکردن بۆ پاراستنی شارۆچکەو گوندە کوردییەکان.

لەگەڵ چڕبوونەوەی شەڕەکەدا، کوردەکانی سووریا بۆ خاتری پاراستنی ئەم هاوسەنگییە زیاتر دوچاری دژواری بوونەوە، هاوسەنگی بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان لە تێوەگلان بە شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەت و هێزە یاخیبووەکان لابدەن. وتارێك کە لە ٢٢ی کانونی دووەمدا لە نیویۆرك تایمز بڵاوبۆوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زیاتری کوردەکان پێوەندی بە هێزە یاخیبووەکانەوە دەکەن بۆ ئەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێنن. پەیامنێرەکەی تایمز باس لەوە دەکات کە «سەدان» جەنگاوەری کورد پێوەندییان بە سوپای سووری ئازادی یاخیبۆوە کردووە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەیان هەزار کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەژین کە توانای شەڕکردنیان هەیە، ئەوا ئەمە ڕێژەیەکی گەورەو گرنگ نییە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕۆژەی ئەم چیرۆکەی تایمز بڵاوبۆوە، ئاژانسی ڕۆیتەرز هەواڵی پێکدادانی خوێناوی نێوان گرووپە چەکدارە کوردییەکان و جەنگاوەرە یاخیبووەکانی بڵاوکردەوە، ئەم پێکدادانانەش لە هەفتەی ڕابردوودا ڕوویانداوە و بەلای کەمەوە بوونە هۆی کوژرانی ٥٦ کەس. تەنانەت هێزە یاخیبووەکان تانك و هاوەنیان دژی کوردە ڕکابەرەکانیان بەکارهێنا.

هیچ هۆکارێك نییە وا لە کوردەکانی سووریا بکات ئەسەدیان خۆشبوێت. لە ماوەی حکومڕانیەتەکەی -بەشار- و باوکیدا، حکومەتەکەی دیمەشق چەندەها کاری سەرکوتکردن و کاری دڕندانەی زەقی دەرهەق بە کورد ئەنجامداوە. بەڵام عەرەبە سوننەکان، کە پشتیوانییەکی بەهێزیان لێدەکرێت لەلایەن سعودیەو تورکیاوە، باڵادەستن بەسەر یاخیبوونەکەدا. زۆربەی پشتیوانیەکەی ئەسەدیش لە ناوخۆوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش لە تائیفەی عەلەویەکانەوە، هاوشان بە پشتیوانی هەندێك لە مەسیحی و درووز. لەبەر ئەوەی هەموو ئەم گرووپانە نیگەرانن لە سەپاندنی دیکتاتۆرێکی عەرەبی سوننە ئەگەر هاتوو یاخیبووەکان سەرکەوتن.

لە ڕاستیدا هیچ لایەك لەم دوولایەنە جێی سەرنجڕاکێشانی کوردەکان نین. ڕژێمی ئەسەد ڕژێمێکی ناسراوەو سەلماندویەتی کە دۆستی بەرژەوەندییەکانی کورد نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە سوپای ئازادی سوریا خراپتر بێت. نەك تەنیا باڵادەستبوونی زیاتری ئیسلامیەکان (لە نێویاندا شەڕکەرە دەرەکیەکان کە هاتوونەتە ناو سووریاوە) بەسەر سوپای سووری ئازاددا، بەڵکو پشتیوانی گەرموگوڕی ڕیازو ئەنقەرەش بۆ بزووتنەوەی یاخیبوون، کوردەکانی نیگەران کردووە. هەرگیز سعودیە دۆستی کورد نەبووە لە هیچ جێیەك، و تورکیاش دۆست نەبووە. ئاشکرایە سەرهەڵدانی ڕژێمێکی نوێ کە سوونەکان باڵادەستبن بەسەریدا و قەرزارباری ڕیاز و ئەنقەرە بن، لە بەرژەوەندی کوردەکاندا نابێت کە مەیلێکی پتر عەلمانیان هەیەو چاویان لە ئۆتۆنۆمیە.

واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ دووچاری تەنگژەیەك بوونەوە بەهۆی ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆیی سووریا لەسەر کوردەکان. شاردراوە نییە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا خوازیاری ڕووخانی ئەسەدن. نەك تەنیا لەبەر ئەوەی حکومڕانێکی خوێنڕێژە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێرانە، و هێزەکانی ناتۆ لە هەوڵی لاوازکردن و گۆشەگیرکردنی زیاتری تەهراندان.

هەرچۆنێك بێت، سیاسەتدارێژەرانی ئەمەریکاش نیگەرانن لەبارەی ئیختیراقکردنی ئیسلامیەکانەوە بۆ بزووتنەوەی یاخیبوونی -سووریا-. زۆرێك لە سیاسیە دیارەکان لە ئەمەریکا درك بەوە دەکەن کە لە نێو تێکڕای دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردەکان، ئیتر لە عێراق بێت، یان سووریا یان تورکیا لە هەموویان زیاتر پرۆ ڕۆژئاوایی (و بە تایبەتی پرۆ ئەمەریکایین). ئەگەر دوچاری دڕندەیی و کاولکاری ببنەوە لەسەر دەستی سوپای سوری ئازادی پشتیوانیکراو لەلایەن ئەمەریکاوە، ئەوا واشنتۆن خۆی لە دۆخێکی نەگونجاودا دەبینێتەوە.

لە کاتێکدا کە پێدەچێت کە زیاتر و زیاتر پاراستنی ئەم هاوسەنگییە لەلایەن کوردەکانی سووریاوە قورستر بێت، ئەوا پێویستە ئیدارەی ئۆباما بڕیارێکی قورس بدات لە چەند مانگی کەمی داهاتوودا. —ئەمەریکا وەك ڕێگاچارەی یەکەم- دەتوانێت بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی یاخیبوونەکان کە حاڵی حازر زۆربەی هاوکارییەکانی لە تورکیای هاوپەیمانی واشنتۆنەوە وەردەگرێت کە لە هەمان کاتدا ئەندامی ناتۆیە. بەڵام ئەم ڕێڕەوە نەك هەر تەنیا سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی حکومەتێکی نوێی سوریا کە نەك هەر تەنیا دۆست نابێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بەڵکو کوردەکانیش سەرکوت دەکات کە پرۆ ڕۆژئاواییـن. ڕێگاچارەی دووەم بریتیە لە پشتیوانیکردن لە خەونی کوردی سووریا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، بەڵام ئەم هەنگاوە تورکیا تووڕە دەکات( هەروەها ڕیازیش)، بەمەش مەترسی دروست دەبێت لەسەر پشتیوانی کردنی ئەم حکومەتانە- ئەنقەرە و ڕیاز- بۆ ئامانجەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوایین ڕێگاچارە بریتی دەبێت لە گرتنبەری هەڵوێستی ئەوپەڕی بێلایەنی، بەڵام حاڵی حازر واشنتۆن ئەوەندە قووڵ تێوەگلاوە لە ناکۆکی ناوخۆیی سووریادا کە قورسە هەڵوێستی بێلایەنی بگیرێتەبەر و جێبەجێ بکرێت. لە هەر حاڵەتێکدا، لە خراپتربوونی ڕەوشی ئەمنی سووریادا فشارەکانی سەر ئەمەریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی کوردەکاندا زیاتر دەبن.

**حاڵی حازر واشنتۆن ئەوەندە قووڵ تێوەگلاوە لە ناکۆکی ناوخۆیی سووریادا کە قورسە هەڵوێستی بێلایەنی بگیرێتەبەرو جێبەجێ بکرێت. لە هەر حاڵەتێکدا، لە خراپتربوونی ڕەوشی ئەمنی سووریادا فشارەکانی سەر ئەمەریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی کوردەکاندا زیاتر دەبن**

---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست) و (گۆڤاری گوڵان).**